Institutional Regulatory Framework and Strategic Policies

Soran University is steadfast in its commitment to academic excellence, administrative efficiency, and transparency. To support this vision, the Steering Committee for Strategic Plan Implementation (SCSP) has established a comprehensive regulatory framework designed to streamline institutional workflows, standardize administrative practices, and elevate overall quality across all university operations. At the heart of this governance structure are several key policy frameworks:

- **Policy for the Preparation and Development of Policies:** This foundational framework dictates how institutional guidelines, policies, and operational procedures are systematically drafted, critically reviewed, formally amended, and approved to remain in harmony with Soran University's core mission and values.
- **Departmental Advisory Council Policy for Academic Programs:** This policy formalizes the creation of specialized advisory boards for academic programs, ensuring that course curricula consistently align with modern labor market demands, rigorous national quality standards, and overarching educational objectives.
- **Awarding Postgraduate Degrees and Conducting Postgraduate Thesis Defenses (Master's and PhD):** Providing a structured pathway for postgraduate education, this framework outlines the critical procedures and administrative milestones for Diploma, Master's, and Doctorate programs—covering everything from thesis preparation and intermediate evaluations to final defense reviews and degree conferral.
- **Student Dormitory Policy:** Dedicated to fostering a secure, healthy, and disciplined environment, this code defines the rights, responsibilities, and behavioral expectations of students across all university housing and campus grounds.
- **Institutional Accreditation (IAC) and Steering Committee for Quality Assurance Policies:** These guidelines establish robust internal mechanisms for institutional accreditation, detailed self-study reporting, ongoing capacity building, and continuous quality enhancement, operating in full compliance with the Kurdistan Commission for Accreditation and Academic Evaluation (KAAE).
- **Steering Committee for strategic plan:** To coordinate development, implementation, monitoring and review of the university strategic plan, translating its objectives into faculty and departmental action plans with clear responsibilities, indicators, timelines, resource requirements and risk responses**.**
- **Student Information System (SIS) Policy:** Operating under the semester and ECTS (European Credit Transfer and Accumulation System) framework, this Policy establishes clear, standard operating procedures for scientific departments, academic staff, and students regarding module registration, attendance monitoring, grade management, and examination enrollment.

Note:

Over 50 additional policies are planned for release during the 2027–2028 academic years.

هەرێمی کوردستان- عیراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتیی زانکۆی سۆران
نووسینگەی پەیوەندیەکان
ئۆفیسی لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی

بۆ/ بەڕێز سەرۆکی زانکۆ

بابەت :پەیوەو

سڵاو و ڕێز

هاوپێچ لە گەڵ نووسراوماندا وێنەیەک لە پەیوەوی ئامادەکردن و پەرەپێدانی پەیوەوەکان بۆتان ڕەوانە دەکەین، تکایە لە پەسندکردنی ئاگادارمان بکەنەوە

نووسینگ
بۆ نەخوەدن
٢٠٢٦/١/١٧

پ.ی.د. ڕزگار سعید حسێن

سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی

هەرێمی کوردستان- عیراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران
ئۆفیسی لێژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی

ناوی پەیڕەو: پەیڕەوی ئامادەکردن و پەرەپێدانی پەیڕەوەکان

لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی (SCSP)
Steering Committee for Strategic Plan

- ئۆفیسی پەیوەندیدار: SUPO،DQA
- زنجیرەی پەیڕەو: ٥
- وەشانی ژمارە: ٦
- ڕێکەوتی وەشان:
- ڕێکەوتی بڵاوکرنەوەی سەرەکی:

ئیمێل: su.supo@soran.edu.iq
ماڵپەر: supo.soran.edu

مەبەستی پەیڕەو

ئەم پەیڕەوە بە مەبەستی دروستکردنی چوارچێوەیەک بۆ ئامادەکردن و پەرەپێدانی پەیڕەوەکان لە زانکۆی سۆران دارێژراوە. ئەم پەیڕەوە ڕێوشوێنەکانی دارشتن، پێداچوونەوە و هەموارکردنەوەی پەیڕەوەکان دیاری دەکات و دڵنیایی دەدات کە ڕوون و گونجاو و هاوتەرێن لەگەڵ ئامانج و بەهاکانی زانکۆ. ئامانجی سەرەکی ئەم پەیڕەوە بریتییە لە دیاریکردنی بنەما و ڕێنمایی پێویست سەبارەت بە پرۆسەی دارشتنی پەیڕەوەکان و پەرەپێدانی شەفافیەت و بەرپرسیارێتی و دروستکردنی پەیوەندی کارێگەر لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.

نووسینگەی بەڕێس

ئۆفیسی پلانی ستراتیژی و لێژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی **(SCSP)** بەرپرسن لە پاراستن و هەموارکردنەوەی ئەم پەیڕەوە. ئۆفیسی بەرپرس چالاکانە کارەکانی بەڕێوە دەبات و دڵنیایی دەدات لە پابەندبوون و چارەسەرکردنی پرسەکانی پەیوەست بەم پەیڕەوە.

بەرپرسی جێبەجێکار

- ئۆفیسی لێژنەی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی **(SCSP)**.

سەربوردەی پەیڕەو

ڕێکەوتی پەسەندکردن:

ڕێکەوتی هەموارکردنەوە:

لایەنی جێبەجێکاری پەیڕەو

ئەم پەیڕەوە بەسەر تەواوی یەکە کارگێڕی و زانستی و ستافی ئەکادیمی و کەسانی تر لە ناو زانکۆ جێبەجێ دەبێت کە بەشدارن لە دارشتن و پەرەپێدان و جێبەجێکردن و پابەندی بە پەیڕەوەکانی زانکۆ. بە واتایەکی تر، ئەم پەیڕەوە پەیوەستە بە تەواوی زانکۆ و دڵنیایی دەدات لەوەی ڕێچکەیەکی دروست و ستاندارد لە مامەڵەکردن لەگەڵ پەیڕەوەکان لە ئاست و قۆناغی جیاواز لە ناو زانکۆ بگیرێتەبەر.

چوارچێوەی پەیڕەو:

پەیڕەوی ئامادەکردن و پەرەپێدانی پەیڕەوەکانی زانکۆ ڕێنمایی و بنەمای پێویست دیاریدەکات بۆ دارشتن و پەسەندکردن و جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی پەیڕەوەکان لە زانکۆی سۆران. هەروەها تەواوی چاوەڕوانییەکان و بەرپرسیارێتیەکان بە ڕوونی دەخاتەڕوو کە دەکەونە سەر ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی بەشدارن لە قۆناغەکانی دارشتن و ئامادەکردنی ئەم پەیڕەوە و بەجێهێنانی شەفافیەت و پەرپرسیاریەتی و هاوتەریبوونی لەگەڵ پەیام و بەهاکانی زانکۆ.

پێناسەکان

پەیرەو: بەڵگەنامەیەکی فەرمییە کە تێیدا تەواوی رێسا و رێنمایی و رێکارەکان لەخۆدەگرێت کە لەلایەن زانکۆوە بۆ چۆنییەتی شێوازی بەڕێوەبردن و کردە و مامەڵەکان لەناو زانکۆدا دیاریکراون.

SCSP: لێژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی.

لایەنە پەیوەندیدارەکان: تاکەکان، بەشەکان و ئەو یەکانەی زانکۆ دەگرێتەوە، کە پەیوەنددارن یانیش بەشدارن لە پەرەپێدان و جێبەجێکردنی پەیرەوەکانی زانکۆ.

قۆناغەکانی دارشتن و ئامادەکردنی پەیرەو: ئەو قۆناغانەی کە پەیرەو پێیاندا تێدەپەڕێت لە دیاریکردنی پێویستییەوە تا دارشتن و پەسەندکردن و جێبەجێکردن و چاودێریکردن و پێداچوونەوەی پەیرەوەکان.

پەیرەو

ا) پەیرەوی ئامادەکردن و پەرەپێدانی پەیرەوەکانی زانکۆ ئەم رێنمایی و بنەمایانەی خوارەوە دیاریدەکات:

١. پێویستە پێویستبوون بە پەیرەوێکی نوێ یانیش پێداچوونەوە بە پەیرەوێکی بەرکار بە ڕووی دیاریبکرێت بە پشت بەستن بە پێویستییە ناوخۆییەکان و گۆڕانکاری لە رێنماییەکان، یان پێشنیاز و فیدباکی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٢. بەشداری لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەوانە لێژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی و ئۆفیسی پلانی ستراتیژی کە بەشدارن لە پرۆسەی ئامادەکردن و پەرەپێدانی پەیرەودا.

٣. بەکارهێنانی کلیشە و فۆرمی دیاریکراو بە پەیرەوەکان لە ئەگەری پێشنیازکردن و پێشکەشکردنی ڕەشنووس بۆ هەر پەیرەوێک.

٤. دڵنیابوون لەوەی لە قۆناغی ئامادەکردنی ڕەشنووس بۆ هەر پەیرەوێک، لێکۆڵینەوەی تەواو کراوە و زانیاری وردکۆکراوەتەوە و ڕاوێژی پێویست لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجامدراوە.

٥. هاوبەشپێکردنی ڕەشنووسی پەیرەوەکان لەگەڵ لێژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی بە مەبەستی پێداچوونەوەیەکی گشتی، هەروەها وەڵامدانەوەی هەر سەرنج و ڕاستکردنەوەیەک کە پێشنیازکرابێت.

٦. ناردنی ئەو پەیرەوانەی، کە پێداچوونەوەیان پێداکراوە بۆ لێژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی بۆ جارێکی تر پێداچوونەوە، پاشان ناردنیان بۆ ئەنجومەنی زانکۆ بۆ پەسەندکردنی کۆتایی.

٧. پاراستن و بەردەستبوونی تۆمارێکی ڕوون لەسەر سەربوردەی پەیرەوەکە، کە ژمارەی وەشان، ئامادەکار، پەسەندکردن و هەموارکردنەوەکانی تێدابێت.

٨. ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی هەر دوو ساڵ جارێک بۆ سەرجەم پەیرەوەکانی زانکۆی سۆران بۆ دەرخستنی ئاستی بەکارهێنان و جێبەجێکردنی پەیرەوەکان. بۆ ئەمە، پێویستە فیدباک لە یەکە و بەش و لایەنە پەیوەندیدارەکان وەربگیرێت و بەکاربێت بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی پەیرەوەکان بە پێی میکانیزمی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی هەر پەیرەوێک.

ب) پەیرەوی ئامادەکردن و پەرەپێدانی پەیرەوەکانی زانکۆ ئەم هەنگاو و قۆناغانەی خوارەوە دیاریدەکات:

١. دیاریکردنی پێویستی هەبوونی پەیرەو:

- یەکەکانی زانکۆ یان ئۆفیسی پلانی ستراتیژی پێویستی بە هەبوونی پەیرەوێکی نوێ یان پێداچوونەوە بە پەیرەوێکی بەرکار دیاریدەکات.

- پێشنیازی ڕەشنووسی پەیرەوێکی نوێ پێویستە لە ڕێگەی بەکارهێنانی فۆرمی دیاریکراو (فۆرمی پێشنیازکردنی پەیرەو) وە لە ڕێگەی وێبسایتی نووسینگەی پەیرەوی زانکۆ یان لە ڕێگەی ئیمێلەوە پێشکەش بە ئۆفیسی لێژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی (strategicplanning@soran.edu.iq) بکرێت.

٢. دارشتنی پەیرەو:

- ئەو پەیرەوانەی کە پەیوەستن بە فاکەڵتی/بەش، پێویستە کلێشەی تایبەت بەخۆیان کە بۆیان دیاریکراوە بەکاربێنن. ئەو پەیرەوانەی کە تەنیا پەیوەستن بە یەکە و بەشەکانەوە، ئەوە تەنها بەسەر ئەو بەش و یەکانە جێبەجێدەکرێت. لە بەرامبەردا، ئەو پەیرەوانەی کە پەیوەستن بە کۆی دامەزراوەی زانکۆ، تیمێکی تایبەت پێکدەهێندرێت بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی کۆتایی، چونکە ئەم پەیرەوانە بەسەر هەموو زانکۆ جێبەجێدەکرێن.

- ڕەشنووسی پەیرەوەکان بە مەبەستی پێداچوونەوە دەنێردرێن بۆ ئۆفیسی لێژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی .

٣. پێداچوونەوە و فیدباک:

- ئۆفیسی لێژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی پێداچوونەوە بە ڕەشنووسی پەیرەوەکانەوە دەکات و سەرنج و پێشنیارەکانی خۆی دەخاتەڕوو.

٤. پەسەندکردنی ڕەشنووسی پەیرەوکان لەلایەن لێژنەی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی:

- لێژنەی جێبەجکردنی پلانی ستراتیژی پێداچوونەوە بە ڕەشنووسی پەیرەوەکاندا دەکات و پەسەندیان دەکات، پاشان بەرزیان دەکاتەوە بۆ ئەنجومەنی زانکۆ.

٥. پەسەندکردن لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆ:

ئەنجوومەنی زانکۆ پێداچوونەوە بە ڕەشنووسی پەیرەوەکاندا دەکات و دوای دڵنیابوونەوە لە یەکانگیری پەیرەوەکان لەگەڵ ئامانجەکانی زانکۆ پەسەندیان دەکات.

٦. جێبەجێکردن و بڵاوکردنەوە:

- ئۆفیسی لێژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی، پەیرەوە پەسەندکراوەکان بەپێی ڕێوشوێنی دیاریکراو بڵاودەکاتەوە، ڕێکاری جێگیرکردنی پەیرەوەکان و جێبەجێکردنیان دیاریدەکات.

- پەیرەوەکان بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەنێرێت.

٧. پەیرەوە پەسەندکراوەکان بە گوێرەی گۆڕانکاری لە ڕێنماییەکان و پێویستی ناوخۆیی، یانیش لە ژێر ڕۆشنایی فیدباک و پێشنیازی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە شێوەی خولی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت.

بەرپرسیاریەتی ئەندامانی لیژنە لە ڕووی یاساییەوە(Policy Disclaimer Statement)

هەر دەرچوونێک یان پێشێلکارییەک لەم پەیرەوە، بە پێی یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی حکومی و کەرتی گشتی ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

ناردنی پرسیار یان داواکاریی تایبەتی بۆ پەسەندکردن بۆ SUPO، بە ئیمەیلی خوارەوە دەبێت:

su.supo@soran.edu.iq

پاشکۆکان

وەرگێڕانی ئینگلیزی

وەرگێڕانی عەرەبی

SORAN UNIVERSITY
Kurdistan Region – Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Presidency of Soran University
Office of the Steering Committee for Strategic Plan Implementation

Regulation Title: Student Information System (SIS) Regulation

Committee: Steering Committee for Strategic Plan Implementation (SCSP)

Relevant Office: SUPO DOA
Regulation Serial Number: 7
Version Number: 8
Issue Date: [ ]
Original Publication Date: [.]
Email: su.supo@soran.edu.iq
Website: supo.soran.edu

Purpose of the Regulation

This regulation has been drafted to organize the administrative and academic framework of the Student Information System (SIS).

Primary Objective

To standardize the procedures for using the Student Information System (SIS) by scientific departments, faculty members, and students. This aims to ensure transparency, data accuracy, adherence to the academic calendar and quality standards, and to elevate the overall administrative and academic quality within the university.

Core Message of the Regulation

The Student Information System (SIS) is the fundamental backbone for managing academic and administrative processes at the university. The continuity and success of the SIS rely on shared responsibility and the full commitment of all parties to the duties outlined in this regulation. Everyone must interact with the SIS in an official and responsible manner.

Summary of the Regulation

This regulation defines the guidelines and procedures concerning the use of the Student Information System (SIS) in the areas of module registration, attendance and grade recording, registration for final semester examinations, and administrative oversight. The regulation clarifies the duties and responsibilities of scientific departments, faculty members, and students in accordance with the semester-based SIS (Semester System) and the European Credit Transfer and Accumulation System (ECTS), ensuring an organized and high-quality educational process.

Responsible Office

The Office of the Vice President of the University for Student Affairs, as the primary supervisory authority, is responsible for drafting, directing, monitoring, and amending this regulation at the university level. It also ensures that the implementation of the semester-based SIS (Semester System) and ECTS course credits aligns with the policies and guidelines of the Ministry of Higher Education within the framework of the SIS.

Executive Supervisors
Vice President of the University for Student Affairs
Deans of Faculties
Vice Deans of Faculties
Regulation History
Approval Date[ ] :
Amendment Date[ ] :

Implementing Parties

The parties responsible for implementing this regulation are:
Heads of Scientific Departments
Directorate of Finance
Directorate of Registration
Directorate of IT and Student Information System (SIS)
Faculty Members (Teachers)
Students

Scope of the Regulation

This regulation encompasses all academic and administrative processes related to the Student Information System (SIS), which may include: module registration in each semester; schedule approval and workload determination based on ECTS principles; recording attendance and absences; recording and amending grades; registering for final semester examinations; managing requests through the SIS; and adhering to the academic calendar approved by the University Council. This regulation is an official document, and compliance with it is an academic and administrative obligation for all relevant parties.

Guidelines and Procedures for Using the Student Information System (SIS)

Soran University operates under a semester-based system founded on ECTS principles, where the study of each academic year is divided into two regular semesters: the Fall Semester and the Spring Semester.

The duration of each semester is 20 weeks, encompassing all educational activities, registration, and examinations.

The actual teaching period (lecture weeks) must not be less than 14 weeks.

Academic years commence at the beginning of September and conclude at the end of June.

Scientific departments, faculty members, and students must strictly adhere to the academic calendar specific to each semester as approved by the University Council.

Section One: Duties and Responsibilities of the Scientific Department in the Student Information System (SIS) regarding Module and Examination Registration

At the beginning of each academic semester, every department must prepare its program catalog in a manner that makes it fully accessible to all faculty members and students.
The head of the scientific department must make the classes/modules available to students within the designated timeframe.

After making the classes available, the weekly schedule must be approved by the Faculty Council. Subsequently, the weekly schedule will become accessible on the SIS for faculty members and students. Once the schedule is available, students can register themselves within the specified period.
In the event of any issues during student registration, the department must submit a request via the SIS to the Vice Dean to resolve the problem before the registration period ends. Otherwise, the registration portal will automatically close once the deadline passes.
If a module is unavailable in one scientific department but is available in another, coordination between the departments should take place to assist students wishing to take that module. The method of making the module available shall be arranged by the student's department under the name of the teacher from the corresponding department. However, if a schedule conflict occurs, the student will not be allowed to take the module.
Any student who fails to register for classes after being officially notified—provided there are no technical issues—the scientific department has no right to submit a manual registration request on their behalf.
The scientific department must monitor the recording of grades and student absences in the SIS, and require faculty members to record daily attendance on the same day. In case of failure to log absences, the teacher is granted a grace period of only one week to record student absences. Beyond this, the teacher will be held accountable according to measures determined by the scientific department.
When a student fails a course due to excessive absences, the scientific department must submit an official document containing the student's name, email, course code, and the specific semester to the Secretariat of the Faculty Dean.
Students must personally register for final semester examinations within the designated timeframe. If a student fails to register, they forfeit the right to participate in the examinations. Even if the student physically attends the exam, no grade will be calculated for them in any module for which they did not register.
Prior to the start of examinations, the scientific department must generate and make available the list of student names who have successfully registered for exams through the SIS.
All requests pertaining to the SIS within the scientific departments must be processed through the system itself and will be legally recognized as official documents.
Scientific departments must approve the workloads (Workloads) within the SIS after they have been specified by the subject teacher.

Section Two: Specific Guidelines for Faculty Members (Teachers) working within the Student Information System (SIS)

Prior to the start of the semester, the teacher must confirm and verify their module inside the SIS.

While preparing the coursebook in the SIS, the teacher must define the total academic workloads (Workloads) based on the assigned ECTS allocation. This serves as the foundation for entering the subject grades into the system later.

For taking student attendance, teachers must rely entirely on the SIS. Any student whose name does not appear on the roster for that class cannot continue and will be treated as unregistered.

Student attendance must be recorded in the SIS on the same day, with a hard deadline of one week. After this window closes, the teacher forfeits the right to correct any errors.

The entry of continuous

assessment/activity grades into the SIS must not overlap with or delay the registration period for final semester examinations. In the event of grading errors, the teacher retains the right to edit and correct them within a maximum period of one week from the initial entry date.

Section Three: Specific Guidelines for Students working within the Student Information System (SIS)

When the SIS opens for registration, the student must register for their modules within the officially designated timeframe.

The maximum number of ECTS credits a student can register for in any given semester is 30 ECTS. A student may take up to 1 additional ECTS credit, provided they obtain approval from the head of the scientific department and ensure there is no scheduling conflict with other modules.

Students reserve the right to add, drop, or swap modules exclusively within the designated drop/add period. Once this period expires, the student forfeits this right.

If a student fails to register for any modules within the specified timeframe, that semester will still count toward their maximum allowed duration of study (study ceiling), provided they have not officially requested a formal postponement for that semester.

If a student fails to register for any module in the SIS for four consecutive semesters, their enrollment will be officially terminated/cancelled (dismissed), and they will be expelled from university studies, except in cases of an officially approved postponement.

If a student is unable to register for modules due to technical errors, they must formally notify the head of the department or the department coordinator before the registration window closes.

If a student fails a module due to excessive absences tracked in the SIS, they are not permitted to continue attending or studying that course.

Students are free to register for, or withdraw from, final semester examinations within the officially designated period.

The student bears full responsibility for any errors they make during module registration or examination sign-ups.

The SIS will automatically block registration for an examination in modules where the student has already exhausted four examination attempts.
As a mandatory prerequisite, by the fourth semester, a student must have successfully completed 90 ECTS credits of their studies, and by the sixth semester, they must have successfully completed [Blank credit amount in original] ECTS credits in order to be eligible to select or register for modules in the upcoming two academic semesters.

هەرێمی کوردستان- عیراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتیی زانکۆی سۆران
نووسینگەی پەیڕەوەکان

بۆ/ بەڕێز سەرۆکی زانکۆ

بابەت :پەیڕەو

سڵاو و ڕێز

هاوپێچ لە گەل نووسراوماندا وێنەیەک لە پەیڕەوی بۆردی . ڕاوێژکاریی بەش بۆ پڕۆگرامە ئەکادیمییەکان بۆتان ڕەوانە دەکەین، تکایە لە پەسندکردنی ئاگادارمان بکەنەوە

پ.ی.د. ڕزگار سعید حسێن

سەرۆکی لێژنەی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی

وێنەیەک بۆ:

- دەرکردە

هەرێمی کوردستان- عیراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتیی زانکۆی سۆران
نووسینگەی پەیڕەوەکان

ناوی پەیڕەو: نووسینی راوێژکاریی بەش بۆ پڕۆگرامە ئەکادیمییەکان

لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی (SCSP)
Steering Committee for Strategic Plan

- ئۆفیسی پەیوەندیدار: SUPO،DQA
- زنجیرەی پەیڕەو: ٦
- وەشانی ژمارە: ٧
- ڕێکەوتی وەشان:
- ڕێکەوتی بڵاوکرنەوەی سەرەکی:

ئیمێل: su.supo@soran.edu.iq
ماڵپەڕ: supo.soran.edu

مەبەستی پەیڕەو:

مەبەست لەم پەیڕەوە دامەزراندنی بۆردی ڕاوێژکارییە بۆ پڕۆگرامە ئەکادیمییەکان لە زانکۆی سۆران بە مەبەستی هاوکاریکردنی بەشە زانستییەکان لە بەهێزکردنی ئامانجە پەروەردەییەکانی پڕۆگرام (PEOs) و دڵنیابوونەوە لەوەی، کە هاوتەریبن لەگەڵ پەیامی زانکۆ، پێویستییەکانی بازاڕی کار، چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە و بەستانداردەکانی کوالێتی لە ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا. ئەم پەیڕەوە پێکهاتە، ئەندامێتی، ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەکان، ڕێکارەکانی کۆبوونەوە، پڕۆسەکانی بڕیاردان و تۆمارکردن و بەبەڵگەکردنی کۆی کاروبارەکانی بۆردی ڕاوێژکاریی دیاریدەکات. لە ڕێگەی ئەم پەیڕەوەوە، زانکۆی سۆران دڵنیایی دەدات، کە لایەنە پەیوەندیدارەکان بەشداردەبن و ڕۆڵ دەبینن لە دڵنیابوون لە گونجاوی پڕۆگرامەکانی خوێندن، توانایی زیاتری دەرچووان لە قۆستنەوەی دەرفەتی کار و کوالێتی ئەکادیمی.

پەیامی پەیڕەو:

زانکۆی سۆران پابەندە بە هەبوون و پاراستنی پڕۆگرامی ئەکادیمیی ئاست بەرز، کە گونجاو و ئامانجدار و وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و بازاڕی کارین. بۆ بەجێهێنانی ئەم ئامانجەش، زانکۆ بۆردی ڕاوێژکاری بەش بۆ پڕۆگرامە ئەکادیمییەکان، وەک دەستەیەکی ڕاوێژکاریی فەرمی لە ناو هەر بەشێکی ئەکادیمیدا دادەمەزرێنێت. ئەم بۆردە ڕاوێژکارییانە ڕێنمایی لەسەر پەرەپێدان، پێداچوونەوە و باشترکردنی ئامانجە پەروەردەییەکانی پڕۆگرام (PEOs) دەدەن و بەشداردەبن لە پەرەپێدانی بەردەوامی پڕۆگرام، دڵنیایی جۆری و ئامادەکاری پێویست بۆ پڕۆسەی متمانەبەخشین. بۆردە ڕاوێژکارییەکان دەبێت بە شەفافیەت، گشتگیری، بەشداریپێکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان و پێشنیاری بنەمادار بە بەڵگە کاربکەن.

پوختەی پەیڕەو:

ئەم پەیڕەوە بۆردە ڕاوێژکاری بەش بۆ پڕۆگرامە ئەکادیمییەکان لە زانکۆی سۆران، وەک دەستەیەک، کە بەشداری لایەنە پەیوەندیدارەکان لەخۆدەگرێت، دادەمەزرێنێت، بە مەبەستی هاوکاریکردنی بەشەکان لە دیزاین، پێداچوونەوە و باشترکردنی بەردەوامی ئامانجە پەروەردەییەکانی پڕۆگرام **(PEOs)**. هەروەها پەیڕەوەکە پێکهێنانی بۆردەکە، پێکهاتەی ئەندامێتی، ماوەی خول، چەندێتی کۆبوونەوەکان، پێویستییەکانی بەبەڵگەکردن و میکانیزمەکانی پێشنیازکردن، و بەدواداچوون و ڕاپۆرتدان دیاریدەکات. بۆردی ڕاوێژکاری بە میکانیزمێکی دیاریکراو کاردەکەن بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی پڕۆگرامە ئەکادیمییەکان هاوتەریبن لەگەڵ ئەولەویەتی دامەزراوە ، چاوەڕوانییە دەرەکییەکان و پێوەرەکانی متمانەبەخشین.

نووسینگەی بەرپرس:

نووسینگەی کاریگەریی دامەزراوەیی (IEO) بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکە ئەکادیمییە پەیوەندیدارەکان کاردەکات.

سەرچاوە ڕشتیاری جێبەجێکردن:

سەرۆکی زانکۆی سۆران

سەربوردەی پەیڕەو

ڕێکەوتی پەسەندکردن:

ڕێکەوتی هەموارکردنەوە:

لایەنی جێبەجێکاری پەیڕەو

ئەم پەیڕەوە لە لەلایەن ئەمانەی خوارەوە جێبەجێ دەکرێت:

- هەموو ئەندامانی بۆردی ڕاوێژکاری بەش.
- بەشە ئەکادیمییەکان و لێژنەکانی پەیوەست بە پڕۆگرام.
- ڕاگری فاکەڵتییەکان و سەرۆک بەشەکان.
- نووسینگەی کاریگەریی دامەزراوەیی (IEO).
- بەڕێوەبەرایەتیی دڵنیایی جۆری (DQA).
- لایەنە پەیوەندیدارە دەرەکییەکان، کە خاوەنکاران، دەرچووان، و نوێنەرانی کۆمەڵگەش دەگرێتەوە.

چوارچێوەی پەیڕەو:

ئەم پەیڕەوە سەرجەم بەشە زانستییەکان و پڕۆگرامە ئەکادیمییەکانی زانکۆی سۆران دەگرێتەوە. پێکهێنان و بەڕێوەبردنی بۆردی ڕاوێژکاری بەشەکان لەخۆدەگرێت و هەموو ستافی ئەکادیمی و کارگێڕی دەگرێتەوە، کە بەشدارن لە پلاندانانی بەرنامەی ئەکادیمی، پێداچوونەوە بە پڕۆگرام، هەڵسەنگاندنی ئامانجە پەروەردەییەکانی پڕۆگرام و پڕۆسەی دڵنیایی جۆری لە بەشەکان. هەروەها ئەم پەیڕەوە پەیوەندیدارە بە سەرۆکی بەشەکان، ڕاگرەکان، ڕێکخەرانی پڕۆگرامەکان، دڵنیایی جۆری، و لایەنە پەیوەندیدارە دەرەکییەکان، کە بەشداری لە بۆردی ڕاوێژکاریدا دەکەن.

پێکهێنانی بۆردی ڕاوێژکاری بەش:

هەر بەشێکی زانستی لە زانکۆی سۆران پێویستە بۆردێکی ڕاوێژکاریی پڕۆگرام دابمەزرێنێت بۆ بەشداربوون لە پەرەپێدان و پێداچوونەوە بە ئامانجە پەروەردەییەکانی پڕۆگرام (PEOs) و بەهێزکردنی بەشداری لایەنە پەیوەندیدارەکان لە پلاندانانی پڕۆگرامەکان، بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: پێکهاتەی ئەندامێتی:

ا. ئەندامانی ناوخۆیی (٣-٥ ئەندام)

- سەرۆکی بەش – سەرۆکی بۆردی ڕاوێژکاری
- ڕێکخەری پڕۆگرام یان ڕێکخەری دڵنیایی جۆری بەش – سکرتێر/ ڕێکخەر
- نوێنەرانی مامۆستایان (١ یان ٢ ئەندام) – نوێنەرایەتی پسپۆڕییە زانستییە جیاوازەکان دەکەن.

ب. ئەندامانی دەرەکی (٤-٦ ئەندام)

- نوێنەرانی خاوەنکار/ پیشەسازی (٢-٣ ئەندام) (پێویستە پەیوەندار بن بە پسپۆڕییەکە)
- نوێنەرانی دەرچووان (١-٢ ئەندام) (تاکو بکرێت کە بواری خوێندنی کاربکەن)
- سەربەرشتیاری مەشق(**Internship**)، ڕاهێنانی مەیدانی یان پراکتیکی پیشەیی (١ ئەندام) (لەو بەشانەی جێبەجێ دەبێت).
- نوێنەری کۆمەڵگە، حکومەت، یان ڕێکخراوە پیشەییەکان (ئارەزوومەندانەیە، ١ ئەندام).

دووەم: سەرۆکی بۆردی زانکۆ:

بۆردی زانکۆ لەلایەن ئەندامێکەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، کە لەلایەن بەشەوە بە زانکۆ لەگەڵ ڕاگر دیاریکراوە.

- لە قۆناغی ئێستای جێبەجێکردندا، سەرۆکی بەش وەک سەرۆکی بۆردی زانکۆ کاردەکات بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی هەماهەنگی بەڕێوەچوونی کاری بۆردەکە بە شێوەیەکی دامەزراوەیی.

- لە قۆناغەکانی داهاتوودا و بە پشتبەستن بە گەشەکردنی دامەزراوەیی و لەسەر ڕەزامەندی ڕاگرفاکەڵتی، سەرۆکی بۆرد دەکرێت لەنێوان مامۆستایانی شارەزا و بە ئەزموون یان ئەندامە زانکۆکارە دەرەکییە شارەزاکان دیاری بکرێت، بە مەرجێک خاوەنی شارەزایی و ئەزموونی پەیوەندیدار بێت، کە لەگەڵ ئامانجەکانی پرۆگرام و پێداویستییەکانی دڵنیایی جۆریدا بگونجێت.

سێیەم: شیاوبوون و ئەخلاقی پیشەیی کارکردن:

ئەندامە دەرەکییەکان دەبێت:

- خاوەنی ئەزموونی پیشەیی یان ئەکادیمی پەیوەندیدار بن بە پرۆگرامەکەوە.
- بە گیانی زانکۆکاری و دوور لە بەرژەوەندی کەسی کار بکەن.
- پابەندی پاراستنی نهێنی و بنەما و ئاکارەکانی کارکردنی زانکۆ بن.

چوارەم: ماوەی ئەندامێتی:

هەموو ئەندامانی بۆردی زانکۆکاری، جگە لە سەرۆکی بەش (کە بەپێی پۆستەکەیەتی)، بۆ ماوەی **دوو (٢) ساڵ** خزمەت دەکەن، کە دەکرێت بەپێی ئەدا، بەشداری و پێویستییەکانی بەش نوێ بکرێنەوە. ئەندامێتی بە شێوەیەکی دوو ساڵە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامیی گونجاوی و کاریگەریی بۆردەکە.

پێنجەم: دانان و گۆڕینی ئەندامان:

ئەندامە ناوخۆییەکان لەلایەن ئەنجومەنی بەشەوە دیاریدەکرێن و لەلایەن ڕاگرەوە پەسەند دەکرێن؛ ئەندامە دەرەکییەکان دوای دیاریکردنیان بە فەرمی دەکرێنە ئەندامی بۆردی زانکۆکاری.

ئامانجەکانی بۆردی زانکۆکاری:

ئامانجە سەرەکییەکانی بۆردی زانکۆکاری بریتین لە:

١. بەرپرسیاربوون لە دارشتنی ئامانجە پەروەردەییەکانی پرۆگرام (PEOs)، لە دوای دارشتن و پەسەندکردنیان لە بۆردە زانکۆکارییەکان، ئامانجە پەروەردەییەکانی پرۆگرام پێویستە بنێردرێن بۆ لێژنەی پەرەپێدانی دڵنیایی جۆری بە مەبەستی وەرگرتنی پەسەندی کۆتایی.

٢. بەرزکردنەوەی ئاستی گونجاوی پرۆگرامەکان بە جۆرێک، کە لەگەڵ پێویستی بازاڕی کاری بێنەوە.

٣. بەهێزکردنی بەشداری لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٤. پاڵپشتیکردن لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری و ئامادەکاری پێویست بۆ پرۆسەی متمانەبەخشین.

٥. هاندان و ڕۆڵبینین لە بەرەوپێشچوون و باشترکردنی بەردەوام.

ڕۆڵی بۆردی ڕاوێژکاری:

ئەم بۆردە ڕاوێژکارییە ئەرکی پێشکەشکردنی پێشنیازە بە بەشە زانستییەکان، سەبارەت بە ئامانجە پەروەردەییەکانی پڕۆگرام و باشترکردنی پڕۆگرامەکان. بۆردەکە جێگەی پێکهاتە کارگێڕییە زانستییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی ڕاپۆرت و فیدباکی بەردەوام تێڕوانینی لایەنە پەیوەندیدارە دەرەکی و ناوخۆییەوەکان پێشکەشی بەشە زانستییەکان دەکات.

بەرپرسیارێتییەکانی بۆردی ڕاوێژکاری:

بۆردی ڕاوێژکاری بەرپرس دەبێت لە:

- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی سالانەی بۆرد.
- ڕاپۆرتی پێداچوونەوە بە ئامانجە پەروەردەییەکانی پڕۆگرامەکان (PEO).
- فیدباکی لایەنە پەیوەندیدارەکان و سەبارەت بە ئاستی گونجاوبی پڕۆگرامەکان لەگەڵ بازاڕی کاردا.
- پێشنیارەکانی پەیوەست بە باشترکردنی پڕۆگرامەکان.
- بەدواداچوون و ڕاپۆرتدان.

بەرپرسیارێتییەکانی بەش / ڕێکخەری بۆردی ڕاوێژکاری:

ڕێکخەری بۆردی ڕاوێژکاری دەبێت:

- کارنامەی **(Agenda)** کۆبوونەوە ئامادە بکات و بۆ ئەندامانی بنێرێت.
- بەڵگەنامە پەیوەندیدارەکان هەفتەیەک پێشتر بۆ تەواوی ئەندامان بنێرێت.
- شوێن و کاتی کۆبوونەوەکان ڕێکبخات.
- کۆنووسی کۆبوونەوەکان بنووسێت و بڵاوی بکاتەوە.
- تۆمارەکان بپارێزێت.
- دڵنیایی بدات لە پاراستنی نهێنییەکان.
- تۆمارکردن و ئەرشیفکردنی **(Tracking log)** پێشنیازەکان و وەڵامەکانی بەش.

هۆکارەکانی پەیوەندی:

هەموو پەیوەندییەکانی بۆردی ڕاوێژکاری و گەیاندنی نووسراو و بەڵگەنامەکان دەبێت لە ڕێگەی کەناڵە فەرمییەکانی پەیوەندی زانکۆی سۆران و ئەژمارە فەرمییەکانی ئیمەیڵی زانکۆوە ئەنجام بدرێن.

کۆبوونەوەکان و کارنامە:

ئەنجامدانی کۆبوونەوەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

یەکەم: ماوە و کاتی کۆبوونەوەکان:

بۆردی ڕاوێژکاری دەبێت بە لانی کەم لە هەر وەرزێکی خوێندن جارێک کۆببێتەوە.

دووەم: پەسەندکردن و ناردنی کارنامە(Agenda):

سەرۆکی بۆرد کارنامەکە پەسەند دەکات؛ ڕێکخەر دوو هەفتە پێشتر بۆ ئەندامان دەنێرێت.

سێیەم: ئاگادارکردنەوەی ئامادەبووان:

پێویستە ئاگاداری سەبارەت بە کۆبوونەوە ئاساییەکان، دوو هەفتە پێشتر بۆ ئەندامان بنێردرێت؛ کۆبوونەوە نائاساییەکان (Ad hoc) پێویستییان بە ئاگادارکردنەوەی ٤٨ کاتژمێر پێشتر هەیە.

ئامادەبوون:

ئەندامەکان دەبێت لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا ئامادەبوونی خۆیان پشتڕاست بکەنەوە. هەر ئەندامێک بەبێ پاساو لە دوو کۆبوونەوەی یەک لە دوای یەک ئامادە نەبێت، دەکرێت بگۆڕدرێط. داوای دەستەلکارکێشانەوە، دەبێت بە یاداشتی فەرمی پێشکەش بکرێت.

ڕێژەی یاسایی و بڕیاردان:

کۆبوونەوە تەنها کاتێک بەڕێوەدەچێت، کە زیاتر لە ٥٠٪ی هەرێەکە لە ئەندامانی ناوخۆیی و دەرەکی ئامادەبن. پێشنیارەکان بە زۆرینەی سادەی ئەندامە ئامادەبووەکان پەسەند دەکرێن.

کۆنووسی کۆبوونەوە (Minutes):

کۆنووسەکان دەبێت بە بەکارهێنانی کلێشەی پەسەندکراوی زانکۆ تۆماربکرێن و هەڵبگیرێن و دەبێت زانیاریێە سەرەکییەکانی کۆبوونەوە لەخۆ بگرن. کۆنووسەکان دەبێت لەلایەن ئەندامانی بۆرد پەسەند و واژۆ بکرێن.

بڵاوکردنەوەی کۆنووسی کۆبوونەوەکان:

کۆنووسەکان دەبێت لە ماوەی هەفتەیەکدا بڵاو بکرێنەوە. ئەندامان هەفتەیەکیان لەبەردەستە بۆ خستنەڕووی هەر تێبینییەک. کۆتا ڕەشنووسی کۆنووسەکان ئەرشیف دەکرێن و بۆ یەکە و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەردەست دەکرێن.

هەرێمی کوردستان- عیراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتیی زانکۆی سۆران
ئۆفیسی پلانی ستراتیژی و پەیڕەوەکان

بۆ/ بەڕێز سەرۆکی زانکۆ

بابەت: پەیڕەو

زانکۆی سۆران
SORAN UNIVERSITY
2009

سڵاو و ڕێز

هاوپێچ لە گەڵ نووسراوماندا، وێنەیەک لە پەیڕەوی بەخشینی بڕوانامەی خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا - ماستەر- دکتۆرا) بۆتان ڕەوانە دەکەین، تکایە لە پەسندکردنی ئاگادارمان بکەنەوە.

لەگەڵ ڕێزدا

پ. ی. د. ڕزگار سعید حسێن
سەرۆکی لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی

پەیڕەوی بەخشینی بڕوانامەی خوێندنی باڵا

(دبلۆمی باڵا - ماستەر - دکتۆرا)

لێژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی (SCSP)
Steering Committee for Strategic Plan

- ئۆفیسی پەیوەندیدار: SUPO،DQA
- زنجیرەی پەیڕەو: ١٠
- وەشانی ژمارە: یەکەم
- رێکەوتی وەشان:
- رێکەوتی بڵاوکرنەوەی سەرەکی:

پێرست

مەبەستی پەیڕەو.....4

پەیامی پەیڕەو 4

پوختەی پەیڕەو 4

ئۆفیسی بەرپرس.....4

بەرپرسی جێبەجێکار.....4

سەربوردەی پەیڕەو 4

لایەنی پەیوەندیدار.....5

چوارچێوەی پەیڕەو 5

ڕێکارەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا - ماستەر- دکتۆرا): 5

بەشی یەکەم: بەخشینی بڕوانامەی خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا).....5

بەشی دووەم: قۆناغی ڕاستکردنەوە و پێداچوونەوەی کۆتایی.....6

بەشی چوارەم: دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی و بەخشینی بڕوانامە.....7

مەبەستی پەیرەو

ئەم پەیڕەوە بە مەبەستی ڕێکخستن، یەکخستن و ڕوونکردنەوەی تەواوی ڕێکارە یاسایی و کارگێڕییەکانی قۆناغی دوای تاوتوێکردن، جێبەجێکردنی گۆڕانکارییەکان، و بەخشینی فەرمی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆی سۆران دارێژراوە.

پەیامی پەیڕەو

دڵنیابوونەوە لەوەی، کە بەخشینی بڕوانامەی ئەکادیمی خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا - ماستەر- دکتۆرا) تەنیا دوای دەستەبەرکردنی ئاستی گونجاو لە کوالێتی زانستی، جێبەجێکردنی سەرنجەکانی لێژنەی تاوتوێ، و تەواوکردنی هەموو قۆناغە یاساییەکان بە شێوازێکی شەفاف و یەکسان ئەنجام دەدرێت.

پوختەی پەیڕەو

ئەم پەیڕەوە ڕوونی دەکاتەوە چۆن قوتابیانی خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا - ماستەر- دکتۆرا)، دوای تەواوبوونی پڕۆسەی تاوتوێکردنی زانستی، پێویستە ڕاستکردنەوە، گۆڕانکاری و تێبینییە داواکراوەکانی لێژنەی تاوتوێ جێبەجێ بکەن. پڕۆسەکە لە چەند هەنگاوێکی کارگێڕی پێکدێت؛ لەوانە پێداچوونەوەی کۆتایی لێژنەکە بە گۆڕانکارییەکان، وردبینیکردنی ناوەڕۆکی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا پێش چاپ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا، بەرزکردنەوەی کۆنووسی ئەنجوومەنی بەش بۆ ئەنجوومەنی فاکەڵتی دواتر بۆ ئەنجوومەنی زانکۆ (سەرۆکی زانکۆ) بە مەبەستی پەسەندکردنی و دەرکردنی فەرمانی زانکۆیی بەخشینی بڕوانامە و لە کۆتاییدا پێدانی بڕوانامەی فەرمی بە نمرەوە، دوای ڕادەستکردنی کۆپییە چاپکراو و ئەلیکترۆنییەکان بە کتێبخانەی زانکۆ.

ئۆفیسی بەرپرس

پێداچوونەوە: ئۆفیسی پلانی ستراتیژی و پەیڕەوەکان.
پەسەندکردن و جێبەجێکردن: ئەنجومەنی زانکۆی سۆران.

بەرپرسی جێبەجێکار

ئەم پەیڕەوە لە دوو ئاست جێبەجێدەکرێت:

١. ئاستی زانکۆ (یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی، بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا، فاکەڵتی، بەشی زانستی)

٢. ئاستی قوتابی خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا، ماستەر، دکتۆرا).

سەربوردەی پەیڕەو

- ڕێکەوتی پەسەندکردن:
- ڕێکەوتی هەمواکردنەوە:

لایەنی پەیوەندیدار

ئەم پەیڕەوە ئەم لایەنانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

- **سەرۆکایەتی زانکۆ (یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی):** چاودێری گشتی پڕۆسەکە، پێدانی ڕەزامەندیی کۆتایی و دەرکردنی فەرمانی زانکۆیی.

- **فاکەڵتی و بەشە زانستییەکان:** ڕێکخستنی پڕۆسەکە، بەرزکردنەوەی کۆنووسی بەش و فاکەڵتی.

- **بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا:** چاودێری فەرمی، پێداچوونەوەی پلەیجەریزم، وردبینی پێکهاتەی نامە/تێز و بەدواداچوونی ڕێکارە کارگێڕییەکان.

- **سەرپەرشتیار :** ڕاوێژکردن، چاودێریکردن و پشتیوانیکردنی قوتابی لە سەرجەم قۆناغەکاندا.

- **لێژنەی تاوتوێ:** هەڵسەنگاندن و پەسەندکردنی کۆتایی گۆڕانکارییەکان.

- **قوتابی:** جێبەجێکردن و ڕاستکردنەوەی تەواوی گۆڕانکاری و تێبینییەکان و بەجێگەیاندنی مەرجە کارگێڕی و داراییەکان.

چوارچێوەی پەیڕەو

ئەم پەیڕەوە سەرجەم پڕۆگرامەکانی خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا، ماستەر و دکتۆرا) لە سەرجەم فاکەڵتی و بەشە زانستییەکانی زانکۆی سۆران دەگرێتەوە. چوارچێوەی یاسایی و کارگێڕی ئەم پەیڕەوە تەنها لە دوای کۆتاییهاتنی پڕۆسەی تاوتوێکردنی زانستی نامەکە دەستپێدەکات؛ وەک دیاریکردنی میکانیزمی جێبەجێکردنی گۆڕانکاری و ڕاستکردنەوەی تێبینییەکان شێوازی پەسەندکردنی کۆتایی لەلایەن ئەندامانی لێژنەی تاوتوێ، ڕێکارەکانی وردبینی پێش چاپ، چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری و دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی بۆ بەخشینی بڕوانامە، لە کۆتاییدا مەرجەکانی پێدانی بڕوانامەی بە نمرەوە. بەپێی ئەم چوارچێوەیە، دەسەڵات و ئەرکی کارگێڕی هەر لایەنێک (قوتابی، سەرپەرشتیار، ئەنجوومەنی بەش و فاکەڵتی، بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا و سەرۆکایەتی زانکۆ) ڕوونکراوتەوە.

ڕێکارەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا - ماستەر- دکتۆرا):

بەشی یەکەم: بەخشینی بڕوانامەی خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا)

تایبەت بە دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی، ڕێکارەکانی بەخشینی بڕوانامە تێیدا جیاوازە لە خوێندنی باڵا (ماستەر – دکتۆرا)، تۆژینەوە (ماستەرنامە/دکتۆرانامە) و پڕۆسەی تاوتوێکردنی زانستی تێدا ئەنجام نادرێت و ماوەی خوێندنی تەنها یەک ساڵە. ئەم بڕوانامەیە بۆ مەبەستی زانستی و ئەکادیمی بەکاردێت بۆ بەرزکردنەوەی تێکڕای نمرەی بەکالۆریۆس (تحسین معدل) بەمەبەستی پێشکەشکردنی بۆ خوێندنی باڵا (ماستەر).

بەشی دووەم: قۆناغی ڕاستکردنەوە و پێداچوونەوەی کۆتایی

١. تایبەت بە قوتابیانی خوێندنی باڵا (ماستەر- دکتۆرا)، پێویستە قوتابی سێ یەکی کاتی ڕاستکردنەوەی تێبینییەکانی دوای تاتوێکردنی تەواوکردبێت، کە لە کۆنووسی لێژنەی تاوتوێ بڕیاری لەسەر دراوە. دوای ڕاستکردنەوەی سەرنجەکانی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا لە چوارچێوەی ڕاپۆرتی لێژنەی تاوتوێ، قوتابی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا بە شێوەی ئەلیکترۆنی (Soft Copy) دەنێرێت بۆ ئیمێڵی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا و سیستەمی زانیاری قوتابیان (SIS)، پاشان بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا بە شێوەی ئەلیکترۆنی (Soft Copy)، لە ڕێگەی ئیمێڵەوە دەنێرێت بۆ هەرێەکێک لە ئەندامانی لێژنەی تاوتوێ بۆ پێداچوونەوە و دڵنیابوون لە ئەنجامدانی ڕاستکردنەوەی گۆڕانکارییەکان لە لایەن قوتابییەوە.

٢. ئەو ماوەیەی کە لێژنەی تاوتوێکردن دیاریکردووە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکان لە ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا، پێویستە پەیوەستبێت بە چۆنییەتی و چەندایەتیی سەرنجەکانی لێژنەی تاوتوێ. ئەگەر قوتابی نەیتوانی لە ماوەی دیاریکراو گۆڕانکارییەکان ئەنجام بدات، پێویستە داوای درێژکردنەوە (تمدید) بکات، کە ئەو درێژکردنەوەش بە بڕیاری لێژنەی تاوتوێکردنی ماستەرنامە یا خود تێزی دکتۆراکە دەبێت، پێویستە داواکاری قوتابی ڕوونبکرێتەوە، کە هۆکاری درێژکردنەوەکەی چییە و بەڵگەکان چین؟

٣. دوای دڵنیابوون لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری پێویست لە لایەن قوتابییەوە، لێژنەی تاوتوێ لە ڕێگەی ئیمێل بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا ئاگادار دەکاتەوە، سەبارەت بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری و ڕاستکردنەوەی پێویست لە لایەن قوتابی، ئەوکات قوتابی مافی داواکردنی بەخشینی بڕوانامەی دەبێت.

٤. قوتابی (دبلۆمی باڵا، ماستەر و دکتۆرا) پابەندە بە سەردانیکردنی کتێبخانە (بە مەبەستی گەڕاندنەوەی کتێب و سەرچاوەکان)، بەڕێوەبەرایەتیی بەشەناوخۆییەکان (بۆ ئەو قوتابییانەی، کە لە بەشەناوخۆیی ماونەتەوە، بە مەبەستی گەڕاندنەوەی کەلوپەل) و بەڕێوەبەرایەتیی دارایی بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی سەرجەم پابەندییە داراییەکانی (وەک ڕسووماتی خوێندن، کرێی بەشەناوخۆیی، خوێندنی پارالێل، یان هەر پابەندییەکی تری دارایی). قوتابی بەڵگەنامەی ئەستۆپاکی گشتگیر (کتێبخانە، بەشەناوخۆیی، و دارایی) پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا بکات.

بەشی سێیەم: قۆناغی وردبینی کارگێڕی و چاپکردن (ماستەر و دکتۆرا)

١. پێویستە قوتابی پێش چاپکردنی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرای، کۆپییەکی ئەلیکترۆنی (Copy Soft) بۆ ئیمێڵی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا بنێرێت، بە مەبەستی دووبارە پێداچوونەوە و دڵنیابوون لە ڕاست و دروستی ناوەڕۆکی پێکهاتەی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆراکە.

٢. بۆ بەخشینی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا، قوتابی پێویستە ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا بە شێوەی ئەلیکترۆنی (Soft Copy) لە ڕێگەی ئیمێڵ و سیستەمی زانیاری قوتابیان (SIS) بۆ بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا ناردبێت، هەروەها دوو نووسخە لە ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆراکەی لە ڕێگەی فۆرمێک، کە لە بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا پێی دەدرێت بۆ کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ دەبات و نووسخەیەک لەسەر سیدی (CD) بۆ بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا دەهێنێت.

بەشی چوارەم: دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی و بەخشینی بڕوانامە

١. دوای تەواو بوونی تەواوی رێکارەکان، بەرپرسی بەرایەتی خوێندنی باڵا ئاگاداری سەرۆکایەتیی بەشی زانستی دەکاتەوە بە مەبەستی داواکردنی قوتابی بۆ بەخشینی بڕوانامە. دواتر لە لایەن ئەنجوومەنی بەشی زانستی بە کۆنووسێک ئامادەدەکرێت، بەرزدەکرێتەوە بۆ ڕاگرایەتی تێدا داوای بەخشینی بڕوانامە بۆ قوتابی دەکات، ئەم کۆنووسە لە رێگەی ڕاگرایەتی فاکەڵتی بەرزدەکرێتەوە بۆ نووسینگەی بەرێز سەرۆکی زانکۆ ، دوای پەسندکردنی لە لایەن سەرۆکی زانکۆ فەرمانی زانکۆیی بەخشینی بڕوانامە دەردەچێت.

٢. دوای دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی بەخشینی بڕوانامە، قوتابی مافی هەیە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بە نمرە و بڕوانامەی هەڵواسین، ڕاستەوخۆ داواکاری پێشکەشی بەرپرسی بەرایەتی خوێندنی باڵا بکات و بەرپرسی بەرایەتی خوێندنی باڵا دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی، بڕوانامەکەی ڕادەستدەکرێت.

هەرێمی کوردستان- عیراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتیی زانکۆی سۆران
ئۆفیسی پلانی ستراتیژی و پەیڕەوەکان

بۆ/ بەڕێز سەرۆکی زانکۆ

بابەت: پەیڕەو

سڵاو و ڕێز

هاوپێچ لە گەڵ نووسراوماندا وێنەیەک لە پەیڕەوی بەڕێوبەرایەتی بەشەناوخۆییەکانی زانکۆی سۆران بۆتان ڕەوانە دەکەین، تکایە لە پەسندکردنی ئاگادارمان بکەنەوە.

لەگەڵ ڕێزدا

پ. ی. د. ڕزگار سعید حسێن
سەرۆکی لێژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی

پەیڕەوی بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکانی زانکۆی سۆران

لێژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی (SCSP)
Steering Committee for Strategic Plan

- ئۆفیسی پەیوەندیدار: SUPO،DQA
- زنجیرەی پەیڕەو: ٨
- وەشانی ژمارە:
- رێکەوتی وەشان:
- رێکەوتی بڵاوکرنەوەی سەرەکی:

زانکۆی سۆران
Soran University

پێرست

مەبەستی پەیڕەو 4
پەیامی پەیڕەو 4
پوختەی پەیڕەو 4
ئۆفیسی بەرپرس 4
بەرپرسی جێبەجێکار 4
لایەنی جێبەجێکاری پەیڕەو 5
سەربووردەی پەیڕەو 5
چوارچێوەی پەیڕەو 5
بەشی یەکەم: پێناسەکان 5
بەشی دووەم: پێکهاتە و ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆیی 6
أ- هۆبەی کوڕان: 6
ب- هۆبەی کچان: 6
بەشی سێیەم: پێکهاتەی پەیڕەوی بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکان 6
ئەم پەیڕەوە لەم خاڵانەی خوارەوە پێکدێت: 6
یەکەم: مەرج و ڕێکارە گشتییەکانی پێدانی بەشەناوخۆیی 6
دووەم: ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکان 7
سێیەم: ئەرک و بەرپرسیاریەتی قوتابیان 8
چوارەم: هەڵسوکەوتە ڕێگەپێنەدراوەکانی بەشەناوخۆییەکان 10
بەشی چوارەم: ڕێکارەکانی سزادان و دوورخستنەوە لە بەشەناوخۆیی 11
یەکەم: دەسەڵاتی زانکۆ لە کاتی ڕووداوە نەخوازراوەکاندا 11
دووەم: کارگێڕی بەشەناوخۆییەکان 11
سێیەم: بێبەشکردن و دوورخستنەوەی یەکجارەکی 12

مەبەستی پەیرەو

ڕێکخستن و یەکخستنی ڕێکار و ڕێنمایی بەشەناوخۆییەکانی زانکۆی سۆران، بە مەبەستی دابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست، ڕێکخراو و گونجاو بۆ نیشتەجێبوونی قوتابیان (کچ و کوڕ)، دیاریکردنی ماف، ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکان، هەروەها ڕێکارەکانی چاودێری، بەدواداچوون و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان لە بەشەناوخۆییەکان.

پەیامی پەیرەو

زانکۆی سۆران پابەندە بە دابینکردنی شوێنێکی نیشتەجێبوونی گونجاو و شایستە بۆ قوتابیانی (وەرگیراوی زانکۆلاین) دەرەوەی شار، بە شێوەیەک ڕێز، تەندروستی، پاکی، پاراستنی کەلوپەل و ڕەفتاری گونجاو تێیدا بنەما و بنچینە بن، دروستکردنی کەشێکی گونجاو بۆ خوێندن، تێیدا قوتابی پابەندی یاسا و پاراستنی سامانی گشتی بێت.

بوختەی پەیرەو

ئەم پەیرەوە کۆمەڵێک بنەما، کە ماف و ئەرکەکانی قوتابی دیاریدەکات لەخۆدەگرێت، لەوانە:

- پێکهاتەی بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکان هۆبەی (کوڕان/کچان).
- ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکان.
- مەرجەکانی وەرگرتن (دووری ڕێگە، هەروەها قوتابی زانکۆی سۆران بێت).
- قەدەغەکردنی ڕەفتارە نەشیاوەکان (چەک، مادەی بێهۆشکەر و ژاوەژاو).
- دیاریکردنی سزاکان بۆ سەرپێچیکاران.
- بەرپرسیاریەتی قوتابی بەرانبەر کەلوپەل و پاکوخاوێنی.

ئۆفیسی بەرپرس

خاوەنی پەیرەو: بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکان.
پێداچوونەوە: ئۆفیسی پلانی ستراتیژی و پەیرەوەکان.
پەسەندکردن و جێبەجێکردن: ئەنجومەنی زانکۆی سۆران.

بەرپرسی جێبەجێکار

یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری قوتابیان: وەک بەرپرسی یەکەمی کارگێڕی.
بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکان: کە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی جێبەجێکردنی پەیرەوەکە دەکات.

لایەنی جێبەجێکاری پەیرەو

بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی.

سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران (کارگێڕی و دارایی).

ستافی سەرپەرشتیاری بەشەناوخۆییەکان.

لێژنە یاساییەکان (لە کاتی کێشە و سزادانا).

خەزانی قوتابیان (لە دۆخی پێویست و مۆڵەتدا).

سەرچاوەکانی پەیرەو

ڕێکەوتی پەسەندکردن:

ڕێکەوتی هەمواکردنەوە:

چوارچێوەی پەیرەو

بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکانی زانکۆی سۆران هۆبەی (کوڕان و کچان) دەگرێتەوە، سەرجەم قوتابیانی نیشتەجێ لە بەشەناوخۆییەکانی زانکۆ، ستافی کارگێڕی و سەرپەرشتیارانی بەشەناوخۆییەکان لەژێر چوارچێوەی ئەم ڕێنماییانەدا دەبن.

بەشی یەکەم: پێناسەکان

بەڕێوەبەرایەتی: بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکانی زانکۆی سۆران.

بەشەناوخۆیی: سەرجەم ئەو باڵەخانە و کەمپەسانە (یان باڵەخانە بەکرێگیراوانەی) دەگرێتەوە، کە لەلایەن زانکۆی سۆرانەوە تەرخانکراون بۆ نیشتەجێبوونی قوتابیان.

قوتابیی نیشتەجێبوو: ئەو قوتابییەی بەپێی ڕێکار و مەرجە فەرمییەکان مافی نیشتەجێبوونی لە بەشەناوخۆیی پێدراوە و بە فەرمی تۆمارکراوە.

ستافی سەرپەرشتیار: سەرجەم فەرمانبەران، سەرپەرشتیارانی بەیانییان و شەوانە، و کارمەندانی ئاسایش و خزمەتگوزاری، کە بەرپرسن لە بەڕێوەبردن و چاودێریکردنی بەشەناوخۆییەکان.

بارمتەی دارایی: بڕە پارەیەکی دیاریکراوە، کە قوتابی لە سەرەتای وەرگرتنی ژووردا دەیدات بە ئیدارەی بەشەناوخۆیی وەک زامنی پاراستنی کەلوپەل و سامانی گشتی؛ ئەم پارەیە لە کۆتایی ساڵی خوێندندا دوای ڕادەستکردنەوەی ژوور و بەدەستهێنانی ئەستۆپاکی (پاکانە) بە تەواوی بۆ قوتابییەکە دەگەڕێندرێتەوە.

دابونەریتە گشتییەکان و ئادابی گشتی: کۆمەڵێک بەها، ڕەفتار و ڕێسای ئاکاریی پەیرەوکراون لە کۆمەڵگە و ناوەندە ئەکادیمییەکاندا، کە بریتیین لە پۆشینی جلوبەرگی شایستە، بەکارهێنانی ئاخاوتنی ئاستبەرز، دوورکەوتنەوە لە دەستەواژە و ڕەفتاری نەشیاو، و ڕێزگرتن لە سنووری کەسی و ئازادییەکانی قوتابییانی تر و ستافی کارگێڕی.

لێژنەی لێکۆڵینەوە: لێژنەی تایبەتمەندی تۆمارکردن و لێکۆڵینەوە لە پێشێلکاری و سەرپێچییەکانی قوتابییان، کە لەسەر بڕیاری سەرۆکایەتی زانکۆ یان بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکان پێکدەهێنرێت.

بەشی دووەم: پێکهاتە و ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکان

بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکان لەڕووی کارگێڕییەوە ڕاستەوخۆ سەر بە یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری قوتابییانە و لە دوو هۆبە پێکدێت:

أ- هۆبەی کوڕان:

ئەرکی ئەم هۆبەیە بریتییە لە دابینکردنی شوێنی مانەوە بۆ قوتابیانی کوڕ، سەرپەرشتی، ڕێنمایی فەرمانبەران و سەرپەرشتیاران لە ناو بەشەناوخۆییەکان، وەرگرتن و چارەسەرکردنی گرفت و پێداویستییەکانیان ... هتد دەکات.

ب- هۆبەی کچان:

ئەرکی ئەم هۆبەیە بریتییە لە دابینکردنی شوێنی مانەوە بۆ قوتابیانی کچ، سەرپەرشتی، ڕێنمایی فەرمانبەران و سەرپەرشتیاران لە ناو بەشەناوخۆییەکان، وەرگرتن و چارەسەرکردنی گرفت و پێداویستییەکانیان ... هتد دەکات..

بەشی سێیەم: پێکهاتەی پەیرەوی بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکان

ئەم پەیرەوە لەم خاڵانەی خوارەوە پێکدێت:

یەکەم: مەرج و ڕێکارەکانی پێدانی بەشەناوخۆیی

١. تەنیا قوتابییانی وەگیراوی زانکۆلایەنی زانکۆی سۆران مافی پێشکەشکردنی داواکارییان بۆ وەرگرتنی بەشەناوخۆیی هەیە.
٢. پێویستە شوێنی نیشتەجێبوونی قوتابی لە دەرەوەی سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بێت، بەشێوەیەک کە نەتوانێت ڕۆژانە بە ئاسانی هاتووچۆ بکات. قوتابییانی نیشتەجێی ئەم ناوچانە ناتوانن لە بەشەناخۆییەکان سوودمەند بن (سەنتەری ناوەندی قەزای سۆران، سەنتەری قەزای ڕواندز، سەنتەری قەزای خەلیفان، قەزای مێرگەسۆر، بەرزێوە، بەرسیرین، سیتکان، هەسنان).

قوتابی شوێنەکانی تر دەتوانن سوودمەندبن لە نیشتەجێبوون لە بەشەناوخۆییەکانی زانکۆی سۆران، بۆ ئەم مەبەستە پشت بە کارتی زانیاریی دەبەستێت، لە ئەگەری نەبوونی کارتی زانیاریی، پێویستە پشتگیری نەبوونی کارتی زانیاریی لە قایمەقامییەت و پشتگیری موختار پێشکەشبکات.

٣. پێویستە قوتابی پابەند بێت بە تەواوی پەیرەو، یاسا و ڕێنماییەکانی زانکۆ و ڕێزگرتن لە ئاداب و نەریتە کۆمەڵایەتی و ئازادییە کەسییەکان.

٤. ژوور و باڵەخانەی مانەوەی قوتابی لە لایەن کارگێڕیی بەشەناوخۆییەکان دیاری دەکرێت.

٥. پێویستە قوتابیان زانیاریی ڕاست و دروست بدەن بە بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکان، چونکە هەر قوتابییەک پشتگیری ساختە یان زانیاریی نادروست بۆ وەرگرتنی بەشەناوخۆیی بەکاربهێنێت (وەک دوریی شوێنی نیشتەجێبوون یان نەبوونی هۆکاری گواستنەوە و هۆکارەکانی تر)، تا کاتی دەرچوونی لە زانکۆی سۆران لە مافی وەرگرتنی بەشەناوخۆیی بێبەشدەکرێت و لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵدا دەکرێت.

٦. دڵنیابوون لە تەندروستیی دەروونی و جەستەیی قوتایی وەرگیراو.

دووەم: ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکان

١. پێویستە لە تەواوی بەشەناوخۆییەکاندا ژمارە تەلەفۆنەکانی باری لەناکاو، وەک (پۆلیسی فریاکەوتن، ئاگرکوژێنەوە و ئەمبولانس)، بەشێوەی ڕوون هەڵواسراو بن.

٢. پێویستە ژووری بەشەناوخۆییەکان ژمارەکراو بن.

٣. پێویستە باڵەخانە یان شوێنی بەشەناوخۆییەکان، مۆڵکی زانکۆ بن یان بەکرێگیراو بن، لەگەڵ ئەوەشدا تابلۆیەکی ناساندنی لەسەر هەڵواسرابێت، کە تێدا ناو و ژمارەی بەشێوەی چاپکراو نووسرابێت.

٤. پێویستە لیستی پێداویستییەکان، کێشە و کەموکوڕییەکان لە کۆتایی ساڵی خوێندندا ئامادەبکرێن و پێشکەش بە سەرۆکی زانکۆ یان یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری قوتابیان بکرێت، بە مەبەستی چارەسەرکردنیان پێش دەستپێکردنەوەی ساڵی نوێی خوێندن.

٥. لە دیاریکردنی تەواوی ستافی بەشەناوخۆییەکان، پێویستە سەرجەم فەرمانبەران بۆ بەشەناوخۆیی کچان لە ڕەگەزی مێ بن و بۆ بەشەناوخۆیی کوڕان لە ڕەگەزی نێر بن.

٦. دروستکردنی باجی تایبەت بۆ قوتایی بەشەناوخۆییەکان، بەپێی بڕیار و ڕێنماییە فەرمییەکان دەبێت.

٧. دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان بۆ قوتابی **(کارەبا و هەوای گەرم و سارد)**.

٨. چاودێریکردنی لایەنی سەلامەتی بەشەناوخۆییەکان لە سەلامەتی **(کارەبا، بوتلی گاز، ئاو و ئاوەڕۆ ...هتد)**، بۆ دوورکەوتنەوە لە هەر دۆخێکی لەناکاو یان نەخوازراو، هەروەها دابینکردنی پەیژەی فریاگوزاریی لە تەواوی بەشەناوخۆییەکاندا بەپێی مەرجەکانی بەرگری شارستانی بێت.

٩. بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی، سەردانی کافتریا و چێشتخانەکانی بەشەناوخۆیی بکرێت و دڵنیایی لە سەلامەتی خواردن، خواردنەوە و شێوازی ئامادەکردن و کۆگاکردنیان بەدەستبهێندرێت.

١٠. دانانی کامێرای چاودێریی لە دەرەوەی باڵەخانەکانی بەشەناوخۆیی، بۆ چاودێریی و ئاگاداربوون لە ڕەوشی گشتیی بەشەناوخۆییەکان.

١١. پێویستە ئاگاداری و تەواوی ڕێنمایی بەشەناوخۆییەکان، لە شوێنە دیاریکراوەکاندا هەڵبواسرێن.

١٢. دابینکردنی بنکەی تەندروستی یان ئەمبولانس بۆ دۆخی پێویست و نەخوازراو.

١٣. دڵنیابوونەوە لەو خواردن و خواردنەوانەی ئامادە دەکرێن بۆ میواندارێی قوتابیان، لە لایەن خێرخوازان یان هەر کەس و ڕێکخراوێک بێت، لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی.

١٤. دانانی ئامێری ئاگادارکردنەوەی ئاگرکەوتنەوە لە هەموو بەشەناوخۆییەکاندا.

١٥. ئەنجامدانی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ قوتابیان لەسەر چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لە کاتی ئاگرکەوتنەوەدا.

١٦. بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکان دەتوانێت چالاکی ڕاهێنان لە بواری یارمەتیی فریاگوزارێی سەرەتایی و خۆپاراستن بۆ قوتابیان یان فەرمانبەران ڕێکبخات.

١٧. بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکان پابەندە بە دابینکردنی سندووقی یارمەتیی فریاگوزاری سەرەتایی لە شوێنە دیاریکراوەکان و بەردەستبوونیان بە شێوەی بەردەوام.

١٨. پێویستە لیستی هەبووەکانی هەر ژوور و بەشەناوخۆییەک لە ژوورەکان هەڵبواسرێت و لایەنی بەرپرس لێی دیاریکراو بێت لە کاتی پاکانە بەراوردی هەبووەکان بکرێت بەو لیستە دوای دڵنیابوون لە سەلامەتی شتەکان، پاکانە واژوو بکرێت بە پێچەوانەوە پێویستە قوتابی هەمان شت دابین بکاتەوە.

سێیەم: ئەرک و بەرپرسیارێەتی قوتابیان

١. پێویستە قوتابی ڕێز لە دابونەریتە گشتییەکان، سەربەرشتیار و تەواوی ستافی کارگێڕی بەشەناوخۆییەکان بگرێت، جێبەجێکردنی داواکاری و ڕێنماییانەی، کە ئاڕاستەیان دەکرێت یان لە تابلۆی ئاگادارکردنەوەدا هەڵدەواسرێن.

٢. قوتابی پێویستە کەلوپەل، دیوار و تەواوی پێداویستییەکانی بەشەناوخۆیی و ژووری خۆی بپارێزێت و هیچ جۆرە زیانێکیان پێ نەگەیەنێت.

٣. پێویستە قوتابی لە کاتی هاتنەژوور و دەرچوونیدا ناسنامە یان باجی تایبەت بە بەشەناوخۆیی ببەستێت.

٤. پێویستە قوتابی فۆرمێکی فەرمی پڕبکاتەوە و واژۆی بکات، لەمەڕ سەرجەم ئەو کەلوپەلانەی، کە وەریانگرتووە و پاراستنیان لە ئەستۆی قوتابی دایە، ئیدارەی بەشەناوخۆییەکان لە دیارنەمان و ونبوونیان بەرپرس نییە.

٥. پاکڕاگرتنی بەشەناوخۆیی و دوورکەوتنەوە لە پیسکردن، تێکدانی سیمای بەشەناوخۆییەکان، نووسین لەسەر دیوار، فڕێدانی پاشماوە لە ڕێڕەوەکان و هەر کارێک، کە زیان بە ژینگەی بەشەناوخۆیی بگەیەنێت.

٦. پابەندبوون بە ڕێنماییە تایبەتییەکانی هاتنەژوور و دەرچوون لە بەشەناوخۆییەکان.

٧. لە کاتی ئەنجامدانی چالاکی یان گەشتی زانستی دا، پێویستە هەفتەیەک پێشتر بە یاداشتێکی فەرمی، ئیدارەی بەشەناوخۆیی لێ ئاگادارێکرێتەوە و لیستی ناوی قوتابیانی بەشداربوو، لەگەڵ ئاماژەدان بە ناوی ئەو مامۆستایەی سەرپەرشتی چالاکی یان گەشتەکە دەکات هاوپێچ بکرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی لە کاتی درەنگهاتنەوە و دۆخی نەخوازراو هاوکاری و یارمەتی بدرێن.

٨. پێویستە قوتابی لە کاتی ڕۆیشتن و گەڕانەوە بۆ ماڵەوە لە پشووەکانی هەفتەدا، ناوی خۆی لە تۆماری ئیدارەی بەشەناوخۆیی تۆمار بکات، بە پێچەوانەوە وەک ئامادەنەبوو تۆمارە دەکرێت.

٩. ڕادەستکردنەوەی ژوور و تەواوی ئەو کەلوپەلانەی لە دەستی قوتابی دایە، لە کۆتایی ساڵی خوێندن و پێش جێهێشتنی بەشەناوخۆیی بەو شێوەیەی وەری گرتووە، بە پێچەوانەوە بارمتەی بۆ ناگەڕێندرێتەوە.

١٠. هەر قوتابییەک پابەندی مەرجەکانی مانەوە نەبێت، بەپێ ئاگادارکردنەوە ژوورەکەی لێ وەردەگیرێتەوە.

١١. قوتابی نابێت بەبێ ڕەزامەندی فەرمیی کارگێڕی بەشەناوخۆیی ژوورەکەی بگۆڕێت.

١٢. هەر قوتابییەک کەلوپەلی تایبەتی خۆی هێنابێت، پێویستە لە کارگێڕی بەشەناوخۆیی تۆماربکرێت، بە پێچەوانەوە لە کۆتایی ساڵدا مافی بردنەدەرەوەی نابێت.

١٣. هەموو جۆرە گۆڕانکاری، هەڵواسینی ڕیکلام، پۆستەر یان هەر بڵاوکراوەیەکی تر پێویستە پێشتر ڕەزامەندی فەرمی کارگێڕی بەشەناوخۆیی لەسەر هەبێت، بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی لەگەڵ دەگیرێتەبەر.

١٤. پێویستە لیستی کەلوپەلەکانی هەر ژوورێک هەڵبواسرێت؛ لە کاتی گەڕاندنەوەی ژووردا، ئەستۆپاکی قوتابی بەپێی بەراوردکردنی کەلوپەلەکان بە لیستەکە دەدرێت.

١٥. لە کاتی زیانگەیاندن بە کەلوپەلی بەشەناوخۆیی، قوتابی بە بڕی پارەی چاککردنەوە یان نوێکردنەوە غەرامە دەکرێت. ئەگەر بکەری ڕووداوەکە دیار نەبوو، تێچووی چاککردنەوەکە دەکەوێتە سەر شانی سەرجەم قوتابییانی ئەو ژوورە، یان ئەو قوتابییانەی سوود لەو شوێنە گشتییە وەردەگرن (وەک چێشتخانە، هۆڵ، گەرماو و...). قەرەبووکردنەوەکە هاوتا دەبێت لەگەڵ بڕی زیانەکە؛ بۆ نموونە لە کاتی زیانگەیاندن بە بەشێکی موکێت، تێچووی تەواوی موکێتەکە وەردەگیرێت.

١٦. لە ئەگەری مانەوەی قوتابی شەوێک لە دەرەوەی بەشەناوخۆیی بە مەبەستی سەردانی خزم، ناسیاو و هاوڕێ، پێویستە پێشوەختە مۆڵەت لەسەرپەرشتیار وەربگرێت، جێی ئاماژەپێدانە سەرپەرشتیار لە هەمان کاتدا مافی ئاگادارکردنەوەی خێزانی قوتابی هەیە.

١٧. لە کاتی هەبوونی هەر کێشە، خراپبوون یان تێکچوونێک لەناو ژوور یان کەلوپەلی بەشەناوخۆیی، پێویستە فۆرمێکی تایبەت بەم مەبەستە پڕبکرێتەوە و بدرێت بە کارگێڕی بەشەناوخۆیی.

١٨. قوتابی پابەندە بە بەشداریکردن لە ڕاهێنانە تایبەتەکان بە ئاگرکوژاندنەوە و خۆپارێزی لە کاتی ئاگر کەوتنەوە لە ئەگەری کردنەوە و بەڕێوەبردنی خول لەلایەن زانکۆ.

١٩. پێویستە قوتابی لە کاتی دەرچوون لە ژوور یان بەشەناوخۆیی، تەواوی دەرگا و پەنجەرەکان دابخات.

٢٠. قوتابی مافی سکاڵای هەیە لە ڕێگەی سندوق یا ئیمێل لە ئەگەری توند و تیژی یان هەڵسوکەوتی نەشیاو یان هەبوونی گلەیی.

٢١. قوتابی پێویستە لە سەرەتای هەر سمستەرێک پشکنینی خولی ئەنجام بدات، بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی هەڵگری نەخۆشییە گوازراوەکان نییە.

چوارەم: هەڵسوکەوتە ڕێگەپێنەدراوەکانی بەشەناوخۆییەکان

١. ئەنجامدانی هەر هەڵوسەکەوت و ڕەفتارێک ببێتە هۆی زیانگەیاندن و لەکەدارکردنی ناو و ناوبانگی زانکۆ و بەشەناوخۆیی، قەدەغەیە.

٢. بەکارهێنان و بردنەژورەوەی مادەی بێهۆشکەرەکان و خواردنەوە کحوولییەکان قەدەغەیە.

٣. هێنانی چەک، دەم بۆکس و ئامێری بریندارکەری تر بۆ بەشەناوخۆیی بە هیچ شێوەیەک ڕێگەپێدراو نییە.

٤. پێویستە قوتابی بە ڕێگەی سەرەکی چوونە ناو بینای بەشەناوخۆیی و مەمەڕ و ژوورەکان هاتووچۆ بکات، هاتووچۆکردن لە پەیژەی سەلامەتی، سەر دیوار، سیاج و هەر ڕێگەیەکی تری نافەرمی قەدەغەیە.

٥. قوتابی بۆی نییە شەوانە بچێتە سەر بانی بەشەناوخۆییەکان و تەنیا لە حالەتی نەخوازراو و لە کاتی ئاگر کەوتنەوە لە بەشەناوخۆیی دەتوانێت بچێتە سەر بان و چاوەڕێی تیمەکانی فریاگوزاری بکات.

٦. هێنانەژورەوەی نێرگەلە، هێزەری کارەبایی و بەکارهێنانی یارییە ئاگرینەکان یاخود هەرشتێک ببێتەهۆی دروستبوونی ئاگر قەدەغەیە.

٧. بەکارهێنانی ئامێرە دەنگییەکان و بەرزکردنەوەی دەنگ (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ و مسجل ... تاد) بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە.

٨. سازدانی هەموو کۆڕ و کۆبونەوەیەکی سیاسی و بڵاوکردنەوەی ناوچەگەریی، جیاوازیی ئایینی، ئایدیۆلۆژیی و هەڵواسینی ڕیکلام قەدەغەیە.

٩. شوێن گۆڕینی قوتابی لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر و گواستنەوەی کەلوپەل لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر بەبێ ئاگاداری کارگێڕی بەشەناوخۆیی قەدەغەیە.

١٠. سنووربەزاندن و نواندنی ڕەفتاری نەشیاو بە گوفتار و ڕەفتار بەرانبەر سەرپەرشتیار و تەواوی ستافی بەشەناوخۆیی قەدەغەیە.

١١. هێنانی میوان و کەسانی دەرەکی بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە.

١٢. جل و بەرگی نەشیاو لە دەرەوەی ژوور و بەشەناوخۆیی ڕێگەپێدراو نییە.

١٣. بەخێوکردنی هەموو جۆرە ئاژەڵێک لەناو بەشەناوخۆیی ڕێگەپێدراو نییە.

١٤. دلیڤەری بە هەموو جۆرەکانییەوە (خواردن، جلکوبەرگ، جوانکاری ...هتد) دوای داخستنی دەرگا، قەدەغەیە.

١٥. تایبەت بەو قوتابیانەی دایک و باوکن، هێنانی منداڵ بۆ بەشەناوخۆییەکان ڕێگەپێدراو نییە.

١٦. ئەنجامدانی بۆنە و یادە تایبەتەکان وەک (یادی لەدایکبوون، خەنەبەندان ... هتد) قەدەغەیە.

١٧. پێویستە قوتابی خۆی بەدووربگرێت لە بەکارهێنانی کەلوپەلی قوتابیانی تر، بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت.

١٨. لە هەر حالەتێکی ونبوونی کەلوپەل، لێژنەیەکی یاسایی تایبەتمەند بۆ لێکۆڵینەوە بەپێی قەبارەی ڕووداوەکە پێکدەهێندرێت و بڕیار لەسەر سزایەکەی دەدرێت.

١٩. لە پێناو پاراستنی قوتابیان و ڕێکاری بەشەناوخۆییەکان کێشانی جگەرە، تەنیا لە شوێنی تەرخانکراو بۆ کێشانی جگەرە ڕێگەپێدراوە.

٢٠. بەکارهێنانی ڤەیپ و جگەرەی ئەلکترۆنی لەناو بەشەناوخۆییەکان بۆ هەردوو ڕەگەزی کچ و کوڕ قەدەغەیە.

بەشی چوارەم: ڕێکارەکانی سزادان و دووڕخستنەوە لە بەشەناوخۆیی

یەکەم: دەسەڵاتی زانکۆ لە کاتی ڕووداوە نەخوازراوەکاندا

لە کاتی ڕووداوی هەر بارودۆخێکی نەخوازراو یان ئەنجامدانی سەرپێچی لە بەشەناوخۆییەکاندا، زانکۆ دەسەڵاتی تەواوی هەیە ڕێکاری کارگێڕیی و یاسایی بگرێتە بەر. ئەگەر سەرپێچییەکە دووبارە بووەوە، دوای جێبەجێکردنی سزای پلە بە بەندکراوی سەرەتایی (وەک: پڕکردنەوەی بەڵێننامە، سەرنجڕاکێشان، ئاگادارکردنەوە، یان بڕبەشکردنی کاتی لە بەشەناوخۆیی)، ئەوا لەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتیی بەشەناوخۆییەکان، بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری یاسایی لێژنەیەکی تایبەتمەند بەپێی ڕێنماییەکانی بەرزەفتکردنی قوتابیان پێکدەهێنێت.

مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی سەرپێچیکار بەپێی ئەم ڕێکارانەی خوارەوە دەبێت

- هەبوونی بەڵگە لەسەر ئەنجامدانی سەرپێچیی.
- پێکهێنانی لێژنەی بەرزەفتکردن.
- لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە و وەرگرتنی بەڵگە.
- پێشنیازکردنی سزایەک لە لایەن لێژنەی لێکۆڵینەوە بەرانبەر بە قەبارەی سەرپێچیی.
- پەسەندکردن و جێبەجێکردنی بڕیاری کۆتایی لەلایەن دەسەڵاتی بڕیاردەرەوە.

دووەم: کارگێڕی بەشەناوخۆییەکان

کارگێڕی زانکۆ دەستکراوە دەبێت لە سزادانی قوتابیان و دەتوانێت دوای سزادانی سەرەتایی وەک: (سەرنجڕاکێشان، پڕکردنەوەی بەڵێننامە، ئاگادارکردنەوە قوتابی).

دەکرێت قوتابی لەلایەن لێژنەی تایبەتمەند لە بەشەناوخۆیی بۆ ماوەیەکی کاتی دووربخرێتەوە، کە لە ١٠ ڕۆژ زیاتر نەبێت، ئەگەر پابەندنەبوو بە ڕێنماییە ناوخۆییەکانی بەشەناوخۆیی، لەم بارانەدا:

١. لە کاتی پابەندنەبوون و سەرپێچیکردن لە ڕێنمایی و ڕێکارەکانی بەشەناوخۆیی.
٢. پابەندنەبوونی قوتابی بە خشتەی پاککردنەوەی بەشەناوخۆییەکان.
٣. پابەندنەبوون بە کاتی هاتنەوە و دەرچوون لە بەشەناوخۆییەکان یاخود بەکارهێنانی ڕێگەی نافەرمی بۆ هاتن و چوون.
٤. خراپ بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکەکان یاخود گرتنی وێنە و ڤیدیۆی قوتابیان و ستافی بەشەناوخۆیی.
٥. پێدانی زانیاری هەڵە بە ستافی بەشەناوخۆیی لە کاتی پڕکردنەوەی فۆرمی نەهاتنی قوتابیاندا.
٦. لە کاتی تەشهیرکردن و لەکەدارکردنی ناوی ئەندامێک لە ستافی بەشەناوخۆیی و قوتابیان.
٧. چوونە سەر بان و بالکۆنەکان بەبێ بوونی هیچ هۆکارێک.

سێیەم: بێبەشکردن و دوورخستنەوەی یەکجارەکی

قوتابی بە تەواوی لە بەشەناوخۆیی بێبەشدەکرێت و دوور دەخرێتەوە لەم بارانەی خوارەوە:

١. ئەنجامدانی کارێک، کە لەگەڵ داب و نەریت و ڕەوشتی کۆمەڵگە نەگونجاو بێت.
٢. خواردنەوەی ماددەی بێهوشکەر و سەرخۆشکەر لەناو باڵەخانەی بەشەناوخۆییدا.
٣. نانەوەی شەڕ و ئاژاوە لە بەشەناوخۆیی، یاخود دەستدرێژیکردنە سەر فەرمانبەران و ستافی بەشەناوخۆییەکان.
٤. لە کاتی دووبارەبوونەوەی سزادرانی بە (سەرزەنشکردن، ئاگادارکردنەوە و بێبەشکردنی بۆ ماوەیەکی کاتی).
٥. ئەگەر قوتابی دوورخرایەوە لە زانکۆ، بەهەر هۆیەک بێت، بە هەمان شێوە لە بەشەناوخۆییش دوورەدخرێتەوە.
٦. ئەگەر قوتابی حکومدرابێت بە تاوانێک، یاخود کەتنێک دژی شەرەف و ئادابی گشتیی بەسەردا سەپابێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سۆران
بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری

ناونیشانی پەیڕەو :

لیژنەی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی - زانکۆی سۆران

SU- Institutional Accreditation Committee (IAC)

ئۆفیسی پەیوەندیدار : ئۆفیسی متمانەبەخشین

زنجیرەی پەیڕەو : SU-SUPO-DQA-02

وەشانی ژمارە : 01

ڕێکەوتی وەشان: ٢٠٢٥/٠٦/٢٩

ڕێکەوتی بڵاوکراوی سەرەکی:

ئیمەیڵ و ماڵپەڕ

su.supo@soran.edu.iq

supo.soran.edu

مەبەستی پەیڕەو

مەبەست لەم پەیڕەوە دامەزراندنی لیژنەی متمانەبەخشینی دامەزراوەییە(IAC) لە زانکۆی سۆران، کە بەرپرسیارە لە چاودێریکردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی زانکۆ لە پرۆسەی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی وەک ئەوەی لە دەستەی متمانەبەخشینی کوردستان بۆ پەروەردە و خوێندنی باڵا(KAAE) دیاری کراوە. ئەمەش قۆناغەکانی شایستەبوون، کاندیدبوون، متمانەبەخشینی سەرەتایی و نوێکردنەوەی متمانەبەخشین لە ماوەی پێنج ساڵەدا دەگرێتەوە. پەیڕەوەکە پێکهاتە و چوارچێوە و بەرپرسیاریەتی لیژنەکە دیاریدەکات بۆ دڵنیابوون لە ڕێبازێکی هەماهەنگ و بەڵگەدار و ستراتیژی بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت بۆ لیژنەی دڵنیایی کاریگەری دامەزراوەیی و ئاگادارکردنیان لە گشت بەرەو پێشچوون و بەربەستەکان.

پەیامی پەیڕەو

زانکۆی سۆران پرۆسەی متمانەبەخشین وەک میکانیزمێکی گرنگ بۆ متمانەی دامەزراوەیی و پێشکەوتنی بەردەوام و هاوئاهەنگ(هاوتەریب) لەگەڵ ستانداردە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان پێناسە دەکات. ئەم پەیڕەوە پابەندبوونی زانکۆ دووپات دەکاتەوە بۆ دامەزراندنی لیژنەیەکی تایبەت بە متمانەبەخشین(AC) کە سەرپەرشتی هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی متمانەبەخشین بەپێی داواکارییەکانی KAAE دەکات.

لیژنەکە هەوڵە دامەزراوەییەکان ڕێکدەخات بۆ جێبەجێکردنی ستانداردە بنەڕەتییەکانی متمانەبەخشین، ئاراستەکردنی پرۆسەی کۆکردنەوە و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و بەڵگەکان، پاڵپشتی بۆ پەرەپێدانی تواناکان، و دڵنیابوون لەوەی کە هەموو ڕاپۆرتەکانی خودهەڵسەنگاندن و پابەندبوونەکان بەپێی پێویست پێشکەش دەکرێن. لە ڕێگەی ئەم پەیڕەوەوە، زانکۆ شەفافیەت و کاری بەیەکەوەیی و پابەندبوونی بەردەوام بەپێی مەرجەکانی متمانەبەخشین مسۆگەر دەکات.

پوختەی پەیڕەو

ئەم پەیڕەوە دەسەڵات، پێکهاتە و ڕێکارەکانی کارکردنی لیژنەی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی(IAC) دیاری دەکات، لەوانەش ئۆفیسی متمانەبەخشین و گشت لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم پرۆسەیە. ئەم پەیڕەوە دەسەڵات بە لیژنەی متمانەبەخشینی دامەزراوەییIAC دەدات بۆ سەرپەرشتیکردنی هەوڵە دامەزراوەییەکان لە قۆناغەکانی شایستەیوون،

کاندیدبوون و متمانەبەخشینی سەرەتایی لە KAAE و قۆناغەکانی دواتر. هەروەها لیژنەکە کار لەسەر مەرج و پێداویستییەکانی دوای متمانەبەخشین دەکات، وەک ئامادەکردنی ڕاپۆرتی خودهەڵسەنگاندن و ئاراستەکردنی زانکۆ لە ماوەی پێنج ساڵەی نوێکردنەوەی متمانەبەخشین. IAC وەک لایەنێکی هەماهەنگکار(ڕێکخەر) و بەڕێوەبەری کاری دامەزراوەیی پەیوەست بە پرۆسەی متمانەبەخشین کاردەکات و بە شێوەی وەرزی ڕاپۆرت و پلانی خۆی پێشکەش بە لیژنەی دڵنیایی کاریگەری دامەزراوەیی دەکات و دوای پەسەندکردنی لە ئەنجومەنی زانکۆ دەبێتە بەرنامەی کاری لیژنەکە.

چوارچێوەی پەیڕەو

ئەم پەیڕەوە چوارچێوەی کارکردن بۆ لیژنەی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی(IAC) و ئۆفیسی لیژنەی متمانەبەخشین و سەرجەم لایەنە کارگێڕی و بەشە ئەکادیمییەکانی زانکۆی سۆران دادەنێت کە بەشدارن لە ئامادەکردن و پێشکەشکردن و بەڕێوەبردنی بەڵگەنامە و چالاکییەکانی پەیوەست بە متمانەبەخشین.

ئۆفیسی بەرپرسیار

ئۆفیسی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی زانکۆی سۆران (Institutional Accreditation Office - IAO)

بەرپرسی جێبەجێکار

سەرۆکی زانکۆی سۆران

سەربوردەی پەیڕەو

ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢١/٦/٢٠٢٥

ڕێکەوتی گۆڕانکاری:

لایەنی پەیوەندیدار

ئەم بەڕێزانە بەشدارن لە جێبەجێکردنی پەیڕەوەکە:

- ئەندامانی لیژنەی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی (IAC).
- سەرجەم یەکەکانی زانکۆ کە بەرپرسن لە پێوەر و ستانداردەکانی متمانەبەخشین.

- ئۆفیسی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی(IAO).

پێکهێنانی لیژنەی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی(IAC)

لیژنەی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی لە نوێنەرانی دیاریکراو لە بەشە ئەکادیمی و کارگێڕییەکان کە بەرپرسیارن لە دابینکردن و بەڕێوەبردنی کار و بەڵگەنامە داواکراوەکانی پرۆسەی متمانەبەخشین، پێکدەهێنرێت. هەر ئەندامێک بە "بەرپرسی پێوەرێک(یان زیاتر)" دادەنرێت بە پشتبەستن بە ستاندارد بنەڕەتییەکانی متمانەبەخشین. پێکهاتەی لیژنەکە پێویستە بە جۆرێک بێت کە دڵنیایی بدات لەوەی هەر قۆناغێکی پرۆسەی متمانەبەخشین لەلایەن ئەو کەسانەی کە بەرپرسیاریەتی کارایان هەیە بۆ ئەنجامدانی چالاکییە پەیوەندیدارەکان، ڕێبەرایەتی دەکرێت.

ئەندامان لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە دەستنیشاندەکرێن:

- هەبوونی ڕۆڵی دامەزراوەیی لە بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی پەیوەست بە پێوەر و ستانداردەکانی متمانەبەخشین.
- هەبوونی توانای کاری پێکەوەیی لە کارەکان و بەشداریکردن لە پەرەپێدانی خودهەڵسەنگاندن.
- ئامادەیی و ئارەزوویان بۆ بەشداریی چالاکانە لە کاری ئەم لیژنەیەدا.

پێکهاتەی لیژنەی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی(IAC)

لیژنەی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی(IAC) لە زانکۆی سۆران پێکدێت لە ١٦ بۆ ١٨ ئەندام، کە بە وردییەوە هەڵبژێردرێن، بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی نوێنەرایەتی پێکهاتە هەمەجۆرەکان، خاوەن ئەزموون و شارەزا لە ئەرکی جیاواز، گونجاو لەگەڵ ئەرکە ستراتیژییەکانی لیژنە. ئەم پێکهاتەیە بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان گشتگیری و کارایی کارگێڕییەکان، دارێژراوە بە پشتبەستن بە ئەندامیەتی ستافی ئەکادیمی، کارگێڕی، قوتابی، دەرچووان و لایەنی پەیوەندیدارە دەرەکییەکان.

پێکهاتەی پێشنیارکراو بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- سەرۆکی لیژنە: ئەندامێکی ئەنجومەنی زانکۆ
- نوێنەرانی ڕاگرەکان (٢ ئەندام): نوێنەرانی فاکەڵتییە جیاوازەکان بۆ دڵنیابوون لە بەشداریی ڕێبەرایەتی فاکەڵتییەکان.

•ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە (٢ ئەندام): نوێنەرانی فاکەڵتییە جیاوازەکان بۆ پێشکەشکردنی ڕوانگەی ئەکادیمی.

•ئەندامێکی ئۆفیسی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی(IAO): گونجاندن و چاودێریی تەکنیکی لەسەر چالاکییەکانی لیژنەی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی.

•بەڕێسی هۆبەی بەدەستهێنانی متمانەی نیودەوڵەتی: نوێنەرایەتی هۆبەکە دەکات.

•بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری(DQA): نوێنەرایەتی بەڕێوەبردنی سیستەمی دڵنیایی جۆری

•بەڕێوەبەرایەتی دارایی: نوێنەرایەتی بەڕێوەبردنی سیستەمی دارایی

•بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەمرۆییەکان: دڵنیابوون لە گونجان لەگەڵ بەڕێوەبردنی کارگێڕی و سیستەمی دامەزراوەیی

•بەڕێوەبەرایەتی سەنتەری پێداگۆجی و پەرەپێدانی ئەکادیمی

•پسپۆری شیکاری ئاماری

•بەڕێوەبەرایەتی سەنتەری پەرەپێدانی کار

• بەڕێوەبەرایەتی تۆماری زانکۆ

•نوێنەری قوتابیان (١ ئەندام): لە لایەن لیژنەی نوێنەرایەتی قوتابیانەوە دیاری دەکرێت.

•نوێنەری دەرچووان (١ ئەندام): بەشداریی دەرچووە بە ئەزموونەکان لە بابەتە جیاوازەکان بۆ زانینی ڕوانگەیان لە کاریگەریی درێژخایەنی خوێندن.

•ئەندامی دەرەکی (٢ ئەندام): نوێنەرایەتکردن لایەنە پەیوەندیدارە دەرکییەکان.

لە متمانەبەخشینی دامەزراوەیی و ڕاپرسی، بە مەبەستی پێشکەشکردنی ڕاوێژ دەکرێت شارەزا و پسپۆری دەرەکی وەک ڕاوێژکار بانگهێشت بکرێ.

ماوەی ئەندامیەتی گشت ئەندامەکان (جگە لە سەرۆکی لیژنە) لەم لیژنەیە دوو ساڵە، دوای تێپەڕینی دوو ساڵ، هەڵسەنگاندن بۆ کاری ئەندامانی لیژنە دەکرێت، لە ئەگەری سەرکەوتن لە جێبەجێکردنی کارەکانیان، دەکرێت بۆ دوو ساڵی دیکە ئەندامێتیان لەم لیژنەیە نوێ بکرێتەوە، ئەگینا بە پێی پێویستی لیژنەکە و بە دڵنیابوون لە جۆراوجۆری پسپۆرییەکان، گرنگی، بەشداریی چالاکی دامەزراوەیی، ئەندامانی نوێ دیاری دەکرێن. بەپێی پێویستی و بارودۆخی تایبەت سەرۆکی لیژنە پێشنیازی بەخشینی ئەندام و دانانی ئەندامی نوێ و هەروەها پێشنیازی پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی بۆ کاری تایبەت، بۆ بەرێز سەرۆکی زانکۆ دەکات.

بە فەرمانی سەرۆکی لیژنە دەتوانرێت بەپێی پێویستی بۆ بابەتی تایبەت یان بەرنامەی کاری دیاریکراو ئەندامانی زیاتر یان چاودێر(بینەر)، بانگهێشت بکرێن. چاوەڕێ دەکرێت هەموو ئەندامانی لیژنە بەشێوەیەکی چالاک بەشداریی کۆبوونەوەکان بکەن، بەشدار بن لە بڕیاردان، و ڕەچاوی بنەماکانی هاوکاری، شەفافییەت، و وەڵامدانەوە و جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بکەن.

جگە لەمە، لیژنەی دڵنیایی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی دەتوانێت پێشنیازی پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی بۆ بابەتە تایبەتەکانی وەک متمانەبەخشینی پرۆگرامە ئەکادیمییەکان، هەڵسەنگاندنی ژێرخانی کارگێڕی و ئەکادیمی، پێداچوونەوەی پەیڕەو و بەڵگەنامەکان، ئەنجامدانی وێرکشۆپ و خولەکانی پەرەپێدانی تواناکان، توێژینەوە، و پرۆسە ئەکادیمی و کارگێڕییەکان، ... هتد بۆ بەرێز سەرۆکی زانکۆ بەرزیکاتەوە. ئەم لیژنە لاوەکییانە دەرفەتی گەنگەشەی زۆرتر و تێگەیشتنێکی قوواڵتر لە هەر بوارێک دەرەخسێنن. دەکرێ ئەندامانی ئەم لیژنە لاوەکییانە لە لیژنەی سەرەکی دیاری بکرێن، بە پشت بەستن بە پسپۆری و شارەزاییان دەتوانرێ ڕێکاری لەبارتر و گونجاوتر بۆ پەرەپێدانی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی لە تەواوی زانکۆدا پێشکەش بکەن.

لەکاتی پێکهێنانی لیژنەی دڵنیایی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی(**IAC**) پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگیرێن:

- ئەو بەرپرسانە دەستنیشان دەکرێن بۆ ئەندامێتی لیژنە کە شارەزاییان لە پلانی ستراتیژی، دڵنیایی جۆری و پرۆسەی متمانەبەخشین هەیە.
- بە پێی پێکهاتەی لیژنەکە، ئەنجومەنی زانکۆ ئەو ئەندامانە دیاری دەکات کە بە پۆست لە لیژنەکەدا نین.

•لە دیاریکردنی نوێنەری قوتابی، دەرچووان و لایەنە پەیوەندیدارە دەرەکییەکان ڕەچاوی جۆراوجۆری دەکرێت بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی ڕوانگەی جیاواز لە کارایی و کاریگەریی دامەزراوەیی و کوالیتی.

•پێویستە پێوەری ڕوون و شەفاف بۆ دەستنیشانکردنی ئەندامەکان دیاریبکرێت، وەک: ئەزموونی پەیوەندیدار، شارەزایی، پابەندبوون بە ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکان، و حەزی بەشداریکردن لە چالاکییەکانی لیژنە.

•بە مەبەستی بەرزکردنی ئاستی ئەکادیمی و کارامەیی ئەندامانی لیژنە لە بوارەکانی متمانەبەخشین، هەڵسەنگاندن و دڵنیایی جۆری، دەرفەتی گەشەپێدانی پیشەیی و فێربوونی بەردەوامیان بۆ دابینەدەکرێت.

ئامانجە سەرەکییەکانی لیژنەی دڵنیایی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی

- دڵنیابوونەوە لە ئامادەیی دامەزراوەیی زانکۆ بۆ هەر قۆناغێکی پڕۆسەی متمانەبەخشین.
- دەستنیشانکردن و پرکردنەوەی کەموکورتیی پێوەرە تەواونەکراوەکان لە پێوەرە بنەڕەتییەکانی قۆناغی شایستەیبوون.
- هەماهەنگی لەگەڵ گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی داڕشتنی پلانی دامەزراوەیی لە قۆناغی کاندیدبووندا.
- ڕێنماییدان بۆ ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بەڵگەنامە پێویستەکانی قۆناغی سەرەتایی متمانەبەخشین.
- سەرپەرشتیکردنی نوێکردنەوەی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی لە کاتی خۆیدا (هەر پێنج ساڵ جارێک).
- ئاراستەکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانی خودهەڵسەنگاندن بە بەپێی داواکارییەکانی KAAE.
- پەرەپێدانی تێگەیشتن و توانای دامەزراوەیی سەبارەت بە پێوەر و ڕێکارەکانی متمانەبەخشین.

ئەرکەکانی **IAC**

IAC - چاودێریی ستراتیژ، هەماهەنگی و ڕێکخستنەکانی تایبەت بە پڕۆسەی متمانەبەخشین دەکات.

- ڕێبەرایەتی پلاندانانی دامەزراوەیی دەکات بۆ پابەندبوون، بەدواداچوون بۆ پێشکەوتنەکان، و دڵنیایی دان لە پێشکەشکردنی هەموو بەڵگەنامەکانی تایبەت بە متمانەبەخشین لە کاتی خۆیدا.
- لیژنە پشتگیری لە میکانیزمەکانی پێداچوونەوەی ناوخۆیی دەکات.
- زانکۆ ئامادە دەکات بۆ سەردانی هەڵسەنگێنەرە دەرەکییەکان، و دڵنیای دەدات لەوەی کە متمانەبەخشین دەبێتە بەشێک لە پلاندانانی دامەزراوەیی و سیستەمی دڵنیایی جۆری.

بەرپرسیەتییەکانی IAC

لیژنەی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی لە زانکۆی سۆران بەرپرسیارێتییەکی سەرەکی لە ئەستۆدایە بۆ ڕێکخستنی هەوڵەکانی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی بەگوێرەی ستاندارد و ڕێکارەکانی دەستەی متمانەبەخشینی کوردستان بۆ پەروەردە و خوێندنی باڵا. بەرپرسیارێتییە سەرەکییەکانی بریتین لە:

یەکەم - چاودێری قۆناغەکان(**Stage Oversight**) :

سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستنی هەوڵەکانی زانکۆ لە هەر سێ قۆناغی متمانەبەخشیندا:

- قۆناغی شایستەبوون: دەستنیشانکردن و تەواوکردنی پێداویستییەکانی پابەندبوون بە پێوەرە بنەڕەتییەکان.
- قۆناغی کاندیدبوون: سەرپەرشتیکردنی پەرەپێدان و جێبەجێکردنی پلانی دامەزراوەیی بۆ بەجێهێنانی ستانداردەکانی متمانەبەخشین.
- قۆناغی سەرەتایی متمانەبەخشین: دڵنیابوون لە پێشکەشکردنی بەڵگەی تەواو و پشتڕاستکراوە کە پابەندبوونی تەواو بە پێوەرە بنەڕەتییەکانی متمانەبەخشین نیشان دەدات.

دووەم -شیکردنەوەی کەموکوڕییەکان و پلاندانانی کرداری(**Gap Analysis and Action Planning**):

- پێداچوونەوەی سیستماتیکی بەکرداری دامەزراوەییە هەنووکەییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی هاوئاهەنگبوونیان لەگەڵ ستانداردە بنەڕەتییەکانی متمانەبەخشین.
- پەرەپێدانی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان و دیاریکردنی هەنگاوەکان بە پێی کاتێکی دیاریکراو(timelines) بە هاوکاری لەگەڵ یەکە پەیوەندیدارەکان.

سێیەم - بەڕێوەبردنی بەڵگەنامەکان(**Evidence Management**):

- سپاردنی بەرپرسیارێتی پێوەرە تایبەتەکانی متمانەبەخشین بە یەکەکان یان تیمە دیاریکراوەکان.
- پێداچوونەوە و چەسپاندنی هەموو بەڵگە پێشکەشکراوەکان بۆ دڵنیابوون لە هاوئاهەنگبوونیان لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی.KAAE
- پاراستنی بەڵگەنامە پەسەندکراوەکان لە شوێنێکی تایبەت، لەپێناو بەردەستبوون بۆ وردبینی و بەردەوامیی بەڵگەنامەسازی.

چوارەم - ڕاپۆرتەکانی خودهەڵسەنگاندن(**Self-Study Reports**):

- دانانی ڕێنمایی بۆ ئامادەکردن و پێداچوونەوە و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکانی خودهەڵسەنگاندن لە قۆناغە جیاوازەکانی پرۆسەی متمانەبەخشین.
- دڵنیابوون لەوەی کە هەموو ڕاپۆرتەکان ورد و گشتگیر و بەڵگەدارن.

پێنجەم - پەرەپێدانی تواناکان(**Capacity Building**):

- پێشخستنی تێگەیشتنی دامەزراوەیی لە ستانداردەکانی متمانەبەخشین لە ڕێگەی ڕاهێنان، وێرکشۆپ و بەرنامەکانی ئاراستەکردن بۆ لایەنە بەشداربووەکانی پرۆسەکە.

شەشەم - نوێکردنەوەی متمانەبەخشین(**Accreditation Renewal**):

- سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی نوێکردنەوەی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی (هەر پێنج ساڵ جارێک)، هەروەها دڵنیابوونەوە لەوەی کە هەموو بەڵگەنامەکان، ڕاپۆرتەکان، و هەنگاوە کردەییەکانی پەیوەست بە پەرەپێدانی بەردەوام بە باشی بەڵگەدارکراون و ئامادەن بۆ پێداچوونەوە.

حەوتەم - پەیوەندیی دامەزراوەیی(**Institutional Communication**):

- پێشکەشکردنی زانیاری تایبەت بە پێشکەوتن، ئالنگاری و بەربەستەکانی پرۆسەی متمانەبەخشین بە لیژنەی دڵنیایی کاریگەری دامەزراوەیی زانکۆ.
- ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ KAAE یان دەزگا باوەڕپێکراوەکانی دیکە، بەپێی پێویست.

هەشتەم - چاودێریکردن و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت(**Monitoring and Reporting**):

- دانانی میکانیزمەکانی چاودێریکردنی بەردەوامی پابەندبوون بە ستانداردەکانی متمانەبەخشین.
- پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی وەرزی لەسەر پێشکەوتن و ئالنگارییەکان، ئاستی ئامادەیی زانکۆ لە چوارچێوەی پرۆسەی متمانەبەخشین بۆ لیژنەی دڵنیایی کاریگەری دامەزراوەیی زانکۆ.

نۆیەم - ئامادەکاری بۆ سەردانی مەیدانی(**Site Visit Preparation**):

- ڕێکخستنی ئامادەکاریی لۆجستی و تەکنیکی بۆ سەردانەکانی KAAE یان هەر دامەزراوەیەکی متمانەبەخشینی دیکە بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و دڵنیابوونەوە لەوەی گشت بەڵگەنامەکان بەردەستن و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئامادەن بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ هەڵسەنگێنەران.

دەیەم - بەستنەوەی هەنگاوەکانی پرۆسەی متمانەبەخشین لەگەڵ دڵنیایی جۆری و پلانی ستراتیژی:

- دڵنیابوون لە پێکەوەبەستنەوەی پرۆسەی متمانەبەخشین لەگەڵ سیستەمی دڵنیایی جۆری زانکۆ، ئامانجەکانی پلانی ستراتیژی و چوارچێوەی کاریگەریی دامەزراوەیی.

بەرپرسیاریەتییەکانی ئۆفیسی لیژنەی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی(**IAC**)

ئۆفیسی لیژنەی متمانەبەخشین پاڵپشتی لیژنەی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی(IAC) دەکات لەڕووی کارگێڕی و تەکنیکیەوە، و دڵنیایی دەدات لە هەبوونی هەماهەنگی، بە بەڵگەکردنی کارەکان و بەردەوامی کارکردن بە درێژایی قۆناغەکانی متمانەبەخشین. بەرپرسیارێتییە سەرەکییەکانی بریتین لە:

- ئامادەکردن و ناردنی بەرنامەی کاری کۆبوونەوە بۆ هەموو ئەندامانی لیژنە پێش کۆبوونەوەکە.

- ناردنی گشت دیکۆمێنت و بەڵگە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەندامانی لیژنە، هەفتەیەک پێش کۆبوونەوە، تا کاتی پێویستیان بۆ خوێندنەوە و پێشنیاز و تێبینییەکانیان لەبەردەست بێت.
- دڵنیابوون لەوەی شوێنی کۆبوونەوەکە بە تەواوی ئامادەیە و هیچ گرفتێکی لۆجستیکی و تەکنیکی نییە.
- دروستکردنی پەیوەندیی کاریگەر لە نێو ئەندامانی لیژنە و لایەنی پەیوەندیدار.
- ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی کۆنووسی کۆبوونەوەکان دوای ڕەزامەندیی سەرۆکی لیژنە.
- بەڕێوەبردنی ئەژمێری ئیمەیڵی فەرمی IAC (بۆ نموونە، su.accreditation@soran.edu.iq) و مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو ئیمەیلە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، گوگڵ درایڤی هاوبەش پێکراو و فایڵەکان.
- ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان لیژنەکە و یەکەکانی زانکۆ و KAAE و دەزگا باوەڕپێکراوە دەرەکییەکان.
- پێشکەشکردنی یارمەتی تەکنیکی و ڕوونکردنەوەی ڕێکارەکان بۆ ئەو یەکانەی کە بەرپرسیارن لە پێوەرەکانی متمانەبەخشین، وەکو: ڕێنمایییکردن لەسەر ڕێکخستنی بەڵگەکان، ڕێکەوتننامەکان، شێوازی ناونانی فایلەکان، و دڵنیابوون لە پابەندبوون بە پێوەرەکان (چێک لیست).
- ڕێکخستن و ئەرشیفکردنی دیجیتاڵی بۆ هەموو بەڵگە پەیوەندیدارەکانی کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی بەردەستبوونی بەڵگەکان و گەڕانیان ئاسان بێت بۆ ئەندامانی لیژنە.
- دڵنیابوون لەوەی هیچ بەڵگەیەکی چاپکراو یان گرنگ دوای کۆتایی هاتنی کۆبوونەوە لە شوێنی کۆبوونەوەکەدا لەبیرنەکرابێت(بەجێ نەمابێت).
- هەماهەنگیکردن بۆ ڕێکخستنی سەردانەکانی KAAE یان سەردانەکانی هەڵسەنگاندنی دەرەکی دیکە، لەوانەش ئامادەکردنی شوێن، دەستڕاگەیشتن بە بەڵگەنامەکان، خشتەی لایەنە پەیوەندیدارەکان، و پێشکەشکردنی پشتگیری ڕاستەوخۆ لە شوێنەکەدا.
- دڵنیابوونەوە لە بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان لە کاتی خۆیدا، کە لەلایەن لیژنەکە و لایەنە پەیوەندیدارەکان دراون بە مەبەستی ڕەچاوکردنی فیدباک و ڕاستەڕێکردنی کارەکان.
- نوێکردنەوەی بەردەوامی لیستی لایەنە بەرپرسەکان لە هەر ئەرکێکدا و ئاسانکاری بۆ دەستپێڕاگەیشتنیان بە بەڵگەنامە و کڵێشە پەیوەندیدارەکان.

بەرنامەی کاری کۆبوونەوە(**Agenda**):

1. دەبێت لە ناونیشانی کاری کۆبوونەوەکە ڕوون بکرێتەوە ، کۆبوونەوەکە ئاسایی یان نائاساییە.
2. بەڕێرسی ئۆفیسی IAO هەژماری ئیمەیڵی تایبەت بە ئۆفیسەکە بەڕێوەدەبات و چاودێڕی هەموو بەڵگەنامە پەیوەندیدارەکان دەکات.
3. سەرۆکی لیژنە بەڕێرسە لە دانانی بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکە.
4. پێویستە کلیشەی بەرنامەی کاری کۆبوونەوە (QF-IAC-xx) Meeting Agenda Template بەکاربهێنرێت.
5. هەموو ئەو بابەتانەی لە کۆبوونەوەدا گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت دەبێت لە بەرنامەکەدا بنوسرێن.
6. بابەتەکانی بەرنامەی کاری کۆبوونەوە دەبێت بە ژمارە و بەدوای یەکتردا ڕیزبکرێن.
7. بۆ هەر بابەتێکی بەرنامەی کاری کۆبوونەوە دەبێت کاتێ گونجاوی بۆ تەرخانبکرێت (وەک: ١٠:٠٠ ب.ن – ١٠:٣٠ ب.ن).
8. پێویستە پوختەیەکی کورت لەسەر هەر بابەتێکی بەرنامەی کار هەبێت کە لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.
9. بەرنامەی کۆبوونەوە دەبێت بەلای کەمەوە یەک هەفتە پێش کۆبوونەوەکە بگاتە هەموو ئەندامانی لیژنە.
10. پێویستە بەدوادچوونێکی خێرا بکرێت بۆ ئەرک و ڕاسپێردراوەکانی ئەندامەکان لە کۆبوونەوەی پێشووتر و لە بەرنامەی نوێدا جێی بکرێتەوە.

ئاگاداری بۆ بەشداربووان لە کۆبوونەوە(**NOTICE TO ATTENDEES**):

- بۆ کۆبوونەوە ئاساییەکان پێویستە بەشداربووان بەلای کەمەوە یەک هەفتە پێش کۆبوونەوە ئاگادار بکرێنەوە، بۆ کۆبوونەوە نائاساییەکان ئاگادارکردنەوەکە بە لای کەمەوە بەر ٢٤ کاتژمێر بگاتە بەشداربووان.
- ئاگادارییەکە دەبێت لە ڕێگەی ئیمەیلەوە بکرێت و هاوپێچی ئیمەیلەکە بەرنامەی کاری کۆبوونەوە و هەر بەڵگەیەکی پەیوەندیداری دیکە (ئەگەر هەبێت) بنێردرێت.

بەشداریکردن لە کۆبوونەوە(**ATTENDANCE**):

- هەموو ئەندامان دەبێت لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا وەڵامی بانگهێشتی ئۆفیسی IA بدەنەوە.

- ئەگەر ئەندامێک ناتوانێت بەهۆی دۆخێکی نەخوازراوەوە بەشداری کۆبوونەوەکە بکات، دەبێت بە ڕوونکردنەوەیەکی کورت و بە خێرایی لە ڕێگەی ئیمەیلێک بە ناونیشانی "مۆڵەت" بەرپرسی ئۆفیس ئاگادارییکاتەوە .
- کۆبوونەوە ئاساییەکانی لیژنە بە شێوەی مانگانە بەڕێوەدەچێت. دوای پێکهێنانی لیژنە ڕۆژێکی هەفتەی یەکەمی هەموو مانگێک بۆ کۆبوونەوەکان دیاری دەکرێت.
- لەهەندێ کاتدا، ئەگەر بابەتێکی خێرا و حاڵەتێکی نەخوازراو هەبێت، سەرۆکی لیژنە دەتوانێت بانگهێشتی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بکات.
- لە ماوەی ساڵێکدا، هەر ئەندامێک ئەگەر لە سێ کۆبوونەوە بەشدارنەبوو، ئەندامییەتی لە لیژنەکە دەبەخشرێت.
- هەر ئەندامێک بە بێ پاساو و مۆڵەت ئامادەی کۆبوونەوەیەک نەبوو، ئەوە ڕاستەخۆ لە ئەندامێتی دەبەخشرێت و لە ماوەی هەفتەیەک لە لایەن سەرۆکی لیژنەوە جێگرەوەکەی دیاری دەکرێت.
- ئەگەر ئەندامێک بڕیار بدات کە بەردەوام نەبێت لە کاری لیژنەکە، دەبێت نامەی داواکارێی بەخشین لە ئەندامێتی لیژنە بە شێوەی نووسراو بۆ سەرۆکی لیژنە بنێرێت و ڕوونکردنەوەی پێویست پێشکەش بکات سەبارەت بە داواکارییەکەی، پێویستە ڕەزامەندی وەرگرێت پێش جێهێشتنی ئەرکەکانی لە لیژنەکە، دوای بەخشینی لە لیژنەکە بە ڕێکاری تایبەتی ئەو دەسەڵات و فایلانەی بە هۆی کاری لیژنەکەوە ڕێگەپیدانی بۆی هەبوو، لای نامینێت.

ئەرکەکانی سەرۆکی لیژنە لە کاتی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە

لە کاتی کۆبوونەوە، سەرۆکی لیژنە ئەم ئەرکانەی دەکەوێتە ئەستۆ:

- کۆبوونەوە لە کاتی دیاریکراوی خۆی دەست پێبکات.
- لیستی ناوی ئەو بەڕێزانە بخوێنێتەوە کە داواکاری مۆڵەتیان ناردووە.
- دڵنیابێت لەوەی کە کۆبوونەوەکە بە پێی بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکەدا بەڕێوەدەچێت.
- دلنیابوون لە بەڕێوەچوونی گفتوگۆیەکان لە کەشێکی لەبار.
- هاندانی بەشداربووان بۆ بەشداریکردنی چالاکانە و دەربڕینی بۆچوونەکانیان لەسەر بابەتەکان.

- دڵنیابێت لەوەی گفتوگۆکان بە تەواوی لە لایەن بەشداربووێک بەدەست نەگیرێت یان بەرانبەرانی دیکە بترسێنێت.
- یەکلاییکردنەوەی ئەو بابەتانەی لە بەرنامەی کاردا هاتوون و لەلایەن زۆرینەی بەشداربووانەوە پەسەند بکرێت.
- خستەنەڕووی هەنگاوەکانی داهاتوو بۆ هەموو بەشداربووان.
- ڕای بەشداربووان بە هەند وەربگیرێت و لە بەهای هیچ بیر و بیرۆکەیەک کەم نەکرێتەوە.
- هەر بەرکەوتنێک لە نێوان بەشداربووان، دەبێت بەخێرایی چارەسەر بکرێت.
- هەموو بەشداربووان لە کاتی بڵاوکردنەوەی کۆنووسەکان ئاگادارکرێنەوە.
- پێویستە سەرۆکی لیژنە واژۆ لەسەر بەڵگەنامە فەرمییەکان و تۆماری کۆنووسە پەسەندکراوەکان بکات.
- کۆبوونەوە دەبێت لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا کۆتایی پێ بێت.

کۆنووسی کۆبوونەوە(MEETING MINUTES):

- دەبێت کۆنووسی کۆبوونەوە بە بەکارهێنانی فۆرمی تایبەت تۆمار بکرێت.
- ناوی فایلەکە دەبێت بە شێوەی خوارەوە بپارێزدرێت: تۆماری- ناونیشانی کۆبوونەوە-ڕێکەوتی کۆبوونەوە
- بەرپرسی ئۆفیس بەرپرسی نووسینی کۆنووسی کۆبوونەوەیە.
- هەموو کۆنووسی کۆبوونەوەکان دەبێت لە **SU Google Workspace Drive** تۆمار بکرێن بۆ هاوبەشکردن، پێداچوونەوە، و تەواوکردنی؛ دوای ئەمە، دەبێت ئەرشیف بکرێن.
- گشت پەیوەندییەکان دەبێت تەنیا بە هەژماری فەرمی ئیمەیلی زانکۆی سۆران (SU) بکرێن.
- کۆنووسی کۆبوونەوە دەبێت بە واژۆی سەرۆک بێت.

ڕێنمایی بۆ نووسەری کۆنووسی کۆبوونەوە(Guidance to the minute taker):

دەبێت ئەم بابەتانە لە کۆنووسی کۆبوونەوەدا هەبێت:

- ڕێکەوت و کاتژمێری کۆبوونەوە
- شوێنی کۆبوونەوە

- ناوی سەرۆک و بەشداربووانی کۆبوونەوە و ئەوانەی نەیتوانیان بەشدارین (ئەگەر هەموو بەشداربووان ئامادەبن، بنوسە: «هیچ» یا «Nil»).
- هەر بابەتێکی بەرنامەی کۆبوونەوە و پوختەیەکی کورت لە گفتوگۆییەکان. لە کاتی بەڕێوەچوونی گفتوگۆ تێبینی بنووسرێت؛ پێویست نییە کۆی گفتوگۆیەکان وشە بە وشە تۆماربکرێت.
- ئەو هەنگاوانەی بۆ پەسەندکردنی هەر بابەتێک ئەنجام دەدرێت و چۆنیەتی چارەسەری گرفتەکان و ڕێکارەکان تۆمار دەکرێن –پێویستە لە کاتی پەسەندکردنی بڕیارەکە بڵاو بکرێتەوە.

بڵاوکردنەوەی کۆنووسی کۆبوونەوە(Dissemination of Meeting Minutes)

- ڕەشنووسەکە دەبێت بۆ هەموو بەشداربووان بڵاوبکرێتەوە لە ماوەی یەک هەفتە لە دوای کۆبوونەوە.
- هەموو بەشداربووان دەبێت ماوەی ٤٨ کاتژمێر یان هەبێت بۆ پێداچوونەوە و چاککردنەوە پێش تەواوبوونی ڕەشنووسی کۆنۆسەکە بە شێوەی فەرمی.

ناردنی ڕەشنووسی کۆنووسی کۆبوونەوە(Draft Minutes Submission)

- ڕەشنووسی کۆنووسی کۆبوونەوەکە دەبێت لە ماوەی یەک هەفتە لە دوای کۆبوونەوە بۆ سەرۆکی لیژنە بنێردرێت بۆ پێداچوونەوە و ڕەزامەندی.
- سەرۆک دەبێت پێداچوونەوە بە ڕەشنووسەکە بکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە وەرگیراوی گفتوگۆ و بڕیارەکانی کۆبوونەوەکەیە.
- سەرۆک دەبێت لە ماوەی دوو ڕۆژدا ڕەشنووسی کۆبوونەوەکە پەسەند بکات.
- پاش ڕەزامەندی ناوی فایلەکە دەبێت بە شێوەی خوارەوە بپارێزدرێت: **Approved Minutes**_ناونیشانی کۆبوونەوە_ڕێکەوتی کۆبوونەوە.
- ئەم بەڵگەنامەیە دەبێت لەسەر سێرڤەری لیژنەکە تۆمار بکرێت لە فۆڵدەرێکی تایبەت بە ناوی "**SIA-Meeting Minutes**" لەسەر Google Drive یەکەی SU.SIA@soran.edu.iq
- ئەم فۆڵدەرانە بە شێوەی خوێندنەوە**Read-only** هاوبەش دەکرێن بۆ هەموو ئەندامانی لیژنەکە، بەبێ مۆڵەت بۆ چاککردنەوە، چاپکردن، یان دەستکاری کردن.

پرۆسەی دەنگدان لە کۆبوونەکان

لەسەر بنەمای شەفافیەت، بەرپرسیاریەتی، و بڕیاردانی دیموکراسی، لیژنەی متمانەبەخشینی زانکۆی سۆران پرۆسەیەکی ڕێکخراوی دەنگدان بەکاردەهێنێت وەکو:

- هەر ئەندامێکی لیژنەکە، نوێنەرایەتی گروپێکی جیاوازی زانکۆ دەکات، دەبێت مافی دەنگدانی یەکسانی هەبێت.
- دوای ئەوەی هەموو ڕاوبۆچوونەکان لەبارەی بابەتەکە پێشکەش کران، بڕیار بۆ دەنگدان دەدرێت.
- ئەندامان دەنگ دەدەن بە یەکێک لە هەڵبژاردنەکانی: «بەڵێ»، «نەخێر»، یان «بێلایەن.«(Abstain)
- ئەنجامی دەنگدان بە زۆرینەی سادەی ئامادەبووان(Simple Majority) دیاری دەکرێت.
- ئەنجامەکە بەرزدەکرێتەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو.
- هەموو ئەندامان دەبێت ڕاستگۆیی لە پرۆسەی دەنگدان بپارێزن، ڕێز لە بۆچوونی هاوکارانیان بگرن و پێکەوە کار بکەن بۆ گەشەپێدانی ستانداردەکانی کارگێڕی دامەزارەوەیی زانکۆ لە SU.

نیسابی بەشداریووان بۆ کۆبوونەوەکان

بۆ دەستپێکردنی کۆبوونەوەکە پێویستە ژمارەی کەمترین بەشداربووانی کۆبوونەوە زیاتر لە ٥٠٪ ئەندامانی لیژنە بێت. ئەو ژمارەیەی بۆ دەنگدان پێویستە، دەبێت زیاتر بێت لە ٥٠٪ی ئەندامانی ئامادەبووی لیژنەکە لە کۆبوونەوەدا.

بەرپرسیاریەتی ئەندامانی لیژنە لە ڕووی یاساییەوە**(Policy Disclaimer Statement)**

هەر دەرچوونێک یان پێشێلکارییەک لەم پەیڕەوە، بە پێی یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی حکومی و کەرتی گشتی ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

ناردنی پرسیار یان داواکاریی تایبەتی بۆ پەسەندکردن بۆ SUPO، بە ئیمەیلی خوارەوە دەبێت:

su.supo@soran.edu.iq

پاشکۆکان

وەرگێڕانی ئینگلیزی

زنجیرەی پەیڕەو: SU-SUPO-DQA-02

وەشانی ژمارە: 01

ڕێکەوتی وەشان: ٢٠٢٥/٠٦/٢٩

وەرگێڕانی عەرەبی

هەرێمی کوردستان- عیراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتیی زانکۆی سۆران
ئۆفیسی لێژنەی پلانی ستراتیژی و پەیڕەوەکان

بۆ/ بەڕێز سەرۆکی زانکۆ
بابەت :پەیڕەو

زانکۆی سۆران
SORAN UNIVERSITY
2009

سڵاو و ڕێز

هاوپێچ لە گەڵ نووسراوماندا وێنەیەک لە پەیڕەوی بەڕێوەچوونی پڕۆسەی تاوتوێکردنینامەکانی خوێندنی باڵا- (ماستەر و دکتۆرا) بۆتان ڕەوانە دەکەین، تکایە لە پەسندکردنی ئاگادارمان بکەنەوە.

لەگەڵ ڕێزدا

پ.ی.د. ڕزگار سعید حسێن
سەرۆکی لێژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی

پەیڕەوی بەڕێوەچوونی پڕۆسەی تاوتوێکردنی نامەکانی خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا)

لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی (SCSP)
Steering Committee for Strategic Plan

- نۆفیسی پەیوەندیدار: SUPO،DQA
- زنجیرەی پەیڕەو: ٩
- وەشانی ژمارە:
- ڕێکەوتی وەشان:
- ڕێکەوتی بڵاوکرنەوەی سەرەکی:

پێرست

مەبەستی پەیڕەو 4
پەیامی پەیڕەو 4
پوختەی پەیڕەو 4
نووسینگەی بەڕێس 4
بەڕێسی جێبەجێکار 4
سەربوردەی پەیڕەو 4
لایەنی پەیوەندیدار و ئەرکەکانییان 4
پێناسەکان 5
چوارچێوەی پەیڕەو 5
بەندەکانی بەڕێوەچوونی پرۆسەی تاوتوێکردنی نامەکانی خوێندنی باڵا- (ماستەر و دکتۆرا) .. 6
یەکەم: ناردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا 6
دووەم: پێکهێنانی لێژنەی تاوتوێکردن بۆ قوتابی خوێندنی باڵا/ ماستەر یاخود دکتۆرا 7
سێیەم: پەیوەندیی قوتابی بە لێژنەی تاوتوێکردن 9
چوارەم: شێوازی ئەنجامدانی تاوتوێکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا 9
پێنجەم: میکانیزمی بەڕێوچوونی پرۆسەی تاوتوێکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا 9

مەبەستی پەیڕەو

ئەم پەیڕەوە بە مەبەستی ڕێکخستن و ڕوونکردنەوەی پرۆسەی تاوتوێکردنی زانستی بۆ قوتابیانی ماستەر و دکتۆرا دارێژراوە، بە ئامانجی دڵنیابوون لە گشت هەنگاوەکان بە شێوەیەکی فەرمی، شەفاف، یەکسان و یاسایی لە هەموو فاکەڵتی و بەشەکاندا جێبەجێ دەکرێن.

پەیامی پەیڕەو

زانکۆی سۆران پابەندە بە بەڕێوەبردنی پرۆسەی تاوتوێکردنی زانستیی نامەکانی ماستەر و دکتۆرا لەسەر بنەمای شەفافیەت، دادپەروەری، یەکسانی و ستانداردەکانی خوێندنی باڵا. ئەم پەیڕەوە دڵنیایی دەدات لەوەی پرۆسەکە بە دروستی، بەرپرسیارانە و بە یەکسانی لە نێوان قوتابیان، سەرپەرشتیاران و ئەندامانی لێژنەی تاوتوێ جێبەجێ دەکرێت.

بوختەی پەیڕەو

ئەم پەیڕەوە ڕوونی دەکاتەوە چۆن پێویستە قوتابیان بە پێی هەنگاوە فەرمییەکان، ماستەرنامە یان تێزی دکتۆرایان پێشکەش بکەن. پرۆسەکە لە چەند هەنگاوێک پێکدێت، لەوانە لە پێداچوونەوەی زانستی و زمانەوانی، تا پێکهێنانی لێژنەی تاوتوێ، تاوتوێکردن، نمرەدانان.

نووسینگەی بەرپرس

خاوەنی پەیڕەو: بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا.

پێداچوونەوە: ئۆفیسی پلانی ستراتیژی و پەیڕەوەکان.

پەسەندکردن و جێبەجێکردن: ئەنجوومەنی زانکۆی سۆران.

بەرپرسی جێبەجێکار

جێبەجێکردنی ئەم پەیڕەوە بە سێ ئاست دەکرێت:

١. ئاستی زانکۆ (یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی، بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا، بەشی زانستی، فاکەڵتی)

٢. ئاستی قوتابیی خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا).

٣. ئاستی لێژنەی تاوتوێکردن

سەربوردەی پەیڕەو

ڕێکەوتی پەسەندکردن:

ڕێکەوتی هەمواکردنەوە:

لایەنی پەیوەندیدار و ئەرکەکانییان

ئەم پەیڕەوە ئەم لایەنانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

- سەرۆکایەتی زانکۆ: یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی.
- گشت فاکەڵتی و بەشە زانستییەکان: دڵنیابوون لە ڕێکخستن و ڕوونیی ڕەوشی تاوتوێ، تۆمارکردنی ئەنجامەکان و

پێشنیازەکان لە لایەن نوێنەری بەش.

- بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا: پێداچوونەوەی پلەیجەریزم و پێکهاتەی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا.
- دڵنیایی جۆری و پەرەپێدانی پڕۆگرامەکان: پێداچوونەوە و دڵنیابوونەوی ئەو گۆڤارانەی توێژینەوە هەڵێنجراوەکانی تێدا باڵاوبوویتەوە لەگەڵ داواکاریی وەزارەت دەگونجێت و بەپێی ڕێنمایی بەرکارەکان هەڵبژێردراوە؟
- سەرپەرشتیار: بەرپرسی ڕاوێژدان، چاودێریکردن و پشتیوانی لە قوتابیە لە هەموو قۆناغەکاندا.
- قوتابی: پێویستە لە نووسینی ماستەرنامەکە یان تێزی دکتۆرا پابەندی پەیرەوی نووسینی نامەکانی خوێندنی باڵا بێت لە زانکۆ و دوای تەواوبوونی نامەکە، بە شێوەیەکی فەرمی و بەپێی ڕێکارە دیاریکراوەکان نامە پێشکەش بکات.
- ئەندامانی لیژنەی تاوتوێ: بەرپرسیارێتی لە هەڵسەنگاندن، نمرەدانان، پێشنیازکردنی گۆڕانکاریی پێویست و پەسەندکردنی نامەکە (دوای ڕاستکردنەوەی گۆڕانکاری ئەگەر هەبوو)، پێشنیازکردن بە بەخشینی بڕوانامە لە پسپۆڕییەکەی.

پێناسەکان

نوێنەری بەش: ئەندامێکی وانەوتنەوەیە لە هەمان بەشی زانستیی قوتابی (یاخود پسپۆڕییەکی نزیک)، کە لەلایەن ئەنجوومەنی بەشەوە بۆ چاودێریکردن و دڵنیابوونەوە لە بەڕێوەچوونی پڕۆسەی تاوتوێکردن دیاری دەکرێت بەپێی ڕێنماییەکان.

پلەیجەریزم (Plagiarism - هاوشێوەی ئەدەبی/زانستی): ڕێژەی هاوشێوەیی یان بەکارهێنانی داتا، دەق، یان بیرۆکەی توێژەرانی تر لە ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرادا بەبێ ئاماژەدان بە سەرچاوەی ڕەسەن، کە لە ڕێگەی بەرنامە و سیستەمی تایبەتی پشکنینی زانکۆ دیاری دەکرێت.

(Round Table Report): سیمینارێکی زانستیی هەڵسەنگاندنە لە بەشی زانستی، کە چەند مانگ جارێک بۆ قوتابیانی خوێندنی باڵا(ماستەر - دکتۆرا) ڕێک دەخرێت؛ تێیدا قوتابی پێش پێشکەشکردنی کۆتایی، ئاستی بەڕێوەچوونی کارەکانی، دۆخی نوێی توێژینەوەکەی، کێشە و کەموکوڕییەکان یاخود ئەنجامەکانی بە ئامادەبوونی نوێنەری بەش و لیژنەی پسپۆڕ دەخاتە ڕوو بۆ وەرگرتنی تێبینی و پێشنیازە سەرەتاییەکان، دواتریش ڕاپۆرتێکی فەرمی لەسەر کۆبوونەوەکە تۆمار دەکرێت و دەخرێتە ناو دۆسیەی فەرمیی قوتابی.

پێداچوونەوەی زانستی: هەڵسەنگاندنی ئەکادیمیی ناوەرۆک، میتۆدۆلۆژی و داتاکانی توێژینەوەکە لەلایەن شارەزایانی پسپۆڕ.

پێداچوونەوەی زمانەوانی: وردبینیکردن و ڕاستکردنەوەی دارشتن، ڕێزمان، و زاراوەسازیی دەق توێژینەوەکەیە بەپێی ئەو زمانەی توێژینەوەکەی پێ نووسراوە.

نوسخەی چاپکراو (Hard Copy): کۆپییەکی کاغەزیی چاپی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرایە.

نوسخەی ئەلیکترۆنی (Soft Copy): فایلی ئەلیکترۆنیی توێژینەوەکەیە (بۆ نموونە بە شێوازی PDF یان Word).

تاوتوێکردنی داخراو (Closed Defense): دانیشتنێکی ئەکادیمی و یاسایی لیژنەی تاوتوێکردنە، کە تەنیا ئەندامانی لیژنەکە، قوتابی، و کەسانی ڕێپێدراوی زانستی/ کارگێڕی ئامادەی دەبن و ڕێگە بە ئامادەبوونی کەسانی دەرەکی، میوان یان کەسوکاری قوتابی نادرێت.

دۆسیەی تاوتوێ: کۆمەڵە بەڵگەنامە و فۆرمێکی فەرمییە (کۆنووسەکان، فۆرمی نمرەدانان، ڕاپۆرتی زمانەوانی و زانستی، فەرمانی کارگێڕی... هتد) کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵاوە ئامادە دەکرێت بۆ تۆمارکردنی پڕۆسەکە.

چوارچێوەی پەیرەو

ئەم پەیرەوە سەرجەم بەشە زانستییەکان و پڕۆگرامەکانی خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) لە زانکۆی سۆران دەگرێتەوە و چوارچێوەی فەرمیی پڕۆسەی پێشکەشکردن، پێداچوونەوە، تاوتوێکردن و پەسەندکردنی نامەکان دیاری دەکات. هەروەها میکانیزمی پێکهێنانی لیژنەی تاوتوێ، شێوازی هەڵسەنگاندن و نمرەدان، جێبەجێکردنی گۆڕانکاری و هەنگاوەکانی کۆتایی بۆ

بەخشینی بڕوانامە ڕوون دەکاتەوە. بە پێی ئەم چوارچێوەیە، دەسەڵات و ئەرکی هەر لایەنێک، لەوانە یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی، ڕاگرایەتیی فاکەڵتی، ئەنخوومەنی بەش، بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا، دڵنیایی جۆری، سەرپەرشتیاران و قوتابیان جێبەجێ دەبێت.

بەندەکانی بەڕێوەچوونی پرۆسەی تاوتوێکردنی نامەکانی خوێندنی باڵا- (ماستەر و دکتۆرا)

یەکەم: ناردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا

١. پێویستە قوتابیی خوێندنی باڵا/ ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا بە ئیمێڵ بۆ بەشی زانستی بنێرێت لە سێ مانگ زیاتر نەبێت و لە دوو مانگ کەمتر نەبێت پێش تەواو بوونی ماوەی یاسایی مۆڵەتی خوێندنەکەی بە تەواوی، پێویستە سەرپەرشتیار بە نووسراوی پشتگیریی ئامادەبوونی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا پێشکەشی بەشی زانستی بکات و تێبینیدا پشتڕاستی بکاتەوە ماستەرنامەکە یاخود تێزی دکتۆراکە ئامادەیە بۆ ئەوەی ڕێکارەکانی پێداچوونەوە بە دۆسیە و پلەجەریزمی بۆ بگرێتە بەر.

٢. قوتابیی خوێندنی باڵا، ماستەرنامەکەی یاخود تێزی دکتۆرای لەگەڵ نووسراوی پشتگیریی سەرپەرشتیاری بۆ ئیمێڵی بەشی زانستی و سیستەمی زانیاریی قوتابی **(SIS)** دەنێرێت. دواتر سەرۆکی بەش لە ڕێگەی ئیمێڵی بەش بە ئیمێڵێک بۆ بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا (postgraduate@soran.edu.iq) دەنێرێت. بە مەبەستی پێداچوونەوە بە دۆسیەی قوتابیی ناوبراو و دڵنیابوونەوە لە سەرجەم بەڵگەنامە داواکراوەکان بەپێی ڕێنماییە بەرکارەکان. لە ئەنجامی پێداچوونەوەکەدا، قوتابی لە ڕێگەی سیستەمی زانیاریی قوتابی **(SIS)** یان ئیمێڵی فەرمییەوە لە هەر کەموکوڕتییەکی دۆسیەکەی یان ئاگاداریەک ئاگادار دەکرێتەوە.

٣. دوای دڵنیابوونەوە لە هەبوونی هەموو پێداویستییەکانی ڕێکاری تاوتوێکردنی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا؛ ئینجا لە بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا بەپێ ڕێنماییەکان و ڕێبەری خوێندنی باڵا پێداچوونەوە بۆ ماستەرنامەکە یاخود تێزی دکتۆراکە لە ڕووی پێکهاتە، پلەیجەریزم...هتد بۆ ئەنجامدەرێت. دوای ئەوەی ئەگەر ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا کێشەی نەبێت، ئینجا ڕێگە بە قوتابی دەرێت فۆرمی پێشکەشکردنی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا بۆ پێداچوونەوەی زانستی و زمانەوانی لە ڕێگەی سیستەمی زانیاریی قوتابی **(SIS)** پڕبکاتەوە، کە پێویستە پێداچوونەوەی زانستی، زمانەوانی و پێکهێنانی لێژنەی تاوتوێ بە دوو مانگ تەواو ببێت. ئەگەر ماستەرنامەکە یاخود تێزی دکتۆرا کێشەی هەبوو بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا لە ڕێگەی ئیمێڵ بەشی زانستی، و سیستەمی زانیاریی قوتابی **(SIS)** قوتابی ئاگادار دەکرێتەوە بە جۆری کەموکوڕییەکان و وێڕای ئەمەش دوای تاوتوێکردن و ڕاستکردنەوەی گۆڕانکارییەکان بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا بە پێ ڕێنماییەکان و ڕێبەری خوێندنی باڵا دووبارە پێداچوونەوە بۆ ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا دەکرێت.

٤. دوای دەستکاریکردن و هەموارکردنەوەی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا پێش تاوتوێکردن، قوتابی دووبارە لە ڕێگەی ئیمێڵی سەرۆکایەتیی بەشی زانستی بۆ سیستەمی زانیاریی قوتابی **(SIS)** و بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا دەنێردرێتەوە تاکو دووبارە پێداچوونەوەی کێشە و کەموکوڕی، ئینجا بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا، سەرۆکایەتیی بەشی زانستی لە ڕێگەی ئیمێڵ و سیستەمی زانیاریی قوتابی **(SIS)** ئاگادار دەکاتەوە، بە ئامانجی ئەوەی کە بەشی زانستی ڕێکارەکانی تری بۆ ئەنجامبدات وەک ناردنی ماستەرنامەکە یاخود تێزی دکتۆراکە بۆ پێداچوونەوەی زانستی، دواتر پێداچوونەوەی زمانەوانی. لە قۆناغی ناردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا بە نووسراوی فەرمی و بە نهێنی دەبێت. هەروەها پێویستە ماستەرنامەکە یاخود تێزی دکتۆراکە بە نوسخەی چاپکراو **(Hard Copy)** بۆ هەڵسەنگێنەری زمانەوانی و زانستی بنێردرێت نەوەک بە نوسخەی ئەلیکترۆنی **(Soft Copy)**. لە قۆناغی ناردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا، ڕێکارەکان بە نووسراوی فەرمی و بە نهێنی دەبن. هەروەها پێویستە ماستەرنامەکە یاخود تێزی دکتۆراکە بە نوسخەی چاپکراو **(Hard Copy)** بۆ هەڵسەنگێنەری زانستی و زمانەوانی بنێردرێت نەوەک ئەلیکترۆنی (Soft Copy)، بە مەرجێک ئەم نوسخە چاپکراوە لە پشکنینی ڕێژەی هاوشێوەیی (Plagiarism) دەرچووبێت و مۆری بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵای پێوە بێت.

٥. دوای تەواوبوونی قۆناغی پێداچوونەوەی زمانەوانی و زانستی، سەرۆکی بەشی زانستی نوسخەی ڕەسەنی (Original) هەردوو

ڕاپۆرتی زمانەوانی و زانستی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا دەنێرێت.

دووەم: پێکهێنانی لێژنەی تاوتوێکردن بۆ قوتابی خوێندنی باڵا/ ماستەر یاخود دکتۆرا

١. لە سەرەتادا، سەرۆکبەش ناوی ژمارەیەك مامۆستای پسپۆڕی پەیوەندیدار بە بواری ماستەرنامە و تێزی دکتۆرای قوتابی، بە مەبەستی پەسەندکردن، پێشنیازی ئەنجوومەنی بەشە زانستییەکان دەکات.

٢. پاڵپشت بە (مادەی دەیەم/ بڕگەی یەکەم/ خاڵی سێیەم) لە یاسای ژمارە (١٠)ی سالی (٢٠٠٨)ی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستیی هەرێم، ئەنجوومەنی بەش ڕاسپاردە بۆ پێکهاتەی لێژنەی تاوتوێکردن و نوێنەری بەش لە هەمان پسپۆڕی یاخود لە پسپۆڕی نزیکی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرای قوتابی لە لێژنەکەدا دەکات.

٣. سەرۆکبەش و ڕاگری فاکەڵتی پێویستە بە شێوەیەکی بابەتیانە و بەرپرسیارانە مامەڵە بکەن، کە لەلایەن زانکۆیەکی دیکە داوای ناوی مامۆستای پەیوەندیدار بە بواری ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆراکەی لێ دەکرێت بۆ مەبەستی بەشداریپێکردن لە لێژنەی تاوتوێ وەکو ئەندامی دەرەوەی زانکۆ، ڕەچاوی پرەنسیپی یەکسانی و دادپەروەری و شەفافیەت و پسپۆڕی بکرێت.

٤. پاشان سەرۆکبەش ناوەکان دەخاتە بەردەم ڕاگر بە مەبەستی پەسەندکردنیان، لە ئەگەری هەبوونی تێبینیی ڕاگر بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆکی بەش گۆڕانکارییەکە ئەنجام دەدات و پاشان لە سکرتاریەتی ڕاگر بە نووسراوی نهێنی ناوەکان بەرز دەکاتەوە بۆ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ.

٥. پاڵپشت بە پەسەندی نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ، فەرمانی کارگێڕیی تایبەت بە پێکهێنانی لێژنەی تاوتوێ لە سکرتاریەتی ڕاگر دەردەچێت، و وێنەیەکی دەنێردرێت بۆ نووسینگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا.

٦. لە نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ وێنەیەک لە پەسەندی نووسراو دەنێردرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا بە مەبەستی ئامادەکردنی دۆسیەی قوتابی بۆ ڕۆژی تاوتوێ.

٧. پێویستە یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا وێنەیەک لە فەرمانی کارگێڕیی لێژنەی تاوتوێکردن بەیێ پێویستی حاڵەتەکان هاوپێچ بکات بۆ (وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستی/ فەرمانگەی تۆێژینەوە و پەرەپێدان/ بەڕێوەبەریەتیی خوێندنی باڵا) بە مەبەستی وردبینیکردن.

٨. سەبارەت بە ئەندامبوون لە لێژنەی تاوتوێکردنی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا لە کاتی پێکهێنانی لێژنەی تاوتوێ، پێویستە کار بە ناوەڕۆکی (مادەی دووەم) لە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی سالی (٢٠٢١)ی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستی بکرێت.

٩. پێویستە ئەندامانی فاکەڵتی لە لێژنەی تاوتوێی ماستەر لە یەک ئەندام زیاتر نەبێت و لە لێژنەی تاوتوێی دکتۆرا لە دوو ئەندام زیاتر نەبێت، ئەندامانی تر لە زانکۆی جیاواز بن بە مەرجێک دوو ئەندام لە یەک زانکۆ نەبن بێجگە لە سەرپەرشتیار.

١٠. لە کاتی پێکهێنانی لێژنەی تاوتوێکردنی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا پێویستە ڕەچاوی پەیوەندیی پسپۆڕیی ئەندامانی لێژنەی تاوتوێ بکرێت بە بواری ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا، لە حاڵەتی نەبوون یاخود بەردەستنەبوونی پسپۆڕی ورد

مامۆستای پەیوەندیدار بە بواری ماستەرنامەکە و تێزی دکتۆرا، ئەوا پشتدەبەستێت بە پسپۆڕی گشتیی مامۆستا بە مەرجێک بواری ماستەرنامەکە و تێزی دکتۆراکە لە چواچێوەی پسپۆڕی گشتیی مامۆستا و بەشە پەیوەندیدارەکە بێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا لە کاتی بەردەستبوون ئەوا پێشینە بۆ مامۆستای پسپۆڕی ورد دەبێت نەوەک پسپۆڕی گشتی.

١١. پێویستە ڕەچاوی شەفافیەت و دادپەروەری و هەڵی یەکسان لە پێکهێنانی لێژنەی تاوتوێکردن بکرێت و پێکهێنانی لێژنە لەسەر بنەمای زانستی و ئەکادیمی دابنرێت بە شێوەیەک، کە دەرفەت بە گشت مامۆستایان بدرێت ئەگەر هات و مەرجەکانی بەپێی ڕێنماییەکان تێدا دەستەبەر بوو، نابێت قۆرخکاری دروست بکرێت و دەرفەت تەنها بۆ مامۆستایەک یان چەند مامۆستایەک بڕەخسێندرێت لە کاتێکدا مامۆستای هەمان پسپۆڕی هەبێت و بێبەش بکرێت لە لێژنەی تاوتوێکردن، پێویستە بۆ ئەم مەبەستە زانکۆ بە دواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکات و میکانیزمی پێویست دابنێت بۆ دەستەبەرکردنی هەڵی یەکسان.

١٢. پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا هەبێت سەبارەت بە بەشداریکردنی مامۆستایان لە لێژنەی تاوتوێکردنی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا بەپێی ڕێنماییەکان.

١٣. پێویستە سەرۆک و ئەندامانی تاوتوێکردن بە تەواوی زمانی نووسینی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا بزانن. بە تایبەت لە ڕووی قسەکردن و خوێندنەوە و گوێگرتن، بە مەبەستی تاوتوێکردنی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا بە زمانی نووسراو.

١٤. سەرپەرشتیار و قوتابی مافیان نییە پێشنیازی ناوی هیچ مامۆستایەک بکەن وەک سەرۆک یان ئەندامی لێژنەی تاوتوێکردن، بەڵکو تەنها مافیان هەیە پێشنیاز بکەن کە (لاری- تحفظ)یان هەبێت لەسەر (٢) دوو مامۆستا، ئەمەش لە کاتی پێشکەشکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا، پێویستە داواکارییەک بە نهێنی و بە هەبوونی بەڵگە و هۆکاری زانستیی هاوپێچکراو، کە ناوی مامۆستاکەی تێدا بنووسرێت، بەرز بکرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی بەش؛ دواتر دەسەڵاتی بڕیاردان لای ئەنجوومەنی بەش دەبێت.

١٥. پێویستە پلەی زانستیی سەرۆکی لێژنەی تاوتوێکردن بەرزتر یان هاوتای پلەی زانستیی سەرپەرشتیار بێت.

١٦. ئەگەر دوو مامۆستا یان زیاتر پلەی زانستییان هاوتا بوو، ئەوا لە سەر بنەمای ڕێکەوتی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی، پێشینە دەدرێت بە ئەو مامۆستایەی، کە ڕێکەوتی پلەی زانستی زووتر بووە لە مامۆستاکەی تر بە مەبەستی پێشکەشکردنی تێبینییەکانی لە لێژنەی تاوتوێکردن. مەرج نییە سەرۆکی لێژنە لە خودی زانکۆکە بێت.

١٧. پێویستە فەرمانی کارگێڕیی لێژنەی تاوتوێکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا بە نهێنی دەربچێت و ئەندامانی لێژنەی تاوتوێکردنی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا بۆ قوتابی و سەرپەرشتیار ئاشکرا نەکرێن.

١٨. دوای دەرچوونی فەرمانی کارگێڕی، بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا بەرپرسە لە ئامادەکردن و دابینکردنی تەواوی دۆسیەی تاوتوێ و گەیاندنی بە لێژنەی تاوتوێ بۆ قوتابیی خوێندنی باڵا/ ماستەر یاخود دکتۆرا. دۆسیەکە پێکهاتووە لە: (کۆنووسی تاوتوێ، کۆنووسی نمرەدانان، پێداچوونەوە زانستی، پێداچوونەوەی زمانەوانی، فەرمانی کارگێڕیی لێژنەی تاوتوێ، سەربوردەی قوتابی(CV)، ڕاپۆرتی لێژنە دوای تاوتوێ، ڕاپۆرتی نوێنەری بەش، کۆپیشەیەک بۆ وەرگرتنی ئیمێل و ژمارەی تەلەفۆنی لێژنەی تاوتوێ).

١٩. بە شێوەیەکی گشتی، پێویستە تەواوی ڕێکارەکانی پێکهێنانی لێژنەی تاوتوێکردن (لە پێشنیازکردنی ناوەکانەوە تاوەکو دەرچوونی کۆتایی فەرمانی کارگێڕی)، بە لایەنی کەم ٢٠ ڕۆژ پێش ئەنجامدانی تاوتوێ ماستەر و ٢٥ ڕۆژ پێش ئەنجامدانی تاوتوێ دکتۆرا دەربچێت.

٢٠. لە ئەگەری نەتوانینی بەشداریکردنی یەکێک لە ئەندامەکان، فەرمانی کارگێڕیی نوێ دەردەچێت، بۆ گۆڕانکاری لە یەکێک

لە ئەندامەکان یان هەر گۆڕانکارییەک، بە ماوەیەک کە لە ١٠ ڕۆژ کەمتر نەبێت پاش وەرگرتنی نووسراوی پەسەند. ئەم ماوەیەش بە درێژکردنەوە بۆ قوتابی هەژمار ناکرێت.

سێیەم: پەیوەندیی قوتابی بە لێژنەی تاوتوێکردن

١. ناردنی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرای قوتابیان بۆ سەرۆک و ئەندامانی لێژنەی تاوتوێکردن، پێویستە لە ڕێگەی سەرۆکایەتیی بەشە زانستییەکان لە ڕێگەی پۆستە یاخود ئەلیکترۆنی (ئەگەر ئەندامێک لە دەرەوەی کوردستان بێت) ئەنجام بدرێت، لەم ڕووە بە هیچ شێوەیەک نابێت لە ڕێگەی قوتابی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا بدرێت بە سەرۆک و ئەندامانی لێژنەی تاوتوێکردن.

٢. قوتابی نابێت هەوڵ بدات پەیوەندیی کەسی بە سەرۆک و ئەندامانی لێژنەی تاویوێکردن بکات بە مەبەستی ئاسانکاری و هاوکاریکردن لە هەڵسەنگاندنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا، بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی بەرانبەری دەگیرێتە بەر و فەرمانی پێکهێنانی لێژنەکە هەڵدەوەشێتەوە.

چوارەم: شێوازی ئەنجامدانی تاوتوێکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا

١. پێش ئەنجامدانی تاوتوێ، پۆستەر هەڵنەواسرێت، تەنیا ڕۆژی تاوتوێکردن بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکەی ڕاگەیاندنی فاکەڵتی لە شاشەی ڕاگەیاندن ڕیکلامی بۆ بکرێت.

٢. لەبەرئەوەی پرۆسەی تاوتوێکردن، پرۆسەیەکی زانستی و ئەکادیمییە و بڕیتییە لە هەڵسەنگاندنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا بۆ مەبەستی دەرچوون و دەرنەچوونی قوتابی و لەسەر ئەم بنەمایە بڕوانامەی پێ دەبەخشرێت، بۆیە پرۆسەی تاوتوێکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا بە شێوەی داخراو ئەنجام دەدرێت و ڕێگە بە کەسوکار و میوانی قوتابی نادرێت لە هۆڵی تاوتوێکردن ئامادە بن، بەڵکو پێویستە تاوەکو کۆتایی تەواوبوونی پرۆسەی تاوتوێکردن لە دەرەوەی هۆڵ بن.

٣. تەنها بەڕێزان (نوێنەری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، سەرۆکی زانکۆ، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی، ڕاگری فاکەڵتی، سەرۆکی بەش، بەڕێوەبەری خوێندنی باڵا، نوێنەری بەش و نوێنەرێک لە بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا) مافی ئامادەبوونیان دەبێت بە مەبەستی چاودێریکردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەی تاوتوێکردن لە کاتی پێویستدا.

پێنجەم: میکانیزمی بەڕێوچوونی پرۆسەی تاوتوێکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا

١. مەرجە تەنها بە زمانی نووسینی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا، پرۆسەی تاوتوێکردن ئەنجام بدرێت و پێویستە قوتابی و لێژنەی تاوتوێکردن پابەند بن بەم مەرجە.

٢. لە سەرەتای پرۆسەی تاوتوێکردن، پێویستە سەرۆکی لێژنە فەرمانی کارگێڕیی پێکهێنانی لێژنە بخوێنێتەوە.

٣. دوای خوێندنەوەی فەرمانی کارگێڕیی پێکهێنانی لێژنە لەلایەن سەرۆکی لێژنە، پێویستە سەرپەرشتیار بۆ ماوەیەک، کە زیاتر نەبێت لە ٥ خولەک (CV) قوتابی بخوێنێتەوە.

٤. پێویستە ماوەی (١٥) خولەک بە قوتابیی ماستەر بدرێت بۆ پێشکەشکردنی کورتەیەک دەربارەی ماستەرنامەکەی، ماوەی (٢٠) خولەک بە قوتابیی دکتۆرا بدرێت بۆ پێشکەشکردنی کورتەیەک دەربارەی دکتۆراکەی.

٥. هەر ئەندامێکی لێژنە (٤٥) تا (٦٠) خولەکی پێدەدرێت بۆ خستنە ڕووی ڕا و سەرنج و تێبینییەکانی لەسەر ماستەرنامە یاخود

تێزی دکتۆرا و ئاراستەکردنی گشت پرسیارەکان.

٦. قوتابی پێویستە تەنها لە دوای هەر ئەندامێک، کە لە پرسیارەکان و تێبینییەکانی تەواو دەبێت لە ماوەی (١٠) خولەک وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.

٧. قوتابیی ماستەر مافی وەرگرتنی یەک پشووی هەیە بۆ ماوەی (١٥) خولەک، قوتابی دکتۆرا مافی وەرگرتنی دوو پشووی هەیە هەر یەکەیان بۆ ماوەی (١٠) خولەک.

٨. دوای تەواوبوونی گشت ئەندامانی لێژنە، سەرپەرشتیار مافی هەیە لە ماوەیەک زیاتر نەبێت لە (٣٠) خولەک، تێبینی و پرسیاری ئەندامانی لێژنەی تاوتوێ بخاتە ڕوو.

٩. دوو فۆرم دادەنرێن بۆ دانانی نمرە، لە فۆرمێکیان ٥٠% ی نمرەکان پەیوەست دەبێت بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی گشتیی ماستەرنامەکە یاخود تێزی دکتۆراکە لەلایەن ئەندامانی لێژنە پێش دەستپێکی تاوتوێکردن دەیداتە سەرۆکبەش، ٥٠% تایبەت دەبێت بە شێوازی بەرگریکردن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لەلایەن قوتابی لە ڕۆژی تاوتوێکردنی ماستەرنامەکەی یاخود تێزی دکتۆراکەی.

١٠. سەبارەت بە دیاریکردنی ٥٠٪ی نمرەی تاوتوێکردن، پێویستە هەر ئەندامێکی لێژنە بە جیا و بە نهێنی، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەندامانی تر، ئەو نمرەیەی کە قوتابی بە شایستەی دەزانێت بە ئامادەبوونی نوێنەری بەش بیخاتە ناو زەرفێکی داخراوەوە؛ لە کۆتایی تاوتوێکردنەکەشدا، نمرەکان لەلایەن سەرۆکی بەشی زانستییەوە کۆدەکرێنەوە.

١١. پێویستە نوێنەری بەش ئامادە بێت لە کاتی تاوتوێکردن، بۆ ئەوەی ئاگاداری ڕەوشی بەڕێوەچوونی ڕێکارەکان بێت و ڕاپۆرتی خۆی بنووسێت لەسەر ئەو کێشەی، کە بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا بۆی ئامادەکردووە.

١٢. ئەو ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرانەی، کە پێویستییان بە ئەنجامدانی گۆڕانکاریی بە هیچ شێوەیەك ناکرێت هەڵسەنگاندنی نایاب (امتیاز) وەربگرن، ئەم نمرەیە تەنیا بۆ ئەو ماستەرنامە و تێزی دکتۆرانەیە، کە وەك خۆیان وەردەگیرێن وهیچ گۆڕانکارییان تێدا ناکرێت.

١٣. وەرگرتنی واژووی ئەندامانی لێژنە و ئەو کۆنووسەی، کە لێژنەی تاوتوێ واژووی لەسەر دەکات بە قوتابی نادرێت، بەڵکو دەخرێتە ناو دۆسیەی گفتوگۆ لەلایەن سەرۆکی لێژنە و بە هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەری بەش. دواتر ئەو دۆسیە دەنێردرێت بۆ خوێندنی باڵا، دوای ڕەزامەندبوونی لێژنەی تاوتوێ لە ماوەی ڕاستکردنەوەی تێبینی و سەرنجەکان، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا سەرپەرشتی دەکرێت، ئینجا ئەو لاپەڕەی کە لێژنە واژووی لەسەرکردووە بە قوتابی دەدرێت بۆ کۆپی کردنی ماستەرنامەکەی یاخود تێزی دکتۆراکەی.

١٤. لە کۆتاییدا، ئەنجامی لێژنەی تاوتوێکردنی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا لەلایەن سەرۆکی لێژنە دەخوێندرێتەوە؛ پێویستە خوێندنەوەی بڕیاری لێژنەی تاوتوێکردنی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا بە قوتابی بەبێ خوێندنەوەی نمرە یاخود ئاستی نمرە بێت و پاشان فۆرم و نمرەکان بە واژووکراوی و ڕاپۆرتێك بە ئیمزای تەواوی ئەندامانی لێژنەکە ئامادە بکرێت، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا کلێشەی ئامادەکراوە و تێیدا ئاماژە بەو گۆڕانکارییانە بکرێت، کە پێویستە لەسەر قوتابی لەماوەی دیاریکراودا ئەنجامیان بدات، بدرێت بە بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا. بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی باڵا بەڵگەنامەکانی ڕاستکردنەوە و گۆڕانکارییەکان ئاراستەی سەرۆکی بەشی پەیوەندیدار دەکات بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕێکارەکان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سۆران
نوسینگەی پەیڕەوەکان

ناونیشانی پەیڕەو :

لیژنەی پەرەپێدانی دڵنیایی جۆریی زانکۆی سۆران

SU- Steering Committee for Quality Assurance – SCQA

ئۆفیسی پەیوەندیدار: DQA، SUPO

زنجیرەی پەیڕەو: SU-SUPO-DQA-03

وەشانی ژمارە: 01

رێکەوتی وەشان: 2025l07l22

رێکەوتی بڵاوکراوی سەرەکی:

ئیمەیڵ و ماڵپەڕ

su.supo@soran.edu.iq
supo.soran.edu

مەبەستی پەیڕەو

مەبەستی ئەم پەیڕەوە دامەزراندنی چوارچێوەیەکی دامەزراوەییە بۆ پێکهاتە، ڕێکار و کارکردنی لیژنەی پەڕەپێدانی دڵنیایی جۆری(DCQA) لە زانکۆی سۆران(SU). ئەم لیژنەیە بەرپرسیارە لە ڕێبەریکردن، هەماهەنگی و سەرپەرشتیکردنی دەستپێشخەرییەکانی دڵنیایی جۆری لە هەموو یەکە ئەکادیمی و کارگێڕییەکانی زانکۆ. لە ڕێگەی ئەم پەیڕەوەوە، زانکۆی سۆران پابەندبوونی دامەزراوەیی خۆی دەردەبڕێت بۆ پەرەپێدانی میکانیزمێکی سیستەماتیکی و بەرفراوانی دڵنیایی جۆری کە هۆکار بێت بۆ پێشخستنی نایابی، دڵنیایی لە گونجان لەگەڵ ستانداردە نیشتیمانی و نێودەوڵەتییەکان و بڕەودان بە کەلتوری بەرەوپێشبردنی بەردەوام. ئەم پەیڕەوە دڵنیایی دەدات کە SCQA بە شێوەیەکی شەفاف لە ئەرک، ڕێکوپێک لە جێبەجێکردن و ڕاستگۆ لە ئەنجامەکاندا کار بکات، ئەمەش لە کۆتاییدا یارمەتیدەرە بۆ بەرەوپێشبردنی کارایی دامەزراوەیی لە زانکۆی سۆران.

پەیامی پەیڕەو

زانکۆی سۆران (SU) جێگیرکردنی دڵنیایی جۆری وەک بەهایەکی بنەڕەتی دامەزراوەیی بە گرنگ دەزانێت، و ئەم پەیڕەوە بە فەرمی لیژنەی پەڕەپێدانی دڵنیایی جۆری(SCQA) وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی زانکۆ بۆ ڕێبەریکردنی ئەم ئەرکە دادەمەزرێنێت. ئەم لیژنەیە متمانەی پێکراوە بۆ ئەوەی بەردەوام بە ئاراستەی باشترکردنی پڕۆگرامە ئەکادیمییەکان، ئەنجامی توێژینەوەکان، کارە کارگێڕییەکان لە ڕێگەی ڕێکارێکی ڕێکخراو، بەڵگەدار و بەشداریکردنی هەمە لایەنانە کاربکات. لە ڕێگەی بەرەوپێشبردنی شەفافییەت، گشتگیری و بەرپرسیارێتی، ئەم پەیڕەوە دڵنیایی ئەوە دەدات کە لەگەڵ پەیامی زانکۆ، ئامانجە ستراتیژییەکان و چوارچێوە یاساییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەماهەنگە. بە جێبەجێکردنی ئەم پەیڕەوە، زانکۆی سۆران ئامادەیە کە بەردەوامی بدات بە بوونی ژینگەیەک کە تێیدا نایابی لە پەروەردە، ڕاستگۆیی دامەزراوەیی و متمانەی بەشداربووان پەرەپێبدرێت و بپارێزرێت.

پوختەی پەیڕەو

ئەم پەیڕەوە هەر یەکە لە ئەرک، پێکهاتە، ڕۆڵ و ڕێکارەکانی کارکردن لە لیژنەی پەڕەپێدانی دڵنیایی جۆری(SCQA) لە زانکۆی سۆران پێناسە دەکات. ئەم پەیڕەوە وەک بەڵگەنامەی سەرەکی بەکاردێت کە دەسەڵات بە لیژنەکە(SCQA) دەدات وەک دەستەیەکی ستراتیژی کار بکات و بەرپرسیار بێت لە سەرپەرشتیکردنی سیستەمی دڵنیایی جۆریی زانکۆ. ئەم پەیڕەوە بەرپرسیارێتییەکانی لیژنەکە واتە بەرەوپێشبردنی پەیڕەو، هەماهەنگیکردن لە وردبینی، ئامادەیی بۆ متمانەبەخشین، بونیادنانی تواناکان و بەشداریکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕوون دەکاتەوە. هەروەها بۆ دڵنیاییدان لە کارکردنی کاریگەر و شەفاف، لیژنەکە میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە، بڕیاردان، بە بەڵگەنامەکردن و پەیوەندیکردن دادەنێت. بەم شێوەیە، ئەم پەیڕەوە دڵنیایی دەدات کە لیژنەی (SCQA) بە شێوەیەکی واتادار لە کارایی دامەزراوەیی، باشترکردنی جۆری، و هەماهەنگ بوون لەگەڵ ئامانجە ناوخۆیی و ستانداردە دەرەکییەکان بەشدار دەبێت.

چوارچێوەی پەیرەو

ئەم پەیرەوە لەسەر بنەمای ڕێکخستنی، بەڕێوەبردن و ڕێکارەکانی کارکردنی لیژنەی پەرەپێدانی دڵنیایی جۆری(SCQA) لە زانکۆی سۆران جێبەجێ دەکرێت. ئەم پەیرەوە دەسەڵات و بەرپرسیارێتییەکانی لیژنەکە لە سەرپەرشتیکردنی پرۆسەکانی دڵنیایی جۆری دەستنیشان دەکات کە پەیوەندییان هەیە بە پرۆگرامی ئەکادیمی، توێژینەوە، خزمەتگوزاریی کارگێڕیی و پێشنیاز و دەستپێشخەرییە دەرەکییەکان لە گشت بەکەکانی زانکۆدا. پەیرەوەکە هەریەکە لە چالاکییەکانی لیژنەکەSCQA، بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری(DQA) و ئۆفیسی SCQA بەڕێوە دەبات، و دڵنیایی دەدات لە هەماهەنگی و گونجان لەگەڵ ئامانجەکانی دامەزراوەیی بوون، مەرج و داواکارییە دەرەکییەکان. هەروەها بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی بەردەوامی کوالێتی دامەزراوەیی، بەشداربێکردنی مامۆستایان، قوتابیان، دەرچووان، و لایەنە پەیوەندیدارە دەرەکییەکان لەخۆ دەگرێت.

بەرپرسی جێبەجێکار

یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا.

سەربوردەی پەیرەو

ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٢ی تەموزی ٢٠٢٥
ڕێکەوتی گۆڕانکاری:

لایەنی جێبەجێکار

ئەم بەڕێز و لایەنانەی بەشدارن لە جێبەجێکردنی پەیرەوەکە:

ئەندامانی لیژنەی پەرەپێدانی دڵنیایی جۆری(SCQA)
بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری(DQA)
ئۆفیسی SCQA
مامۆستایان، یەکە کارگێڕییەکان، قوتابیان، دەرچووان و لایەنە دەرەکییە پەیوەندیدارەکان کە بەشدار دەبن لە چالاکییەکانی دڵنیایی جۆری.

پێکهێنانی لیژنەی پەرەپێدانی دڵنیایی جۆری(SCQA)

ژمارەی گونجاوی ئەندامانی لیژنە بەندە بە هۆکاری جۆراوجۆر، لەوانە پێداویستی تایبەت ئامانجی زانکۆی سۆران، بوارەکانی بەرپرسیارێتی لیژنە و هاوسەنگی چاوەڕوانکراو لە نێوان نوێنەرایەتی و کارایی. بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەک لە ١٤بۆ ١٦ ئەندام پێکدێت و ئەندامان لە پۆلی جۆراوجۆر هەڵدەبژێردرێن.

پێکهاتەی پێشنیازکراو ئەمەی خوارەوەیە:

١. ئەندامێکی ئەنجومەنی زانکۆ: سەرۆکی لیژنە
٢. نوێنەری ڕاگرەکانی زانکۆ: (١ ئەندام) دەبێتە جێگری سەرۆکی لیژنە
٣. بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری
بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری نوێنەری لایەنی جێبەجێکاری سیستەمی ناوخۆیی دڵنیایی جۆرییە. سەرەڕای ئەوەش، کارمەندێکی دیاریکراوی دڵنیایی جۆری پێویستە کە بەرپرسیار بێت لە هەماهەنگیکردنی چالاکییەکانی لیژنەکە SCQA.
٤. بەڕێوەبەری سەنتەری پێداگۆجی و پەرەپێدانی ئەکادیمی
٥. نوێنەری فاکەڵتییەکان (لە ئاستی پڕۆگرام): ٦ ئەندام
ئەمە ڕێگە بە نوێنەرایەتی فاکەڵتی و پڕۆگرامە جۆراوجۆرەکان دەدات، دڵنیایی دەدات لە بوونی فرەلایەنی پسپۆڕی.
٦. نوێنەری قوتابیان: ١ ئەندام
هەبوونی نوێنەران لە ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی قوتابیان یان پێگە ڕابەرایەتییەکان هۆکارە بۆ دابینکردنی دیدگایەکی یەکگرتووی قوتابیان.
٧. نوێنەری دەرچووان: ١ ئەندام
بەشداریکردنی دەرچووان لە فاکەڵتی و پڕۆگرامە جۆراوجۆرەکان بۆ دابینکردنی تێڕوانین لەسەر کاریگەریی درێژخایەنی پەروەردە.
٨. لایەنە دەرەکییەکان: ١ بۆ ٢ ئەندام
ئەم لایەنانە دید، پسپۆڕی و فیدباکی دەرەکی پێشکەش دەکەن بۆ پشتگیریکردنی دەستپێشخەرییەکانی دڵنیایی جۆری.
٩. بەرپرسی ئۆفیسی SCQA: وەک هەماهەنگکار(بریاردەر)ی لیژنە کاردەکات.

پێکهاتەی لیژنەکە هاوسەنگی لە نێوان فراوانی و توانای بەڕێوەبردن دادەمەزرێنێت، دڵنیایی لە گفتوگۆیەکی کاریگەر دەدات بەبێ هەبوونی ئاڵۆزیی لە ڕادەبەدەر.

SCQA دەتوانێت لیژنەی بچوکتر یاخود لاوەکی دابمەزرێنێت بەپێی پێویست، هەریەکە جەخت لەسەر بوارێکی تایبەت بکاتەوە وەک پێداچوونەوەی پڕۆگرامە ئەکادیمییەکان، کوالێتی توێژینەوە، هەڵسەنگاندنی پڕۆسە کارگێڕییەکان، پڕۆسەی هەڵسەنگاندن و هەماهەنگ لە وردبینی. دەکرێت ئەم لیژنە بچوکانە ئەندام لە لیژنە سەرەکییەکە وەربگرن و ئەندامی شارەزای زیاتر لەخۆ بگرن بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی وردتر ئەنجام بدەن و پێشنیازی ئامانجدار بکەن.

لەکاتی پێکهێنانی لیژنەی پەرەپێدانی دڵنیایی جۆری(SCQA)، پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگیرێن:

- هەبوونی شارەزایی باش لە دڵنیایی جۆری، متمانە بەخشین و پێشخستنی دامەزراوەیی.

- بەشداریکردنی نوێنەرانی قوتابیان و دەرچووان.
- بەشداربوونی پسپۆڕانی دەرەکی وەک ئەندامانی ڕاوێژکار.
- ڕەچاوکردنی هەبوونی ئەندام لە گشت بوارەکان، ڕەگەز و ڕەهەندە جیاوازەکانیتردا.
- ماوەی ئەندامیەتی (دوو ساڵ) دەبێت بۆ هێنانی دیدگای نوێ، لە ئەگەری پێویستی، دەکرێ ماوەی ئەندامییەتی بۆ جاری دووەم نوێبکرێتەوە.
- دەرفەتی ڕاهێنان و پەرەپێدانی تواناکان بۆ هەموو ئەندامان بڕەخسێندرێت.
- بوونی میکانیزمی ڕوون و شەفاف بۆ پێشنیازکردن و هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی سەرەوە، لیژنەکە ڕەنگدانەوەی فرەلایەنی ئەکادیمیی زانکۆی سۆران نیشان دەدات، لە هەمان کاتدا چالاک و بەرپرسیار دەمێنێتەوە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەیدا.

ڕێنمایی و بنەماکان بۆ SCQA

لیژنەی پەڕەپێدانی دڵنیایی جۆری(SCQA) لە زانکۆی سۆران پابەندە بە کۆمەڵێک بنەما و ڕێنمایی کە دڵنیایی دەدەن لەوەی کارەکانی دەبێتە هۆی دروستکردنی کەلتوری نایابی، شەفافییەت، و بەردەوامبوون لە دامەزراوەکەدا. بنەماکان ئەمانەن:

نایابی:**(Excellence)** لیژنەکە پابەندە بە بەدیهێنانی نایابی دامەزراوەیی، بەردەوام بەرزکردنەوەی کوالێتی وانەوتنەوە، فێربوون، توێژینەوە، و پڕۆسە کارگێڕییەکان کە یەکانگیربێت لەگەڵ ستاندارد نیشتیمانی و نێودەوڵەتییەکان.

هەماهەنگبوون لەگەڵ ئامانجەکانی زانکۆ: کارەکانی لیژنەکە ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بە پەیام، ئامانجە ستراتیژییەکانی زانکۆوە. لیژنەکە دڵنیایی دەدات کە هەموو چالاکییەکانی دڵنیایی جۆری پشتگیری لە کارایی دامەزراوەیی و گەشەپێدانی ئەکادیمیی درێژخایەن دەکەن.

هەماهەنگبوون لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی: کارەکانی ئەو لیژنەیە یەکانگیرە لەگەڵ یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و دڵنیایی دەدات کە کارەکانی پەیوەست بە دڵنیایی جۆریی دامەزراوەیی وەڵامدەرەوەن بۆ چاودێری و چاوەڕوانییەکانی وەزارەت.

هەماهەنگبوون لەگەڵ ستانداردەکانی **ESG** و پێواژوی بۆلۆنیا: کارەکانی لیژنەکە هەماهەنگ دەبێت لەگەڵ ستاندارد ئەوروپییەکان و ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری(ESG)، دڵنیایی دەدات لە هەبوونی سیستەمێکی یەکگرتووی ناوخۆیی دڵنیایی جۆری لەسەر بنەمای بەشداربێکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەڵسەنگاندنی بەڵگەدار و بەردەوامبوونی بەردەوام. سەرەڕای ئەمەش، بڕەو دەدات بە هەماهەنگبوون لەگەڵ پێواژوی بۆلۆنیا بە پشتگیریکردنی شەفافییەت لە پڕۆگرامەکان، چوارچێوەکانی شایستەبوون، و سیستەمی گواستنەوەی کرێدیت(ECTS) و فێرخواز-سەنتەری.

هاوکاری: دڵنیایی جۆری لە زانکۆی سۆران بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشە. لیژنەکە بە هاوکاری لەگەڵ یەکە ئەکادیمی و کارگێڕییەکان کاردەکات، هانی یەکخستنی بنەماکانی کوالێتی لەناو کارەکانی ڕۆژانە و پلاندانان دەدات.

شەفافییەت: لیژنەکە کارەکانی بە شێوەیەکی شەفاف لە ڕێگای بە بەڵگەکردن، هاوبەشیکردن و گفتوگۆکردن، بەپێی ئەنجامەکان، بڕیار و ڕێکارەکانی لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەڕێوەدەبات، ئەمەش متمانەی دوولایەنە و یەکگرتووپی دامەزراوەیی پەرەپێدەدات.

ئامانجە سەرەکییەکانی لیژنەی پەرەپێدانی دڵنیایی جۆریSCQA

لیژنەی پەرەپێدانی دڵنیایی جۆری(SCQA) لە زانکۆی سۆران بۆ پەرەپێدانی نایابی دامەزراوەیی و بۆ هێنانەدیی ئەم ئامانجە سەرەکییانەی خوارەوە دامەزراوە :

بەرەوپێشبردنی بەردەوام: دروستکردنی کەلتوری بەرەوپێشبردنی بەردەوام بە چاودێریکردن، هەڵسەنگاندن و بەرەوپێشبردنی سیستەماتیکی کوالێتیی پرۆگرامە ئەکادیمییەکان، توێژینەوە، کارە کارگێڕییەکان، و خزمەتگوزارییەکانی قوتابیان.

کەلتوری بەرپرسیارێتی و کارایی: بەهێزکردنی بەرپرسیارێتی دامەزراوەیی بە دانانی دڵنیایی جۆری وەک بەشێکی ئاساپی لە کارەکان، لە ڕێگەی هاندان بۆ بڕیاردان لەسەر بنەمای زانیاری، و پابەندبوونی گشتیی زانکۆ بە نایابی، بەرپرسیارێتی، و پلاندانان لەسەر بنەمای ئەنجام.

گونجان لەگەڵ ستانداردە نیشتیمانی و نێودەوڵەتییەکان: دڵنیاییدان لەوەی کە هەموو چالاکییەکانی زانکۆ لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵان و گونجاون لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکان، بەتایبەتی ستانداردە ئەوروپییەکان(ESG) و پێواژوی بۆلۆنیا. ئەمەش بەشداریکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان، شەفافییەت لە پرۆگرامەکان، فێربوونی فێرخواز-سەنتەری، هەڵسەنگاندنی ئاکامەکانی فێربوون و ئامادەیی بۆ پێداچوونەوەی دەرەکی لەخۆدەگرێت.

هەماهەنگیی ستراتیژی: دڵنیابوونەوە لەوەی پرۆسەکانی دڵنیایی جۆری لەگەڵ پلانی ستراتیژی، ئامانج و پەیامی زانکۆ یەکخراون، کارکردن لەسەر بنەمای بەڵگە، بەگەڕخستن و ڕێکخستنی سەرچاوەکان و بەڕێوەبردنی کارایی مسۆگەردەکەن.

بەشداریکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان: ئاسانکاریکردن لە بەشداریپێکردنی قوتابیان، مامۆستایان، دەرچووان، دامەزرێنەران، و پسپۆرە دەرەکییەکان لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری، پەرەپێدانی خاوەندارێتی هاوبەش بۆ کوالێتی پەروەردەیی و گەشەپێدانی دامەزراوەیی.

ئامادەیی بۆ متمانەبەخشین: ڕێبەرایەتیکردنی ئامادەکارییەکان بۆ بەشداربوون لە پرۆسەکانی متمانەبەخشینی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی، بە پەرەپێدانی میکانیزمێکی بەهێزی هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی، هەماهەنگی کردارە دامەزراوەییەکان لەگەڵ ستانداردەکانی متمانەبەخشین و پاراستنی بەڵگە و دۆکیومێنتەکانی پەیوەست بەکوالێتی.

ئەرکەکانی SCQA

لێژنەی پەڕەپێدانی دڵنیایی جۆری(SCQA) لە زانکۆی سۆران بەرپرسیارە لە چاودێریکردنی سیستەمی ناوخۆیی دڵنیایی جۆری زانکۆ و دڵنیایی دەدات لە هەماهەنگی لەگەڵ ئامانجە دامەزراوەییەکان و چاوەڕوانییە دەرەکییەکان. بە شێوەی وەرزی پلان و ڕاپۆرتەکانی خۆی بۆ لێژنەی دڵنیایی کاریگەری دامەزراوەیی بەرزدەکاتەوە. لێژنەکە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەردەوامیدان و پێشخستنی کارایی دامەزراوەیی بە ئەنجامدانی ئەم کارە ستراتیژییانەی خوارەوە:

سەرپەرشتی و چاودێری: لێژنەکە ڕێبەرایەتی دامەزراوەیی دڵنیایی جۆری دەکات بە هەماهەنگکردنی پەڕەپێدانی پەیڕەو، چاودێری کارایی و گونجان لەگەڵ پلانی ستراتیژی لەسەر بواری ئەکادیمی و توێژینەوەیی و کارگێڕییەکاندا.

پشتگیریکردنی پلاندانانی ستراتیژی: لێژنەکە ڕێنمایی یەکخستنی بنەماکانی دڵنیایی جۆری لە پرۆسەکانی پلاندانانی ستراتیژی زانکۆدا دەکات. دڵنیایی دەدات لەوەی کە ئامانجە دامەزراوەییەکان هەماهەنگن لەگەڵ لەپێشینە نیشتیمانییەکان و ستاندارد نێودەوڵەتییەکان.

زەمینەسازی متمانەبەخشین: لێژنەکە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە ئامادەکردنی زانکۆ بۆ پرۆسەکانی متمانەبەخشین بە دڵنیاییدان لەوەی کە کردارە دامەزراوەییەکان گونجاون لەگەڵ دەستەی متمانەبەخشینی کوردستان بۆ پەروەردە و خوێندنی باڵا (KAAE) و ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و ستانداردەکانی ESG و بنەماکانی پێواژوی بۆلۆنیا.

ڕاستگۆیی دامەزراوەیی و بڕیاردان: ئەم لێژنەیە بڕەو بە کەلتوری شەفافییەت، گشتگیری، و بڕیاردان لەسەر بنەمای بەڵگە دەدات. دڵنیایی دەدات لەوەی کە پرۆسەکانی دڵنیایی جۆری بەشدار دەبن لە متمانەی دامەزراوەیی و لایەنە پەیوەندیدارەکان و تۆکمەی ئەکادیمی.

پەرەپێدانی تواناکان و پەیوەندیکردن: لێژنەکە بڕەو دەدات بە توانای دامەزراوەیی بە پشتگیریکردنی گەشەپێدانی پیشەیی کارمەندانی بەشدار لە کاروباری کوالێتی لە ڕێگای ئاسانکردنی پەیوەندیکردن و هاوکاری لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان.

بەرپرسیارێتییەکانی SCQA

لێژنەی پەڕەپێدانی دڵنیایی جۆری(SCQA) لە زانکۆی سۆران بەرپرسیارە لە پەڕەپێدان، چاودێری و باشترکردنی سیستەمی ناوخۆیی دڵنیایی جۆری و ئامادەکردنی پلان و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی وەرزی بۆ لێژنەی دڵنیایی کاریگەریی دامەزراوەیی. بەرپرسیارێتییەکانی بریتین لە ئەمانەی خوارەوە:

پەرەپێدانی پەیڕەو: دارشتن و پێداچوونەوەی پەیڕەو و وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی زانکۆ لە ڕێگەی لێژنەی دڵنیایی کاریگەریی دامەزراوەیی و پەسەندکردنی ڕێکار و ستانداردەکانی دڵنیایی جۆری کە هەماهەنگ بن لەگەڵ یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و مەرجەکانی متمانەبەخشین، ڕێنماییەکانی ESG و پێواژوی بۆلۆنیا. هەروەها دڵنیایی دەدات لەوەی کە ئەم پەیڕەوانە بەدەدەن بە یەکدەستی لە کارکردن، شەفافییەت و بەرەوپێشبردنی بەردەوام.

چاودێری بەڕێوەبردن: چاودێری ستراتیژی بۆ جێبەجێکردنی دڵنیایی جۆری بەسەر هەموو یەکەکانی زانکۆدا.
دڵنیایی دەدات لەوەی کە کارەکانی دڵنیایی جۆری بە دامەزراوەیی کراون و هەماهەنگن لەگەڵ ڕێنماییەکانی زانکۆ لە چوارچێوەی ئامانجە ستراتیژییەکان.

ستراتیژی هەڵسەنگاندنی پڕۆگرام: دانان و پێداچوونەوەی بەردەوامی ستراتیژی هەڵسەنگاندن بۆ تەواوی پڕۆگرامەکان لە ڕێگەی دیاریکردنی میکانیزمی ڕوون بۆ هەڵسەنگاندنی ئامانجەکانی فێربوونی پڕۆگرام(PEOs)، ئاکامەکانی فێربوونی پڕۆگرام (SLOs) و هەماهەنگی لە پڕۆگرامی خوێندن(مەنهەج). چاودێریی جێبەجێکردنی هەموو پڕۆگرامەکانی پلە یەک و دوو (بەکالۆریۆس و ماستەر) دەکات، دڵنیایی دەدات لە یەکگرتوویی، کاریگەریی و گونجان لەگەڵ ستانداردەکانی کوالێتی.

وردبینی و هەڵسەنگاندن: هەماهەنگی و هاوکاریکردنی دەزگا نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ وردبینی و هەڵسەنگاندنی پڕۆگرامە ئەکادیمییەکان و خزمەتگوزارییەکان. دڵنیایی دەدات لەوەی کە ئەم هەڵسەنگاندنانە ورد و شەفافن و بەکاردێن و پێویستن بۆ بەرەوپێشبردنی بەردەوام.

بەرەوپێشبردنی بەردەوام: شیکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندن، ڕاپرسی و ڕاپۆرتەکانی وردبینی. پێشنیازکردنی ستراتیژی کارا و ڕێکار بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانی کوالێتی ئەکادیمی و کێشەکانی جێبەجێکردن و پەرەپێدانی فێربوون و گەشەپێدانی دامەزراوەیی.

ئامادەکاری بۆ متمانەبەخشین: ڕێبەرایەتی و هەماهەنگکردنی ئەو هەوڵانەی پەیوەستن بە پڕۆسەی متمانەبەخشینی دامەزراوەیی و پڕۆگرامەکان لە ئاستی نیشتیمانی و نێودەوڵەتیدا. دڵنیاییدان لە ئامادەکاریی تەواو بۆ بەبەڵگەکردنی پابەندیی زانکۆ بە ستانداردە داواکراوەکان.

هاوکاری و یەکخستن: پەرەپێدانی کاری بەیەکەوەیی لەنێوان فاکەڵتییەکان، بەشە ئەکادیمییەکان، یەکە کارگێڕییەکان، و لایەنە پەیوەندیدارە دەرەکییەکان بۆ دڵنیاییدان لە یەکخستنی کارەکانی دڵنیایی جۆری لە پڕۆسە ئەکادیمی و کارگێڕییەکاندا.

ڕاهێنان و پەرەپێدانی تواناکان: ڕێکخستنی وێرکشۆپ، ڕاهێنان، سیمینار بۆ بەرزکردنی ئاسیتی وشیاری، زانیاری و توانای مامۆستایان و کارمەندان لە جێبەجێکردنی کارەکانی دڵنیایی جۆری و پڕۆسەی متمانەبەخشین.

بە بەڵگەکردن و ڕاپۆرتکردن: دڵنیاییدان لە بە بەڵگەکردنی سیستەماتیکی چالاکییەکانی دڵنیایی جۆری و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت لە کاتی خۆی بۆ لیژنەی دڵنیایی کاریگەریی دامەزراوەیی و لایەنە پەیوەندیدارەکان. پاراستنی تۆمارەکانی دڵنیایی جۆری بە شێوەیەکی ورد، پارێزراو و دەستپڕاگەیشتوو بۆ گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان بە پێی پەیوەندی.

هەماهەنگیی ستراتیژی: دڵنیاییدان لەوەی کە دەستپێشخەری و ئەنجامەکانی دڵنیایی جۆری بە شێوەیەکی کاریگەر بەستراونەتەوە بە پلانی دامەزراوەیی، بودجە و کرداری تەرخانکردنی سەرچاوەکان.

چارەسەرکردنی ناکۆکی: کارکردنی بێلایەنانە بۆ چارەسەرکردنی کێشە یان ناکۆکییەکان کە پەیوەستن بە دڵنیایی جۆری، هەروەها پەرەپێدانی دادپەروەری و بڕیاردان لەسەر بنەمای بەڵگە.

پەیوەندیکردن و شەفافییەت: بڵاوکردنەوەی پەیڕەوەکان، دواگۆڕانکارییەکان، ئەنجامەکان و پێشنیازەکانی دڵنیایی جۆری بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بە شێوەیەکی ڕوون و شەفاف، لە کاتی خۆی و بە شێوەیەکی دەستپێڕاگەیشتوو.

ڕۆڵی ڕاوێژکاری: پێشکەشکردنی پێشنیاز بۆ لیژنەی دڵنیای کاریگەریی دامەزراوەیی زانکۆ لەسەر بابەتە ستراتیژییەکانی کوالێتی، مەترسییەکان، دەرفەتەکان بۆ باشترکردن و هەماهەنگی لەگەڵ پەرەسەندنە نێودەوڵەتییەکان لە کوالێتیی خوێندنی باڵا.

بەرپرسیارێتییەکانی ئۆفیسی SCQA

ئۆفیسی SCQA وەک لایەنی کارگێڕی و ڕاپەراندنی لیژنەی پەرەپێدانی دڵنیایی جۆری خزمەت دەکات. دڵنیایی دەدات لەوەی کە کارەکانی لیژنەکە بە شێوەیەکی کاریگەر و بەپێی ڕێکارەکان و چاوەڕوانی و پەیڕەوەکانی زانکۆ جێبەجێ دەکرێن. بەرپرسیارێتییە سەرەکییەکانی بریتین لە:

١- ئامادەکردن و ڕێکخستنی کۆبوونەوەکان

-ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی کارنامەی کۆبوونەوە بۆ هەموو ئەندامانی SCQA بەلانی کەم هەفتەیەک پێش کاتی دیاری کراو. دڵنیاییدان لە ڕوونی و کاتی تەواو بۆ پێداچوونەوە.

- ڕێکخستن و هەماهەنگی لۆجستیک(پێویستییەکان)ی کۆبوونەوەکانی SCQA، لەوانە ئامادەکردنی شوێن، لایەنە تەکنیکی و بەردەستکردنی بەڵگەنامە پێویستەکان.

- ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ڕەشنووسی هەر کۆبوونەوەیەک پاش پێداچوونەوە و پەسەندکردنی لەلایەن سەرۆکی لیژنە.

٢- بەڕێوەبردنی بەڵگەنامەکان

- پاراستنی ئەرشیفی دیجیتاڵی ڕێکخراو لە هەموو بەڵگەنامە پەیوەندیدارەکان، لەوانە ئەنجامی کۆبوونەوە، کارنامەکان، ڕاپۆرتەکان و پەیوەندییە فەرمییەکان، بە بەکارهێنانی گوگل درایڤی زانکۆ.

- دڵنیاییدان لە پۆلێنکردنی ورد، هەڵگرتنی پارێزراو و دەستڕاگەیشتنی تەواو بە بەڵگەنامەکانی دڵنیایی جۆری، وەک بنەمای شەفافییەت و ئامادەیی بۆ وردبینی.

٣- پەیوەندیکردن

-بەرپرسە لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی SCQA، لە ڕێگای هەماهەنگی لەنێوان ئەندامانی لیژنەکە و پەیوەندیکردن لەگەڵ سەرۆکایەتی زانکۆ، مامۆستایان، یەکە کارگێڕییەکان و لایەنە پەیوەندیدارە دەرەکییەکان.

- بەڕێوەبردنی ئیمەیڵی فەرمی(su.SCQA@soran.edu.iq) و دڵنیاییدان لەوەی کە هەموو کارەکان لە ڕێگەی کەناڵە فەرمییەکانی زانکۆوە ئەنجام دەدرێن.

٤. پابەندبوون و نهێنی پارێزی

-چاودێریی پابەندبوون بە پڕۆتۆکۆڵەکانی کۆبوونەوە، ڕێکارەکانی پەیوەندیکردن و ستانداردەکانی بە بەڵگەنامەکردن.
- دڵنیاییدان لەوەی کە بەڵگەنامە چاپکراو و هەستیارەکان بە پارێزراوی دەمێننەوە پاش کۆبوونەوەکان و تەنانەت دوای کۆتاییهاتنی ئەرکی ئەندامییەتی لە لیژنەکە، هەموو پەیڕەوەکانی تایبەت بە زانیاری و نهێنیەکان ڕێزیان لێدەگیرێت.
٥. بەدواداچوون
-بەدواداچوون بۆ هەنگاوە کردەیی و بڕیارەکان لە هەر کۆبوونەوەیەک و دڵنیابوونەوە لە جێبەجێکردنیان.
- ڕێکخستن و بەدواداچوون بۆ کارکردن بە ڕۆژڕمێری چالاکییەکانی SCQA، ڕێکەوتەکان و خشتەی ڕاپۆرتکردن.

٦- پاڵپشتیی کارەکانی دڵنیایی جۆری
- یارمەتیدان لە ڕێکخستنی وێرکشۆپ، خولی ڕاهێنان، پرۆسە جیاوازەکانی هەڵسەنگاندن و چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە متمانەبەخشین لەژێر ڕێنمایی لیژنەکەدا.
- پاڵپشتیی پرۆسەی چاودێری و ڕاپۆرتکردنی جێبەجێکردنی ستراتیژی هەڵسەنگاندنی پرۆگرامە ئەکادیمییەکان زانکۆ و دەستپێشخەرییەکانیتری دڵنیایی جۆری.

شێوازی پەیوەندیکردن

هەموو پەیوەندیکردن و بە بەڵگەنامەکردنێکی فەرمی پەیوەست بە لیژنەی پەڕەپێدانی دڵنیایی جۆری(SCQA) تەنیا لە ڕێگەی ئیمەیڵی زانکۆی سۆرانەوە ئەنجام دەدرێت. ئیمەیلی دیاریکراو بۆ کارەکانی SCQA ئەمەیە: su.scqa@soran.edu.iq، کە لەلایەن ئۆفیسی لیژنەکەوە بەڕێوەدەبرێت و چاودێری دەکرێت.
هەموو ئەندامانی SCQA پێویستە ئیمەیلی فەرمیی زانکۆ بەکاربهێنن بۆ هەموو کارەکانی پەیوەست بە لیژنەکە. بۆ دڵنیاییدان لە پارێزراوی، نهێنی پارێزی و بەرپرسیارێتی دامەزراوەیی، بەکارهێنانی هەژماری کەسیی(ئیمەیلی تایبەت) قەدەغەیە. هەموو بەڵگەنامە هاوبەشکراوەکان، وەک کارنامەکان، ئەنجامەکان و ڕاپۆرتەکان، لە ڕێگەی پلاتفۆرمە فەرمییە دیجیتاڵییەکانی زانکۆوە بڵاو دەکرێنەوە و ئەرشیف دەکرێن، بەتایبەتی گوگڵ وێرکسپەیس.

بەرنامەی کاری کۆبوونەوە(Agenda):

بۆ دڵنیابوونەوە لە ئامادەکارییەکی کاریگەر بۆ کۆبوونەوەکان و وردبینییەکی ڕێکخراو، پێویستە ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بۆ بەڕێوەبردنی کارنامە ڕەچاو بکرێن:

1- دەبێت لە ناونیشانی بەرنامە ڕوون بکرێتەوە، کۆبوونەوە ئاسایی یان نائاسایی(ad hoc)ە.
2- بەرپرسی ئۆفیسی SCQA هەژماری ئیمەیلی SCQA بەڕێوەدەبات و چاودێری هەموو بەڵگەنامە پەیوەندیدارەکان دەکات.
3- سەرۆکی لیژنە بەرپرسە لە دانانی بەرنامەی کۆبوونەوەکە.
4-پێویستە کڵێشەی بەرنامەی کاری کۆبوونەوە QF-DQA-xx Meeting Agenda Template بەکاردەهێنرێت.
5- هەموو ئەو بابەتانەی لە کۆبوونەوەدا گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت دەبێت لە بەرنامەدا بنووسرێن.
6- بابەتەکانی بەرنامەی کاری کۆبوونەوە دەبێت بە ژمارە و بە دوای یەکتر ڕیزبکرێن.
7- بۆ هەر بابەتێکی بەرنامەی کاری کۆبوونەوە دەبێت کاتی گونجاو تەرخانبکرێت (وەک: ١٠:٠٠ ب.ن – ١٠:٣٠ ب.ن).
8- پێویستە پوختەیەکی کورت لەسەر هەر بابەتێکی بەرنامەی کار هەبێت کە لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.
9- بەرنامەی کۆبوونەوە دەبێت بەلای کەمەوە یەک هەفتە پێش کۆبوونەوەکە بگاتە هەموو ئەندامانی لیژنە.
10- پێویستە بەدوادچوونێکی خێرا بکرێت بۆ ئەرک و ڕاسپێردراوەکانی ئەندامەکان لە کۆبوونەوەی پێشووتر و لە بەرنامەی نوێدا جێی بکرێتەوە.

ئاگاداری بۆ بەشداربووان لە کۆبوونەوە:(NOTICE TO ATTENDEES)

هەموو ئەندامان دەبێت لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا وەڵامی بانگهێشتی ئۆفیسی SCQA بدەنەوە.

ئەگەر ئەندامێک ناتوانێت بەهۆی دۆخێکی نەخوازراوەوە بەشداری کۆبوونەوەکە بکات، دەبێت بە ڕوونکردنەوەیەکی کورت و بە خێرایی لە ڕێگەی ئیمەیلێک بە ناونیشانی "مۆڵەت" بەرپرسی ئۆفیس ئاگاداریکاتەوە.

کۆبوونەوە ئاساییەکانی لیژنە بە شێوەی مانگانە بەڕێوەدەچێت و دوای پێکهێنانی لیژنەکە ڕۆژێکی هەفتەی دووەمی هەموو مانگێک بۆ کۆبوونەوەی ئاسایی دیاری دەکرێت.

لە هەندێ کاتدا، ئەگەر بابەتێکی خێرا و حاڵەتێکی نەخوازراو هەبێت، سەرۆکی لیژنە دەتوانێت ئەندامان بانگهێشتی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بکات.

لە ئەگەری ئەوەی ئەندامێک دەستەکارکێشانەوەی لە لیژنەکە پێشکەش بکات، دەبێت نامەی دەستەکارکێشانەوەی فەرمی بە نووسراو پێشکەش بە سەرۆکی SCQA بکرێت. دەستەکارکێشانەوەکە دەبێت پشتڕاستکردنەوەی ئەستۆپاکی لەگەڵدا بێت، دوای ئەوەی ئەندامەکە بە فەرمی لە بەشداریکردنی کۆبوونەوەکان وەستاوە.

بەشداریکردن لە کۆبوونەوە:(ATTENDANCE)

ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی SCQA بەرپرسیارێتییەکی پیشەیی و گرنگە بۆ بەڕێوەبردنێکی کاریگەرانە، بۆیە پێویستە هەموو ئەندامان:

- وەڵامی بانگهێشتنامەی کۆبوونەوەکان لە ماوەی دوو ڕۆژی کارکردندا بدەنەوە.
- ئاگاداری بە پاساوێکی دروستەوە لە کاتی خۆیدا بدەن ئەگەر نەیانتوانی ئامادەبن.
- تێبینی بکەن کە بانگهێشتنامە ڕەتکراوەکان بە فەرمی وەک داوای لێبوردن لە کۆنووسی کۆبوونەوەکەدا تۆمار دەکرێن.

SCQA بە شێوەیەکی ئاسایی لە یەکەم یەکشەممەی هەر مانگێکدا کۆدەبێتەوە. سەرۆک دەتوانێت داوای کۆبوونەوەی زیاتر بکات لە وەڵامی ئەو بابەتە بەپەلانەی کە پێویستییان بە سەرنجی خێرا هەیە.

بۆ هێشتنەوەی کاریگەریی لیژنەکان، پابەندبوون بە بەشداری چالاکانە و لە کاتی خۆیدا چاوەڕوانکراوە. ئەو ئەندامانەی کە بەردەوام بەبێ هۆکارێکی ڕەوا بەشداری کۆبوونەوەکان ناکەن، دەتوانرێت لەلایەن سەرۆک و بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆرییەوە پێداچوونەوە و بەدواداچوونیان بۆ بکرێت.

ئاگاداری بۆ بەشداربووان لە کۆبوونەوە:(NOTICE TO ATTENDEES)

بۆ کۆبوونەوە ئاساییەکان پێویستە بەشداربووان بەلای کەمەوە یەک هەفتە پێش کۆبوونەوە ئاگادار بکرێنەوە، بۆ کۆبوونەوە نائاساییەکان ئاگادارکردنەوەکە بە لای کەمەوە ٢٤ کاتژمێر پێشتر بگاتە بەشداربووان.

- ئاگادارکردنەوەکە دەبێت لە ڕێگەی ئیمەیلەوە بێت، لەگەڵ ئیمەیلەکەدا بەرنامەی کاری کۆبوونەوە و هەر بەڵگەیەکی پەیوەندیداری دیکە ئەگەر هەبێت، نێردرابێت.

ئەرکەکانی سەرۆکی لیژنە لە کاتی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە

لە کاتی کۆبوونەوە، سەرۆکی لیژنە ئەم ئەرکانە دەکەوێتە ئەستۆ:

- کۆبوونەوە لە کاتی دیاریکراوی خۆی دەست پێبکات.
- لیستی ناوی ئەو بەڕێزانە بخوێنێتەوە کە داواکاری مۆڵەتیان ناردووە.
- دڵنیابێتەوە لەوەی کە کۆبوونەوەکە بە پێی ئەو بەرنامەی کارەی کە تۆمارکراوە، بەڕێوەدەچێت.
- دڵنیابوون لە بەڕێوەچوونی گفتوگۆیەکان لە کەشێکی لەبار.
- هاندانی بەشداربووان بۆ بەشداریکردنی چالاکانە و دەربڕینی بۆچوونەکانیان لەسەر بابەتەکان.
- دڵنیابێت لەوەی گفتوگۆکان بە تەواوی لە لایەن بەشداربوویەک بەدەست نەگیرێت یان بەرانبەرانی تر بترسێنێت.
- یەکلایی کردنەوەی ئەو بابەتانەی لە بەرنامەی کاردا هاتوون و لەلایەن زۆرینەی بەشداربووانەوە پەسەند بکرێن.
- خستەنەڕووی هەنگاوەکانی داهاتوو بۆ هەموو بەشداربووان.
- ڕای بەشداربووان بە هەند وەربگیرێت و لە یەهای هیچ بیر و بیرۆکەیەک کەم نەکرێتەوە.

- هەر بەرکەوتنێک لە نێوان بەشداربووان، دەبێت بەخێرایی چارەسەر بکرێت.
- هەموو بەشداربووان لە کاتی بڵاوکردنەوەی کۆنووسەکان ئاگادارببکرێنەوە.
- پێویستە سەرۆکی لیژنە واژۆ لەسەر بەڵگەنامە فەرمییەکان و تۆماری کۆنووسە پەسەندکراوەکان بکات.
- کۆبوونەوە دەبێت لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا کۆتایی پێ بێت.

کۆنووسی کۆبوونەوە

- دەبێت کۆنووسی کۆبوونەوە بە بەکارهێنانی فۆرمی QF-SCQA-xx تۆمار بکرێت.
- ناوی فایلەکە دەبێت بە شێوەی خوارەوە بپارێزدرێت: کۆنووسی- ناونیشانی کۆبوونەوە-ڕێکەوتی کۆبوونەوە.
- بەرپرسی ئۆفیسی SCQA بەرپرسی نووسینی کۆنووسی کۆبوونەوەیە.
- هەموو کۆنووسی کۆبوونەوەی SCQA دەبێت لە **SU Google Workspace Drive** تۆمار بکرێن بۆ هاوبەشیکردن، پێداچوونەوە و تەواوکردنیان، دوای ئەمە دەبێت ئەرشیف بکرێن.
- گشت پەیوەندییەکان دەبێت تەنیا بە هەژماری فەرمیی ئیمەیلی زانکۆی سۆران(SU) بکرێن.
- کۆنووسی کۆبوونەوە دەبێت بە واژۆی سەرۆک بێت.

ڕێنمایی بۆ نووسەری کۆنووسی کۆبوونەوە:(Guidance to the minute taker)

دەبێت ئەم بابەتانە لە کۆنووسی کۆبوونەوەدا هەبێت:

- ڕێکەوت و کاتژمێری کۆبوونەوە.
- شوێنی کۆبوونەوە.
- ناوی سەرۆک و بەشداربووانی کۆبوونەوە و ئەوانەی نەیتوانیان بەشداربن(ئەگەر هەموو بەشداربووان ئامادەبن، بنوسە: «هیچ» یا «Nil»).
- بەرنامەی کۆبوونەوە و پوختەیەکی کورت لە گفتوگۆییەکان لە کاتی بەرێوەچوونی گفتوگۆ وەک تێبینی بنووسرێت، پێویست نییە کۆی گفتوگۆیەکان وشە بە وشە تۆماربکرێت.
- ئەو هەنگاوانەی بۆ پەسەندکردنی هەر بابەتێک ئەنجام دەدرێن و چۆنیەتی چارەسەری گرفتەکان و ڕێکارەکان تۆمار بکرێن و پێویستە لە کاتی پەسەندکردنی بڕیارەکان بڵاو بکرێنەوە.

بڵاوکردنەوەی کۆنووسی کۆبوونەوە

- ڕەشنووسەکە دەبێت بۆ هەموو بەشداربووان بڵاوبکرێتەوە لە ماوەی یەک هەفتە لە دوای کۆبوونەوە.

- هەموو بەشداربووان دەبێت ماوەی ٤٨ کاتژمێریان هەبێت بۆ پێداچوونەوە و چاککردنەوە پێش تەواوبوونی ڕەشنووسی کۆنووسەکە بە شێوەی فەرمی.

ناردنی ڕەشنووسی کۆنووسی کۆبوونەوە

- ڕەشنووسی کۆنووسی کۆبوونەوەکە دەبێت لە ماوەی یەک هەفتە لە دوای کۆبوونەوە بۆ سەرۆکی لیژنە بنێردرێت بۆ پێداچوونەوە و ڕەزامەندی.
- سەرۆک دەبێت پێداچوونەوە بە ڕەشنووسەکە بکات بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە بە ڕاستی و ڕاستەقینە وەرگیراوی گفتوگۆ و بڕیارەکانی کۆبوونەوەکەیە.
- سەرۆک دەبێت لە ماوەی دوو ڕۆژدا ڕەشنووسی کۆبوونەوەکە پەسەند بکات.
- پاش ڕەزامەندی ناوی فایلەکە دەبێت بە شێوەی خوارەوە بپارێزدرێت: **Approved Minutes**_ناونیشانی کۆبوونەوە_ڕێکەوتی کۆبوونەوە
- ئەم بەڵگەنامەیە دەبێت لەسەر سێرڤەری لیژنەکە تۆمار بکرێت لە فۆڵدەرێکی تایبەت بە ناوی "**SCQA-Meeting Minutes**" لەسەر Google Drive یەکەی SU.SCQA@soran.edu.iq
- ئەم فۆڵدەرانە بە شێوەی خوێندنەوە**Read-only** هاوبەش دەکرێن بۆ هەموو ئەندامانی SCQA، بەبێ مۆڵەت بۆ چاککردنەوە، چاپکردن، یان دەستکاری کردن.

پرۆسەی دەنگدان لە کۆبوونەکانی SCQA

لەسەر بنەمای شەفافییەت، بەرپرسیاریەتی و بڕیاردانی دیموکراسی، لیژنەی SCQA ی زانکۆی سۆران پرۆسەیەکی ڕێکخراوی دەنگدان بەکاردەهێنێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

- هەر ئەندامێک لە لیژنەکە، نوێنەرایەتی گروپێکی جیاوازی زانکۆ دەکات، دەبێت مافی دەنگدانی یەکسانی هەبێت.
- پێش دەنگدان، گفتوگۆی کۆتایی دەکرێت بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنی تەواو لە بابەتەکە.
- دوای ئەوەی هەموو ڕاوبۆچوونەکان لەبارەی بابەتەکە پێشکەش کران، بڕیار بۆ دەنگدان دەدرێت.
- ئەندامان دەنگ دەدەن بە یەکێک لە هەڵبژاردنەکانی: «بەڵێ»، «نەخێر»، یان «بێلایەن (Abstain)».
- ئەنجامی دەنگدان بە زۆرینەی سادەی ئامادەبووان(Simple Majority) دیاری دەکرێت.
- ئەنجامەکە بەرزدەکرێتەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو.
- هەموو ئەندامان دەبێت ڕاستگۆیی لە پرۆسەی دەنگدان بپارێزن، ڕێز لە بۆچوونی هاوکارانیان بگرن و پێکەوە کاریکەن بۆ پەرەپێدانی ستانداردەکانی کارگێڕیی دامەزراوەیی زانکۆ.

نیسابی بەشداربووان بۆ کۆبوونەوە

بۆ دەستپێکردنی کۆبوونەوەکە پێویستە ژمارەی کەمترین بەشداربووانی کۆبوونەوە زیاتر لە ٥٠٪ ئەندامانی لیژنە بێت. ئەو ژمارەیەی دەنگدان پێویستی پێیە، دەبێت زیاتر بێت لە ٥٠٪ی ئەندامانی ئامادەبووی لیژنەکە لە کۆبوونەوەدا.

بەرپرسیارێتی ئەندامانی لیژنە لە ڕووی یاساییەوە

هەر دەرچوونێک یان پێشێلکارییەک لەم پەیڕەوە، بە پێی یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی حکومی و کەرتی گشتی ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

دەتوانرێت پەیوەندی بە SUPO بکرێت لەڕێگای su.supo.soran.edu.iq
پرسیار یان داواکاری پەسەندکردن بنێرن بۆ su.supo@soran.edu.iq

حکومەتی هەرێمی کوردستان -عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سۆران
نوسینگەی پەیڕەوەکان

ناونیشانی پەیڕەو :

لێژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی (SCSP)

Steering Committee for strategic plan

ئۆفیسی پەیوەندیدار: SUPO،DQA

زنجیرەی پەیڕەو:

وەشانی ژمارە:

رێکەوتی وەشان:

رێکەوتی بڵاوکراوەی سەرەکی:

ئیمەیڵ و ماڵپەڕ

su.supo@soran.edu.iq
supo.soran.edu

ناوی پەیڕەو:

لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی (SCSP)

زنجیرەی پەیڕەو:

وەشانی ژمارە: ٠٠

ڕێکەوتی وەشان:

مەبەستی پەیڕەو

مەبەست لەم پەیڕەوە پێکهێنانی لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژیە (SCSP) لە زانکۆی سۆران کە بەرپرس دەبێت لە دروستکردنی هەماهەنگی، بەڕێوەبردن و چاودێری دامەزراوەیی پلاندانانی ستراتیژی و داڕشتن و پەرەپێدانی پەیڕەوەکان. لیژنەی SCSP دڵنیایی دەدات لە بەردەوامیبوون و یەکدەستی لە جێبەجێبوونی پلانی ستراتیژی زانکۆ و داڕشتن و پەرەپێدانی پەیڕەوە دامەزراوەییەکان. ئەم پەیڕەوە پێکهاتە، ئەرک، ئەندامێتی و بەرپرسیارێتییەکانی لیژنەکە دیاری دەکات بۆ دڵنیابوون لە ئاستی بەرپرسیاریەتی و بەشداری تەواوی ئەندامانی لیژنەکە، و یەکانگیری و گونجانی لەگەڵ دید و پەیامی زانکۆدا.

پەیامی پەیڕەو

زانکۆی سۆران پابەندە بە دڵنیابوون لە هەبوونی پلانێکی ستراتیژی کاریگەر و پەیڕەوی دامەزراوەیی بەهێز. لە ڕێگەی پێکهێنانی ئەم لیژنەیەوە (SCSP)، زانکۆ دەتوانێت چاودێرییەکی تۆکمەی ئامانجە ستراتیژییەکانی بکات و پەیڕەوە دامەزراوەییەکانی پەرەپێبدات و پێیاندابچێتەوە و پەسەندیان بکات. ئەم پەیڕەوە جەخت لەسەر پابەندبوونی زانکۆ بە شێوازێکی بەڕێوەبردنی گشتگیر، پلاندانان لەسەر بنەمای بەڵگە و داتای پێویست، و بەرەوپێشچوونی بەردەوام دەکاتەوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بڕیارە ستراتیژییەکان و ئەوانەشی کە پەیوەستن بە سیاسەتی زانکۆ یەکانگیرن لەگەڵ کارە لە پێشینەییەکانی زانکۆ و بنەما و ستانداردە نیشتمانییەکانی خوێندنی باڵا.

پوختەی پەیڕەو

ئەم پەیڕەوە دەسەڵات و چوارچێوەی کارکردنی لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی SCSP دیاری دەکات، کە خۆی لە دوو ڕۆڵی سەرەکی دەبینێتەوە کە بریتین لە چاودێریکردنی پلانی ستراتیژی بۆ ماوەی دیاریکراوی پلانەکە، وە هەروەها چاودێریکردنی ڕێکار و هەنگاوەکانی داڕشتن و پەرەپێدانی پەیڕەوە دامەزراوەییەکان وجێبەجێبوونیان. ئەم پەیڕەوە بەرچاوڕوونی لە بارەی پێکهاتەی لیژنەکە، ڕێکارەکانی بڕیاردان، شێوازەکانی بە بەڵگەنامەکردن، و تەواوی بەرپرسیارێتییەکان دەدات کە پێویستە لە قۆناغە جیاوازەکانی داڕشتنی پلانی ستراتیژی و دانانی پەیڕەوەکان لەبەرچاوبگیرێن. لیژنەی SCSP وەک پێکهاتەیەکی بەڕێوەبردنی هەمیشەیی کاردەکات بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی، یەکگرتووبی، گونجان، و یەکانگیری لە نێو پڕۆسەکانی پەیوەست بە دانانی پلانی ستراتیژی و پەیڕەوەکان لە زانکۆدا.

چوارچێوەی پەیڕەو

ئەم پەیڕەوە پەیوەستە بە لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی SCSP و ئۆفیسی پەیوەندار، لەگەڵ سەرجەم یەکەکانی زانکۆ کە بەشدارن لە پڕۆسەکانی دانانی پلانی ستراتیژی وپێشنیازکردن، داڕشتن و پێداچوونەوەی پەیڕەوەکان و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنیان.

ناوی پەیرەو:

لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی (SCSP)

زنجیرەی پەیڕەو:

وەشانی ژمارە: ٠ ٠

رێکەوتی وەشان:

ئۆفیسی بەرپرس

ئۆفیسی پەیرەوەکان لە زانکۆ (SUPO)

بەرپرسی جێبەجێکار

سەرۆکی زانکۆی سۆران.

سەربوردەی پەیڕەو

- رێکەوتی پەسەندکردن:
- رێکەوتی هەمواکردنەوە:

لایەنی پەیوەندیدار

ئەو یەکە و بەڕێزانەی بەشدارن لە جێبەجێکردنی پەیڕەوەکە:

- ئەندامانی لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی (SCSP)
- ئۆفیسی پەیڕەوەکان لە زانکۆ (SUPO)
- سەرجەم یەکە ئەکادیمی و کارگێڕییەکان کە بەشدارن لە پرۆسەی دارشتنی پلانی ستراتیژی و پەیڕەوەکان

پێکهێنانی لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی (SCSP)

لیژنەی SCSP دوو جۆر ئەندامییەتی لەخۆدەگرێت کە هەندێکیان جێگیرن و ئەوانی تر ناجێگیرن و نوێنەرایەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن لە ناو لیژنەکەدا، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە لیژنەکە بەشێوەیەکی کاریگەر رێبەرایەتی دەکرێت و بەشداری گشتگیر لەخۆدەگرێت، ئەندامەکان بەگوێرەی هەبوونی بەرپرسیاریییەتی لە ئەرکە ئەکادیمی و کارگێڕییەکانەوە هەڵدەبژێردرێن.

ئەندامە جێگیرەکان پێکدێن لە:

- یاریدەدەرێکی سەرۆکی زانکۆ - سەرۆک
- بەرێوەبەری دڵنیایی جۆری
- بەرێوەبەری ئۆفیسی پەیڕەوەکان لە زانکۆ SUPO
- بەرێوەبەری دارایی
- بەرێوەبەری IT
- بەرێوەبەری کاروباری یاسایی

ئەندامە ناجێگیرەکان پێکدێن لە:

- دوو ڕاگر (هەردوو ساڵ جارێک بە شێوەی خولیی دیاریدەکرێن)
- نوێنەرێکی ستافی کارگێڕی (لەلایەن سەرۆکی زانکۆوە دیاریدەکرێت)
- نوێنەرێکی قوتابیان
- نوێنەرێکی دەرچووان
- نوێنەرێکی دەرەکی (لەلایەن سەرۆکی زانکۆوە دیاریدەکرێت)
- هەروەها کەسێکی شارەزا لە بواری پلانی ستراتیژی

ئەندامان لەسەر بنەمای ئەرکی دامەزراوەیی، ئەزموون، و ئامادەییان بۆ بەشداریکردن لەم لیژنەیە هەڵدەبژێردرێن. خولی ئەندامێتی هەر چوار ساڵ جارێک پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت، جگە لە ئەندامە جێگیرەکان.

ئەرکەکانی ئەم لیژنەیە

یەکانگیری و هەماهەنگی ستراتیژی: پێویستە کۆی کردە و بڕیارەکان لە ناو زانکۆ یەکانگیر و هەماهەنگ بن لەگەڵ پەیام و دیدی زانکۆی سۆران کە لەناو پلانی ستراتیژی هاتوون، وە هەروەها لەگەڵ ئەو بنەما و کارە لە پێشینەییانەی کە لە ئاستی نیشتمانی دیاریکراون.

ڕوونی و شەفافیەت: پرۆسەکانی پەیوەست بە پلاندانانی ستراتیژی و دارشتن و پەرەپێدانی پەیڕەوەکان پێویستە ڕوون و شەفاف و بە بەڵگەکراوبن و دەکرێ وردبینی و پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت.

بەشداری: بەشداری پێکردنی تێڕوانینە جیاوازەکانی ناو زانکۆ لە پرۆسەی بڕیاردانداً.

بەردەوامیبوون و پایاری: لیژنەکە دڵنیایی دەدات کە بە تێپەڕبوونی کات، پلان و پەیڕەوەکان چاودێری دەکرێن، پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت و نوێ دەکرێنەوە.

پابەندبوون: لیژنەکە دڵنیایی دەدات کە پلان و پەیڕەوە دامەزراوەییەکان لەگەڵ ستانداردەکانی متمانەبەخشینە دەگونجێن.

ڕاپۆرتی وەرزی: لیژنە بە شێوەی وەرزی ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی خۆی بۆ لیژنەی دڵنیایی کاریگەریی دامەزراوەیی بەرز دەکاتەوە بە مەبەستی ئاگاداربوون و پەسەندکردنی بۆ بەردەوامیدان.

ئامانجەکانی لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی SCSP

لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی (SCSP) دامەزراوە بۆ دڵنیایی دان لە شێوازی بەڕێوەبردن و مامەڵەکردن لەگەڵ دانان و داڕشتنی پلانی ستراتیژی و پەیڕەوەکان لە زانکۆ بەشێوەیەکی ڕێکخراو، هەماهەنگکراو، گشتگیر و سیستماتیک. ئامانجە سەرەکییەکانی لیژنەکە بریتین لە:

١. پلاندانانی ستراتیژی

- سەرپەرشتیکردنی داڕشتن، پێداچوونەوە و پەسەندکردنی پلانی ستراتیژی زانکۆ.
- چاودێریکردنی ئاستی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی لە تەواوی فاکەڵتی و بەڕێوەبەرایەتییەکان و یەکەکاندا.
- دڵنیابوون لەوەی کە کارە لەپێشینەییە ستراتیژییەکان یەکانگیرن لەگەڵ پەیام و دیدی زانکۆ، وە لەگەڵ بنەما، ستاندارد و ڕاسپاردەکانی دەزگا و دامەزراوەکانی دەرەوەی زانکۆ (بۆ نموونە، وەزارەتی خوێندنی باڵا، دەستەی متمانەبەخشین KAAE، ستانداردەکانی ESG).

٢. ئاڕاستەکردنی قۆناغە جیاوازەکانی پەیوەست بە پەیڕەوەکان

- چاودێریکردنی کۆی قۆناغە جیاوازەکانی پەیوەست بە پەیڕەوەکانی زانکۆ، لەوانەش پێشنیازکردن، داڕشتن، پێداچوونەوە، هەموارکردن، پەسەندکردن، هەڵوەشاندنەوە، و ئەرشیفکردن.
- دڵنیابوون لەوەی کە هەموو پەیڕەوەکانی زانکۆ لەگەڵ ئامانجە ستراتیژییەکاندا گونجاون، بەیەکەوە پەیوەستن و بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بەردەستن.

٣. یەکخستن و کاریگەری دامەزراوەیی

- یەکخستنی پلانی ستراتیژی لەگەڵ پرۆسەکانی پەیوەست بە کاریگەری دامەزراوەیی وەک دڵنیایی جۆری، بودجەدانان، بەڕێوەبردنی مەترسیەکان و هەڵسەنگاندنی ئەدای کارکردن.
- بەردەوان بە کەڵتووری بڕیاردان لەسەر بنەمای بەڵگە و داتا بەرەوپێشچوونی بەردەوامی زانکۆ.

٤. بەشداربێکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵیان

- فراوانکردنی ئاستی بەشداریکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە داڕشتنی پلانی ستراتیژی و پەیڕەوەکان.
- دڵنیابوون لەوەی کە زانیاریەکان سەبارەت بە ستراتیژییەکانی زانکۆ و چوارچێوە دامەزراوەییەکان بە ڕوونی گەیەندراون بە لایەنە پەیوەندیدارەکان .

ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەکانی لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی SCSP

لیژنە ئەم ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییانەی خوارەوەی لە ئەستۆدایە:

١. چاودێریکردنی پلاندانانی ستراتیژی

- دانان و پەسەندکردنی چوارچێوەی پلانی ستراتیژی و خشتەی کاتەکانی.
- ئاراستەکردنی دارشتن، جێبەجێکردن و پێداچوونەوەی پلانی ستراتیژی ٥ ساڵەی زانکۆ.
- پێداچوونەوە بە ڕاپۆرتەکانی دواین پێشڤەچوونەکان لە یەکە، بەڕێوەبەرایەتی و فاکەڵتییەکان و چاودێریکردنی پابەندبوون بە پێوەرە سەرەکییەکانی ئەدای کارکردن (KPIs)
- پێشنیارکردنی نوێکردنەوەی پلانی ستراتیژی لەسەر بنەمای پێشهاتە تازەکان، ئاستەنگەکان، یان ئەو فەرمان و ڕێنماییانەی لە دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی دەرەوەی زانکۆوە دەردەکرێن.

٢. ئاراستەکردنی قۆناغە جیاوازەکانی پەیوەست بە پەیڕەوەکان

- پێداچوونەوە و پەسەندکردنی پێشنیازەکان بۆ پەیڕەوی نوێ، هەموارکردنی پەیڕەوەکان، یان هەڵوەشاندنەوەیان.
- دەستنیشانکردنی تیم یان لیژنەی لاوەکی بۆ دارشتنی ڕەشنووسی پەیڕەوی نوێ بە هەماهەنگی لەگەڵ ئۆفیسی پەیڕەوەکان لە زانکۆ SUP.
- دڵنیابوون لەوەی کە هەموو پەیڕەوەکان لەسەر یەک کلێشەی ستاندارد و جێگیر دادەڕێژرێن و قۆناغ و هەنگاوە جیاوازەکانیان بە دروستی تێدەپەڕێنن و بە شێوەیەکی گونجاو ئەرشیف دەکرێن
- چاودێریکردنی جێبەجێکردنی پەیڕەوەکان و پێداچوونەوە بە شێوەی خولی بە هەموو پەیڕەوە بەرکارەکانی زانکۆ.

٣. هەماهەنگی و یەکخستن

- دڵنیابوون لەوەی کە گونجان و بەیەکەوە گرێدراوی هەیە لە نێوان ئامانجە ستراتیژییەکان، بڕیارەکانی پەیوەست بە سیاسەت و پەیڕەوەکانی زانکۆ و تەرخانکردنی سەرچاوەکان.
- گونجاندن و بەستنەوەی پلانی ستراتیژی و سیاسەتی زانکۆ لەگەڵ ئامانجە نیشتمانییەکان، ستانداردەکانی ESG و مەرج و پێویستیەکانی متمانەبەخشین.
- پاڵپشتیکردن لەو ئامادەکارییانەی کە لە ئاستی زانکۆوە دەکرێن بۆ پرۆسەی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی دەرەکی لە ڕێگەی گونجاندنی ستراتیژ و سیاسەتی زانکۆ لەگەڵ ئەو شێوازانەی کە بۆ هەڵسەنگاندن و چاودێریکردنی ئەدای کارکردن و بەڕێوەبردنی زانکۆ بەکاردێن.

٤. پەیوەندی و بونیادنانی تواناکان

- بەرزکردنەوەی هۆشیاری لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە پلانی ستراتیژی و پەیڕەوەکانی زانکۆ.
- رێکخستنی وێرکشۆپ، سیمینار، یان کۆبوونەوەی تایبەت بە گەیاندنی ستراتیژییەتی زانکۆ و گۆڕانکاری لە پەیڕەوەکان.
- پێشکەشکردنی رێنمایی و ڕەخساندنی دەرفەتی ڕاهێنان بۆ ئەو یەکە و بەڕێوەبەرایەتیانەی کە بەرپرسن لە کاروبارەکانی پەیوەست بە پلانی ستراتیژی و دارشتنی پەیڕەوەکان .

بەرپرسیارێتییەکانی ئۆفیسی لیژنەی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی SCSP

ئۆفیسی- لیژنەی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی SCSPلەژێر سەرپەرشتی ئۆفیسی- پەیڕەوەکان لە زانکۆ (SUPO) کاردەکات و وەک پێکهاتەیەکی کارگێڕی و لۆجستی لیژنەی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی SCSP ڕۆڵ دەبینێت. بەرپرسیارێتییەکانی بریتین لە:

١. رێکخستنی کۆبوونەوە

- دانانی خشتە و رێکخستنی کۆبوونەوەکانی لیژنە بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆکی لیژنە.
- ئامادەکردن و ناردنی کارنامەکان بە بەکارهێنانی کلیشەی فەرمی کارنامە (QF-SCSP-xx) بە لایەنی کەم هەفتەیەک پێش کۆبوونەوە.
- دڵنیابوون لەوەی کە بەڵگەنامە پێویستەکان لە کاتی گونجاو و بە شێوەیەکی رێکخراو بۆ ئەندامان دەنێردرێن.

٢. بە بەڵگەنامەکردن و ئەرشیفکردن

- تۆمارکردنی کۆنووسی فەرمی کۆبوونەوەکان بە بەکارهێنانی کلیشەی کۆنووسی تایبەت بە لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی (QF-SCSP-MM-xx).
- پێشکەشکردنی کۆنووسی کۆبوونەوە بە سەرۆکی لیژنە بۆ پەسەندکردنی لە ماوەی هەفتەیەک دوای کۆبوونەوەکە.
- ئەرشیفکردنی هەموو بەڵگەنامەکانی تایبەت بە کاروباری لیژنە SCSP (وەکو کارنامەکان، کۆنووسەکان، ڕەشنووسی پەیڕەوەکان، ڕاپۆرتەکان) لە گووگڵ درایڤی زانکۆدا و بەردەستکردنیان بە شێوەیەکی سنووردار و تەنیا بۆ ئاگاداربوون و خوێندنەوە.

٣. رێکخستنی پەیوەندی

- بەڕێوەبردنی ئیمەیلی فەرمی لیژنە SCSP (بۆ نموونە،su.SCSP@soran.edu.iq) بۆ هەموو پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.
- کارکردن وەک پردی پەیوەندی لە نێوان ئەندامانی لیژنە، ئەو تیمانەی پێکدێن بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی پەیڕەوەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی زانکۆ.

٤. بەدواداچوون و ڕاپۆرتکردن

- پاراستنی تۆمارێکی بەردەوام نوێکراو(ئەپدەیتکراو)ە بۆ هەموو دەستپێشخەری، پێشنیاز و پەیڕەوە پەسەندکراوەکان.
- چاودێریکردنی ئەو کار و ئەرکانەی کە بە یەکەکان سپێردراون، و بەدواداچوونکردن بۆ ئاستی جێبەجێکردنی بڕیار و ستراتیژییەکان.

٥. پشتگیری بۆ تیمەکانی دارشتنی پەیڕەوەکان

- یارمەتیدانی تیمەکان و لیژنە لاوەکییەکان کە پێکدەهێندرێن بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی پەیڕەوەکان لەڕووی ڕێکخستن و ڕێکاری دارشتنی پەیڕەوەکان.
- دڵنیابوون لە پابەندبوون بە پەیڕەوی تایبەت بە دارشتن و پەرەپێدانی پەیڕەوەکانی زانکۆ و بنەماکانی ناونانی پەیڕەوەکان.

ڕێکارەکانی کۆبوونەوە و بەڕێوەبردنی کارنامە

١. بەستنی کۆبوونەوەکان

- لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژیSCSP دەبێت لانیکەم دوو مانگ جارێک کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام بدات.
- دەکرێت کۆبوونەوە نائاسایی لەسەر داوای سەرۆکی لیژنە یان لە حاڵەتی پێویست بوون بە پەیڕەوێکی دیاریکراو ئەنجام بدرێت.

٢. دارشتنی کارنامە

- سەرۆکی لیژنە بە هاوکاری لەگەڵ ئۆفیسی_ لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی SUPO کارنامەی کۆبوونەوە دادەڕێژێت.
- دەبێت کارنامەکە بە ڕوونی ئاماژە بەوە بکات کە ئایا کۆبوونەوەکە ئاساییە یاخود نائاساییە.

- بۆ هەر برگەیەکی ناو کارنامە، پێویستە ڕوونکردنەوەیەکی کورت هەبێت لەگەڵ دەرئەنجامی چاوەڕوانکراو و کاتی تەرخانکراو.
- پێویستە برگە و کارە تەواونەکراوەکان کە لە کۆبوونەوەی پێشووتر بڕیاریان لەبارەوە درابوو بخرێنە ناو کارنامە.

٣. ناردنی کارنامە

- ئۆفیسی- لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی SCSP کارنامە و تەواوی بەڵگە پێویستەکان لانیکەم هەفتەیەک پێش کۆبوونەوەکە بۆ ئەندامان دەنێرێت.
- دوای ئەوەی کە کارنامەکە دەنێردرێت، ئەگەر هەر گۆڕانکاری و زیادکردنێکی لە ناکاو پێویست بێت بخرێتە ناو کارنامە، ئەوە پێویستی بە پێداچوونەوە و پەسەندی سەرۆکی لیژنە هەیە.

٤. ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە

- سەرۆکی لیژنە بەرپرسە لە دڵنیابوون لەوەی کە گفتوگۆکان لەسەر ڕێڕەوی دروست بەڕێوەدەچن و ئەندامان هاندەدرێن بۆ ئەوەی بەشداری کارایان هەبێت.
- ئۆفیسی- لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی SCSP بڕیارەکان، هەنگاوە کردارییەکان، و ئەنجامەکانی دەنگدان تۆمارەکات.
- بڕیارە پەسەندکراوەکانی پەیوەست بە ستراتیژیان پەیڕەوەکانی زانکۆ بە فەرمی بە یەکە و لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕادەگەیەنرێن.

ڕێکارەکانی دەنگدان

بڕیاردان لەناو لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی SCSP لەسەر بنەمای شەفافیەت، گشتگیری و یەکگرتووی دامەزراوەییەوە دەدرێن. ئەم ڕێکارانەی خوارەوە جێبەجێ دەکرێن:

١. نیسابی بەشداربووان بۆ کۆبوونەوە

بۆ دەستپێکردنی کۆبوونەوە پێویستە ژمارەی کەمترین بەشداربووانی کۆبوونەوە زیاتر لە ٥٠٪ ئەندامانی لیژنە بێت. ئەو ژمارەیەی دەنگدان پێویستی پێیە، دەبێت زیاتر بێت لە ٥٠٪ی ئەندامانی ئامادەبووی لیژنەکە لە کۆبوونەوەدا.

٢. مافی دەنگدان

- هەر ئەندامێک، جا جێگیربێت یان ناجێگیر مافی دەنگی یەکسانی هەیە.
- لە حاڵەتی یەکسانبووندا، سەرۆکی لیژنە دەنگی یەکلاکەرەوەی هەیە.

٣. بڕۆسەی دەنگدان

- بڕیارەکان دەکرێ لە رێگەی دەستهەڵبڕین، دەنگدان لە رێگەی ئیمێل، یان دەنگدانی ئەلیکترۆنی بدرێن.
- ئەندامان دەتوانن دەنگ بدەن بۆ پەسەندکردن، ڕەتکردنەوە، یان بێلایەن بوون لەسەر بڕیارێک یاخود پێشنیارێک.
- ئەنجامی دەنگدانەکان لە کۆنووسەکاندا تۆمار دەکرێن و بۆ هەموو ئەندامان بەردەست دەکرێن.

٤. تۆمارکردن و بە بەڵگەنامەکردنی بڕیارەکان

- پێویستە تەواوی بڕیارە پەسەندکراوەکان بە فەرمی تۆمار بکرێن، لەلایەن سەرۆکەوە واژۆ بکرێن و لە ئەرشیفی SCSP هەڵبگیرێن.
- ئۆفیسی. لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی SCSP بەرپرسە لە بەدواداچوون و گەیاندنی ئەنجامی دەنگدانەکان بە یەکە و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

پرۆسە و قۆناغبەندی دارشتنی پەیڕەوەکان

لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی SCSP بەرپرسە لە چاودێریکردنی تەواوی ئەو قۆناغانەی کە پێویستە دانان و دارشتنی پەیڕەوەکان لە زانکۆی سۆران پێیاندا تێببەڕن. ئەمەش ئەو چەند قۆناغەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

١. قۆناغی پێشنیازکردنی پەیڕەو

- هەر یەکە و لایەنێکی پەیوەندیدار دەتوانێت پێشنیازی:
  - دانانی پەیڕەوێکی نوێ بکات
  - هەموارکردنی پەیڕەوێک بکات
  - هەڵوەشاندنەوەی پەیڕەوێک بکات
- پێشنیازەکان دەبێت لە رێگەی بەکارهێنانی فۆرمی تایبەت بە پێشنیازکردنی پەیڕەوەکان (QF-SCSP-PP-xx)ئاراستەی ئۆفیسی لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی بکرێت.

٢. پێداچوونەوەی سەرەتایی و سپاردنی

- ئۆفیسی لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی SUPO پێداچوونەوە بە پەیڕەوە پێشنیازکراوەکە دەکات بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕووی، پەیوەندیداری و گونجانی لەگەڵ پەیڕەوە بەرکارەکانی.
- لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی SCSP تیمێک ڕادەسپێرێت، کە دەکرێ ئەمانەی خوارەوە تێیدا بەشداربن:

- کەسانی شارەزا لە بابەتەکە
- نوێنەرانی یەکە کاریگەرییە پەیوەندارەکان
- ڕاوێژکارانی یاسایی و دڵنیایی جۆری

- تیمەکە کلێشەی تایبەت بە پەیڕەکانیان پێدەدرێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی نووسینی پەیڕەوەکان.

٣. دارشتنی پەیڕەو و ڕاوێژکردن

- تیمی بەرپرس یان ڕاسپێردراو هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی پەیڕەوەکە و ڕاوێژ کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.
- ڕەشنووسەکە پێشکەش بە ئۆفیسی لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی SUPO دەکرێت بۆ پێداچوونەوەی تەکنیکی و دڵنیایبوون لەوەی کە مەرج و پێوەرەکانی نووسینی پەیڕەوەکانی تێدا ڕەچاوکراوە.
- تێبینییەکان یەکدەخرێن پێش ئەوەی پێشکەشی لیژنەی SCSP بکرێن.

٤. پێداچوونەوە و پەسەندکردنی پەیڕەوەکان لە لایەن لیژنەوە

- لیژنەی SCSP لە کۆبوونەوەیەکی فەرمیدا گفتوگۆ لەسەر ڕەشنووسەکە دەکات.
- دەکرێت پێش پەسەندکردنی کۆتایی داوای پێداچوونەوە بکرێت.
- کاتێک پەسەندکرا، پەیڕەوەکە:
  - ژمارەی تایبەت وەردەگرێت و تۆمار دەکرێت
  - لە لایەن سەرۆکی لیژنەوە واژۆ دەکرێت
  - لە دۆسیەی فەرمی پەیڕەوەکان هەڵدەگیرێت
  - دوای پەسەندکردنی لەلایەن لیژنەی دڵنیایی کاریگەریی دامەزراوەیی، بۆ هەموو یەکە و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەنێردرێت

٥. جێبەجێکردن و چاودێریکردن

- ئۆفیسی لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی SUPO ، بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکە پەیوەندیدارەکان، هەوڵی بڵاوکردنەوە و جێبەجێکردنی پەیڕەوەکان دەدەن.
- لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی SCSP پێویستە دڵنیابێت لەوەی کە پەیڕەوەکان بە لایەنی کەم هەموو پێنج ساڵ جارێک پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت، یانیش زووتر ئەگەر بارودۆخ وا پێویست بکات.

بەرپرسیارێتی ئەندامانی لیژنە لە ڕووی یاساییەوە

هەر دەرچوونێک یان پێشێلکارییەک لەم پەیڕەوە، بە پێی یاسای رێککاری فەرمانبەرانی حکومی و کەرتی گشتی ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

دەتوانرێت لە رێگەی su.supo.soran.edu.iq. پەیوەندی بە ئۆفیسی لیژنەی دڵنیایی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژییەوە بکرێ. پرسیارەکان یان داواکارییەکان بنێرن بۆ su.supo@soran.edu.iq

پاشکۆ:
وەرگێڕانی کوردی
وەرگێڕانی عەرەبی